# بەشی دووەم
# گەشەی دانیشتوانی شاری قەڵادزێ

## باسی یەکەم

# قۆناغەکانی گەشەکردنی دانیشتوان

ئەمڕۆ دانیشتوانی جیهان بەقۆناغێکی دیمۆگرافی جیاوازدا تێ دەپەڕێت ئەمەش خۆی دەنوێنێت لەخێرایی ڕێژەی گەشەی دانیشتوان لەلایەك و دروستبوونی ڕەنگدانەوەیەکی ئاشکرا لەسەر چەندین لەگۆڕانکاریە دیمۆگرافی و ئابووری وکۆمەلایەتی وسیاسی لەلایەکی ترەوە.[1] وەك ئاشکرایە جیهان لە قۆناغە قۆناغە مێژوویەکاندا گۆڕانکاریەکی ئاشکرای بەرزبوونەوەو نزم بوونەوەی دانیشتوانی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام ئاڕاستەکانی نوێی جیهان بریتیە لەزیادبوونی بەردەوامی ژمارەی دانیشتوان[2].

زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی شارەکان لەووڵاتە تازە پێگەیشتووەکان بۆتە بابەتێکی گرنگی جێگەی لێکۆڵینەوە لەلایەن پسپۆڕانی بواری دانیشتوان وکۆمەڵناسی، کەلەدیاردەی زیادبوونی دانیشتوان خێراترە[3]، بێگومان ئەم گەشەکردنە خێرایەی دانیشتوانی شارەکان بەبێ دانانی هیچ ڕێو شوێنێك یاخود چاودێریەکی شیاو ڕوویدا، ئەویش لەئاکامی گەشەکردنی خێرایی دانیشتوان وکۆچکردن لە گوندەوە بۆشار[4]، لە هەمان کاتیشدا شارەکانیان لێواو لێوبوون لەدانیشتوان بەشێوەیەك ناتوانرێ پێداویستیە

[1] خليل اسماعيل محمد، السكان و المسألة السكانية فى كردستان العراق، جامعة صلاح الدين، اربيل، ٢٠١٢، ص٣.

[2] طه حمادى الحديثى، جغرافية السكان، مديرية دار الكتب للطباعة و لنشر، جامعة الموصل، الموصل، ١٩٨٨، ص٢٨٩.

[3] ئەلیکساندەر دروزنیسکی، زیادبوونی دانیشتوانی وولاتە هەژارەکان، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە (٣)، ساڵی دووەم، سلێمانی، ١٩٩٣، ل١٤٧.

[4] فەلاح مستەفا بەکر، زۆربوونی دانیشتوان و چۆنیەتی دانانی ڕادەیەك بۆ زیادبوون، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە(٢) ساڵی یەکەم، هەولێر، ١٩٩٧، ل٥٩.

سەرەکیەکانیان بۆ دابین بکرێت[٥] هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا گوندەکانیان بەردەوام دانیشتوانی خۆیان دەدۆڕێنن بەشێکی گرنگیان بەرەو شارەکان کۆچ دەکەن، لەڕاستیدا ئەمەش باری سەر شانی وولاتە تازە پێگەیشتووەکانی قورستر کردووە[٦].

بێگومان لەگەڵ ئەو بەرزبوونەوە شارنشینیەی کە لەهەرێمی کوردستان ڕوویداوە، شاری قەڵادزێش دانیشتوانەکەی بەدرێژایی ماوەی لێکۆڵینەوە (١٩٥٧-٢٠٠٩) بەئاراستەی گەشەکردن هەنگاوی ناوە، بەڵام جوگرافیا تەنها کاری دەستنیشانکردنی قەبارەی دانیشتوان نیە، بەڵکو لەهەمانکاتدا هەوڵدەدات ڕێژەی گەشەکردن وئاڕستەی گەشەی دانیشتوانیش دەربخات وەگرنگترین ئەو هۆکارە جیاوازانەش ڕوون بکاتەوە کەکاریگەریان لەسەرئەم گەشەکردنە دروست کردووە[٧]، لەبەرئەوە لەم باسەدا هەوڵدەدەین توێژینەوەو شیکردنەوە بۆ ئەو گۆڕانکاریانە بکەین کە بەسەر قەبارەو ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی شاری قەڵادزێ دا هاتووە.

سەبارەت بەقەبارەو ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی شاری قەڵادزێ بەدرێژایی ماوەکانی لێکۆڵینەوە (١٩٥٧-٢٠٠٩) هەڵبەزو دابەزینی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، بۆیە بەمەبەستی زانینی ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەسەر ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی شاری قەڵادزێ داهاتووە وە بەراووردکردنی بەقەزای پشدەر وپارێزگای سلێمانی، بەپێویستمان زانی دابەشی بکەین بۆ پێنج قۆنـــاغ، بەڵام پێش ئەوەی باسی قۆناغەکانی گەشەی دانیشتوانی قەڵادزێ بکەین، پێویستە تیشك بخەینە سەر ئاڕاستەکانی زیادبوونی قەبارەی دانیشتوانی شاری قەڵادزێ. بەتێبینی کردن لەخشتەی ژمارە(٣) بۆمان دەردەکەوێت ڕێژەی دانیشتوانی شار لەکۆی قەزای پشدەرو و پارێزگای سلێمانی لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٥٧-

---

[٥] هیوا ئەمین جەلال شوانی، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ گەشەی شارنشینی لە پارێزگای هەولێر، سەرچاوەی پێشوو، لا٢٢.

[٦] خەلیل ئیسماعیل محەمەد، بەشارستانی بوون وبنەماکانی جیاکردنەوەی گوند لەشار، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە(٣٩١٩)/١٦/١١/، ٢٠١١، لا٦.

[٧] عبدالجليل عبدالواحد وداود قاسم الربيعى، قضاء أبى الخصيب (دراسة في جغرافية السكان)، مجلة كلية الاداب، جامعة البصرة، العدد(١٦)، ١٩٨٠، ص٢٤٦.

۲۰۰۹) گۆڕانی بەسەرداهاتووە، بەجۆرێك لەساڵی ۱۹٥۷ دانیشتوانی شاری قەڵادزێ ڕێژەی زیاترلە( ١٤٪ )ی قەزا و نزیکەی( ۲٪) ی پارێزگای سلێمانی پێکهێناوە، بەڵام بەسەرنج دان لەساڵی(۱۹٦٥ )، دەبینین ڕێژەی شار لەکۆی قەزا بەگشتی زیاترلە (۱۳٪) بووە و لەبەرامبەر پارێزگای سلێمانی لەسەروی (۱٪) بووە، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کەڕێژەی شار بەرامبەر بەهەریەك لە قەزا و پارێزگای سلێمانی گۆڕانێکی وای بەسەردا نەهاتووە. لەساڵی ( ۱۹۷۷ ) بۆمان دەردەکەوێت دانیشتوانی شار ڕێژەی لەکۆی گشتی قەزا و پارێزگای سلێمانی بەرزبوونەوەی بەخۆیەوەبینیوە، بەجۆرێك گەیشتۆتە نزیکەی ( ۲۸٪)ی قەزاو (۲٪) ی پارێزگای سلێمانی.

سەبارەت بەساڵی (۱۹۸۷) ڕێژەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەرامبەر بە هەریەك لەقەزای پشدەر و وپارێزگای سلێمانی دادەبەزێت بۆنزیکەی (۲۰٪) لەکۆی قەزاو وە زیاترلە (۱٪) لەبەرامبەر پارێزگای سلێمانی.

ئەگەر تیشك بخەینە سەر ساڵی( ۲۰۰۲ ) دەبینین ناوچەی لێکۆڵینەوە بەرزبوونەوەیەکی بەرچاوی لەڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە بەخۆیەوەبینیوە، بەرزبوونەوەی ژمارەی دانیشتوان بەو ڕادە زۆرەیە کاریگەری کردە سەر بەرزبوونەوەی ڕێژەی دانیشتوانی شار بەرامبەر بەهەریەك لە قەزای پشدەرو پارێزگای سلێمانی، بەشێوەیەك ڕێژەکەی گەیشتە زیاترلە (٤٦٪)ی گشتی قەزاکە وە زیاترلە (۳٪)ی پارێزگای سلێمانی.

سەبارەت بەساڵی (۲۰۰۹) ژمارەی دانیشتوانی قەڵادزێ بەردەوام دەبێت لەبەرزبوونەوە، ئەم بەرزبوونەوەیە لەژمارەی دانیشتوانی شاری قەڵادزێ دا کاردەکاتە سەر بەرزبوونەوەی ڕێژەی شار بەرامبەر بەهەریەك لە قەزای پشدەر و پارێزگای سلێمانی بەجۆرێك شار نزیکەی لە(٥۷٪)ی قەزای پشدەرو زیاترلە (۳٪)ی پارێزگای سلێمانی پێکهێناوە.

لێرەوە تیشك دەخەینە سەر ئاڕاستەکانی گەشەی دانیشتوانی شاری قەڵادزێ وەگرنگترین ئەو هۆکارانەش دەخەینەڕوو کەکاریگەریان کردۆتەسەر بەرزبوونەوەو نزمبوونەوەی ڕێژەی گەشەی دانیشتوان لەقۆناغێکەوە بۆقۆناغێکی تر، بۆئەم مەبەستەش گەشەی دانیشتوانی شاری قەڵادزێمان دابەش کردووە بۆ پێنج قۆناغ بەم شێوەیە:

**خشتەی ژمارە ( ٣ )**

**ڕێـژەی دانیشتوانی شاری قەڵادزێ لەکۆی قەزای پشدەر و پارێزگای سلێمانی**

**( ١٩٥٧- ٢٠٠٩ ) ٪**

| ساڵ | دانیشتوانی شاری قەڵادزێ | ڕێژەی شار لەکۆی قەزای پشدەر | ڕێژەی شار لەکۆی پارێزگای سلێمانی |
|---|---|---|---|
| ١٩٥٧ | ٤٩٠٥ | ٢،١٤ | ٦،١ |
| ١٩٦٥ | ٥٧٠٢ | ٢،١٣ | ١,٤ |
| ١٩٧٧ | ١٣٦٨٥ | ٤،٢٧ | ١,٩ |
| ١٩٨٧ | ١٤٤٨٧ | ٨،١٩ | ١,٥ |
| ٢٠٠٢ | ٤٤٥٠٤ | ٧،٤٦ | ٣,٥ |
| ٢٠٠٩ | ٦١٠٣٨ | ٧،٥٦ | ٣،٣ |

سەرچاوە:

بەپشت بەستن بە پاشکۆی ژمارە(٢)

**قۆناغی یەکەم ( ١٩٥٧ - ١٩٦٥ ) :**

سەبارەت بەگەشەی ساڵانەی دانیشتوانی شاری قـەڵادزێ و بـەراوورد کردنـی لەگەڵ گەشەی ساڵانەی دانیشـتوانی قـەزای پشـدەر وپارێزگـای سـلێمانی، بـە تێبینی کردن لە خشتەی ژمارە(٤) بۆمان دەردەکـەوێت، ناوچـەی لێکۆڵینـەوە لەماوەی ئەم قۆناغەدا بەڕێژەی نزیکەی (٢٪) ساڵانە گەشەی کردووە، هۆکـاری ئەم گەشەکردنەش دەگەڕێتەوە بۆ زیادبوونی سروشتی و کۆچی گونـد نشـینەکان بەرەوشارەکە، شایەنی ئاماژە پێکردنە کۆچی گونـد نشـینەکان دەگەڕێتـەوە بـۆ گواستنەوەی سەنتەری قەزای پشدەر لە ناحیەی مەرگەوە بـۆ قـەڵادزێ، ئەمـەش هۆکارێك بوو بۆ دامەزرانـدن و گرنگـی دان بـە دروسـتکردنی چـەندین بینـاو

فەرمانگەی حوکمی جۆراو جۆر وەك (شارەوانی و قایمقامیەت و پۆستەو گەیاندن وگرنگی دان بە خوێندن و نەخۆشخانەو فەرمانگەی ئاوو فەرمانگەی کشتوکاڵ)، ئەمانەش کاریگەریان کردە سەر ڕاکێشانی گوندنشینەکان بۆ سەنتەری شار، چونکە زۆربەی خزمەتگوزارییەکان لەم شارەدا کۆ ببونەوە، لەبەرامبەردا لادێکان لە ڕووی خزمەتگوزارییەوە زۆر دوا کەوتوو بوون[8]

ئاماژەیەك بەبەراووردکردنی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی ناوچەی لێکۆڵینەوە بکەین بەڕێژەی گەشەی ساڵانەی هەریەك لەقەزای پشدەر (٢، ٧٪) وپارێزگای سلێمانی (٣، ٤٪)، دەبینین ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی شاری قەڵادزێ بەجیاوازی نزیکەی (١٪) لە قەزا ی پشدەرو وە (٢٪) لەپارێزگای سلێمانی نزمترە، (شێوەی ژمارە(٢)). هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوەبۆخراپی بارودۆخی سیاسی ناوچەکە بەهۆی جەنگ و ململانێکانی نێوان کوردو حکومەتی عێراقی کە کوردستانی گرتەوە، وەك شۆڕشی کورد کە لەساڵی (١٩٦١)کە بەردەوام بوو تا ساڵی (١٩٧٠).ناوچەی لێکۆڵینەوەش بەتایبەتی ئەو زنجیرە شاخانەی کە شاری قەڵادزێیان لە ئامێز گرتبوو شوێنی جێگیربوونی پێشمەرگەو پاڵپشتی شۆڕش بوون، بەهۆی کۆنترۆڵکردنی ناوچە شاخاویەکان لەلایەن شۆڕشی کورد و پێشمەرگەو وە ناوچە دەشتایەکانیش لەلایەن حکومەتی عێراق هەربۆیە خەڵکی ئەم ناوچەیە زۆربەی کات خۆیان لەسەر ژمێریەکان شاردۆتەوە. ئەم بارودۆخە خراپەش بۆ تەهۆی ئەوەی کەوا داتاو ژمارەکانی تایبەت بەشاری قەڵادزێ کەموکورتیان تێدابێت[9] بێگومان فاکتەری ڕامیاری کاریگەری لەسەر کۆچ پێکردنی دانیشتوانی گوندنشینەکان هەبووە بەرەو سەنتەرە شارنشینیەکان، بەتایبەتی دوای هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلول ژمارەکان تاڕادەیەك بە خەملاندن دانراون[10].

---

[8] فواد حمه خورشيد، قضاء بشدر دراسة في الجغرافية البشرية، المصدر السابق، ص٧٩- ٨٣، ص٢٥٣.

[9] خەلیل ئیسماعیل محەمەد، جوگرافیای دانیشتوان، لەکتێبی جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هە ولێر، ١٩٩٩، ل١٧٨ -١٧٩.

[10] خەلیل ئیسماعیل محەمەد، سەرژمێری دانیشتوان لە عێراق دا،گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩.

**قۆناغی دووەم ( ١٩٦٥- ١٩٧٧ ):**

ئەو ماوەیە بەدووەم قۆناغی گەشەکردنی ناوچەی لێکۆڵینەوە دادەنرێت، بەشێوەیەك ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی شاری قەڵادزێ بەرزدەبێتەو بۆ(٧، ٥٪)(خشتەی ژمارە(٤))واتا ئەم قۆناغە بەجیاوازی زیاترلە(٥٪) لەچاو قۆناغی پێش خۆی گەشەی کردووە، لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین هەرچەندە شاری قەڵادزێ و تەواوی قەزای پشدەرو پارێزگای سلێمانی لەم قۆناغەدا کاریگەر بوون بەڕووداوە سیاسیەکان وە ڕێژەی گەشەی ساڵانەیان بەرزبۆتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی ئەم قۆناغە بەنسبەت شاری قەڵادزێ ئەوەیە ڕێژەی گەشەی ساڵانەی بەراوورد بەقەزای پشدەر کەڕێژەی (٢،١٪) وە پارێزگای سلێمانی (٤، ٦٪) بەرزترە. واتا شـــاری قـــەڵادزێ بەجیـــاوازی لە(٦٪) لەقـــەزای پـــشدەرو وەنزیـــکەی (٣٪) لەپارێزگای سلێمانی بەرزتربووە. بێگومان بەرزبوونەوەی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە لەو ماوەیەدا بە بەراوورد بە قۆناغی پێشووتر وەهەریەك لە قەزا بەگشتی و پارێزگای سلێمانی بێ هۆکار نەبووە، بەڵکو چەند هۆکارێکی لە پشتەوە بووە، شایەنی ئاماژە پێ کردنە لەدوای ڕێککەوتنامەی جەزائیری نێوان عێراق و ئێران لە ساڵی (١٩٧٥)، حکومەتی عێراقی یەکسەر بەپەلە هەوڵی دا پشتێنەیەکی ئەمنی بەدرێژایی سنوورەکانی عێراق لەگەڵ ئێران و تورکیا و سوریا جێ بەجێ بکات. ئەم پشتێنەیە بەناو خـاکی هەرێمی کوردستان دا تێ دەپەڕی لەهەندێك شوێن تاکو (٣٠)کم شۆڕدەبۆوە[11]، هەر بۆیە بەپێی خاڵەکانی ئەم ڕێککەوتنامەیە حکومەتی عێراق بەبیانووی پشتێنەی ئەمنی دەستی کرد بە:

**یەکەم:** ڕاگواستنی دانیشتوانی گوندە سنووریەکان و نیشتەجێ کردنیان لە ئۆردوگا زۆرەملێ کاندا، بەم هۆیەوە ژمارەیەك لەگوند نشینەکانی قەزای پشدەر تووشی ڕاگواستن بوون، وەڕێژەیەکی بەرچاوی دانیشتوانی گوندەکانی هەریەك لەناحیەی هێرۆ و هەڵشۆو ناحیەی سەنتەر (قەڵادزێ )ڕاگواستران وبەشێکیان لە

[11] خەلیل ئیسماعیل محەمەد، لێك جیاکردنەوەی شوێنی شاڵاوەکانی ئەنفال لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە(٤)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٢، ل٢٦٩.

ئۆردوگای زۆرەملێی پێماڵك لە نزیکترین خاڵی شاری قەڵادزێ نیشتەجێ کردن، پاشان ئەم ئۆردوگایە بوو بەبەشێکی گەورە لە شاری قەڵادزێ وەبەشێکی تریشیان ئاوارەی ناوشاری قەڵادزێ بوون[12].

دووەم: ناوچەی لێکۆڵینەوە لەبەرئەوەی سەنتەری کارگێڕی قەزای پشدەرە هەربۆیە بەبەردەوامی داموو دەزگای تازە وجۆراوجۆریی لێ دەکرایەوە وەك فارمانگەکانی (قایمقامیەت، شارەوانی، پۆستە، گەیاندن، کشتوکاڵ، ئاو، کارەبا، تەندروستی، بانکی بازرگانی[13]) ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر گەشەکردنی دانیشتوانی شارەکە لە ماوەیەدا.

سێیەم: دانانی بابەکری سەلیم ئاغای سەرۆکی عەشیرەتی میراودەلی لەوقۆناغەدا وەك یەکەم قائیمقامی قەزاکە لە شاری قەڵادزێ، بێگومان رۆڵێکی گرنگی هەبوو لەراکێشانی ژمارەیەکی زۆر لە خێزانەکان بەئارەزووی خۆیان بەرەو ناو شاری قەڵادزێ، چونکە بەجۆرێك لە پاڵپشتی خۆیان دەزانی لە ناوچەکەدا وە زیاتر هەستیان بە دڵنیایی و ئارامی دەکرد، ئەمە جگە لـەوەی شوێنی جـوگرافی ئەم شـارە گرنگیەکی سـتراتیجی و مێـژووی و بازرگانی زۆری هەبوو، بەشێوەیەك ناوچەیەکی گرنگ بووەبۆئاڵوگۆڕکردن وکۆبوونەوەی بەرهەمە جیاوازو جۆرا وجۆرەکانی ناوچە شاخاوی و دەشتایەکان لەلایەك و نێوان وڵاتی عێراق و ئێران لەلایەکی ترەوە، بێگومان گەشەکردنی ئابووری وبازرگانی لە ناوچەکەدا کاریگەری ورۆڵی خۆی هەبووە لەراکێشانی دانیشتوان بەرەو ئەوشارەو دواجار بۆتە هۆی گەشەکردنی دانیشتونی شارەکە، لەهەمان کاتدا زۆربەی گوندەکانی ناوچە شاخاویەکان رووبەرووی بۆردومان کردنێکی توندی ئاسمانی و بوونەوە بەهۆی رووداوەکانی شۆڕشی کورد ئەمەش بوو بەهۆی کۆچ کردنێکی ناوخۆیی ژمارەیەکی زۆر لە خێزانە گوندنشینەکان و جێگر بوونیان لە شاری قەڵادزێ[14]

---

[12] چیا، راگواستنی ناوچە سنوریەکانی کوردستانی عێراق، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتجیی، ژمارە (٢) ساڵی دووەم، ١٩٩٣، سلێمانی، ل١١.

[13] مۆفەق میراودەلی، پێکهاتە هەرەمەکیەکەی شاری قەڵادزێ، قەڵادزێی نوێ، ساڵنامەیەکی تایبەت بەکارەسات و راپەرین ،٢٤/٤/١٩٧٤، چاپخانەی کوردستان، سلێمانی،٢٠١٣ ، ل٦-٧.

[14] فواد حمه خورشید، قضاء بشدر دراسة فی الجغرافیة البشریة، المصدر السابق، ص٨٥.

**خشتەی ژمارە (٤)**

**گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی شاری قەڵادزێ وقەزای پشدەر وپارێزگای سلێمانی (١٩٥٧ – ٢٠٠٩)٪**

| ماوە | شاری قەڵادزێ | قەزای پشدەر | پارێزگای سلێمانی |
|---|---|---|---|
| ١٩٥٧- ١٩٦٥ | ١,٨ | ٧،٢ | ٣,٤ |
| ١٩٦٥- ١٩٧٧ | ٧,٥ | ٢،١ | ٤,٦ |
| ١٩٧٧- ١٩٨٧ | ٠,٥ | ٩،٣ | ٣,٢ |
| ١٩٨٧- ٢٠٠٢ | ٧,٧ | ٨،١ | ١,٨ |
| ٢٠٠٢- ٢٠٠٩ | ٤,٦ | ٥،١ | ٥,٣ |
| ١٩٥٧- ٢٠٠٩ | ٤,٤ | ٢،٢ | ٣,٦ |

**سەرچاوە:** بەپشت بەستن بە خشتەی ژمارە(٣)و پاشکۆی ژمارە(٢)

ڕێژەی گەشەی دانیشتوان دەرهێنراوە بەهەمان یاسای خشتەی ژمارە(٢)ی پێشوو.

**شێوەی ژمارە (٢)**

**گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی شاری قەڵادزێ و قەزای پشدەرو پارێزگای سلێمانی (١٩٥٧- ٢٠٠٩) ٪**




سەرچاوە: بەپشت بەستن بەخشتەی ژمارە(٤)

**قۆناغی سێیەم : (١٩٧٧- ١٩٨٧) :**

ئەگەر لەم قۆناغەدا ئاماژەیەك بەرێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی شاری قەڵادزێ بکەین بەسەرنج دان لەخشتەی ژمارە(٤) بۆمان دەردەکەوێت شاری قەڵادزێ ڕێژەی گەشەی ساڵانەی کەمتر لە(١٪) بووە، لەهەمان کاتدا ئەگەر بەراووردی بکەین بەقۆناغی پێشوو بۆمان ڕوون دەبێتەوە ناوچەی لێکۆڵینەوە بەرێژەی (٧٪) لەچاو قۆناغی دووەم کەمی کردووە ئەمەش ڕێژەیەکی زۆرە، هەروەها ئەگەر ڕێژەی ئەم گەشەکردنە بەراوورد بکەین بەقەزای پشدەر کەرێژەی (٣، ٩٪) وە بەپارێزگای سلێمانی کە(٣، ٢٪) بۆمان دەدەکەوێت شاری قەڵادزێ

ڕێژەی گەشەی ساڵانەی بەجیـــاوازی لـە(٣، ٤٪) لەقـــەزای پشـدەرو وە بەنزیکەی (٣٪) لەپارێزگای سلێمانی نزمتربووە، بێگومان هۆکاری سەرەکی دابەزینی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی ناوچەی لێکۆڵینەوە لەو ماوەیە دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك بەم شێوەی لای خوارەوە:

**یەکەم:** ئەم قۆنـاغە بەمەترسـیداترین قۆنـاغ دادەنرێت لەخـاپوورکردنی گوندو شارو شارۆچکەکانی کوردستان، لەبەرئەوە حکومەتی عێراقی بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکەی هەموو شێوازێکی دڕندانەی بەکارهێنا[15].

: شەڕی عێراق ـ ئێران کە ماوەی (٨)ساڵ درێژەی خەیاند، لە ساڵی (١٩٨٠)وە دەستیپێکردوە، وەك ئاشکرایە شاری قەڵادزێ هاوشێوەی شارە سنووریەکانی تر توشی زۆرترین زەرەرو زیان بوّتەوە بەهۆی شوێنی جوگرافیەکەی کە ناوچەیکی سنووری بووە لەگەڵ وولاّتی ئێران[16].

**سێیەم :** سەرەڕای ئەوەی کەباس کرا ساڵی (١٩٨٧)بە هۆی هەلومەرجی شەڕەوە بەشێکی زۆری سەرەنجامەکان ئومێد بەخش نەبوون، بەتایبەت سەبارەت بەپارێزگا سنووریەکانی ڕۆژهەڵات وناوچەی لێکۆڵینەوە، ئەمە لەلایەك و لەلایەکی ترەوە بەسەرهاتەکانی سوتاندن و وێرانکردنی شارو شارۆچکەکان و ڕاگواستنی خەڵکەکەیان لەو ماوەیەدا کارێکی وایانکردووە ئەنجامەکانی سەرژمێری(١٩٨٧) بەراوورد بەسەرژمێری ساڵی( ١٩٥٧) لە دەرخستنی ڕووی ڕاستەقینەی دابەشبوونی جوگرافی ودیمۆگرافی خەڵکی هەرێمی کوردستان بەگشتی پارێزگای سلێمانیو شاری قەڵادزی بەتایبەتی زۆر کلۆڵ و بێ دەرەتان بنو هەڵەو کەموکورتیی زۆریان تێدابێت[17]، لەکاتێکدا ڕێژەی لەدایك بوون

---

[15] سلێمان عەبدوڵلا، ڕاگواستنی گوندنشینەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە(١٢)ساڵی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٩، لا١٠.

[16] بيان علی حسين، التحليل الجغرافی لأتجاهات النمو الحضری في محافظة السليمانية، اطـروحة دكتوارة، كلية العـلوم الانسـانية، فی جامـعة السليمانية، السليمانية، ٢٠٠٨ ص٦١.

[17] خەلیل ئیسماعیل محەمەد، شیکردنەوەیەکی جوگرافی دانیشتوانی سەنتەرە شارستانیەکانی پارێزگای سلێمانی، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە (٤) ساڵی پێنجەم، سلێمانی، ١٩٩٧، لا١١ .

لەماوەی ئەم قۆناغەدا لەساڵی١٩٨٠ (٣٥) لەهەزارا بووە، بەڵام لەساڵی ١٩٨٦ بەرزدەبێتەوە بۆ(٥٦) لەهەزارا، ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزی لەدایکبوونە (پاشکۆی ژمارە(٥))، لەهەمان کاتدا (١٧٠)خێزان لەو ماوەیەدا لەناحیەی سەنتەر بۆ ناوشاری قەڵادزی ڕاگوێزران[١٨]، ئەمەش ڕاستی خاڵی سێیەم مان بۆ پشت ڕاست دەکاتەوە کە هۆکاری نزمبوونەوەی ڕێژەی گەشەی دانیشتوان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخەی کە ناوچەی لێکۆڵینەوەی پیایدا تێپەڕیوە.

دەکرێت بڵێین ئەم قۆناغە بەزەبرترین قۆناغەکانی ڕاگواستن و خاپورکردنی قەڵادزێ دەژمێردرێت، چونکە لەو ماوەیەدا ڕژێم ڕق وکینەی هەبوو بەرامبەر بەدەڤەرەکە بەهۆی ئەو جوڵانەوانەی کەلەناوەوە و دەرەوەی شاری قەڵادزێ بەرامبەرحکومەتی عێراقی ئەنجام دەدرا بەتایبەت لەمانگی(نیسان و مایس)ی (١٩٨٢) کە بەشەهیدکردنی سێ هاووڵاتی سنوورەکە دەستی پێ کرد، بەشێوەیەك خەڵکی شارەکە لە ڕژێم ڕاپەڕین، بەڵام ئەوە بوو ڕژێمی بەعسی ڕووخاو زۆر دڕندانە کەوتە گیانی ئەو خەڵکەو ژمارەیەك لەسەربازگەو تۆپخانەی لە سنووری شارەکە جێگیری کرد و تۆپی هاویشتە ناو شارو هەر چوار دەوری ناوچەکە تاکو خەڵك ناچار بکەن شارەکە چۆڵ بکەن، ئەوە بوو لە ساڵی (١٩٨٥)دا بۆ ماوەی چەند مانگێك خەڵکی ناوچەکە ئاوارەی شاری ڕانیەو ووڵاتی ئێران بوون و شارەکەیان چۆڵ کرد[١٩]. ژمارەی ئەوانەی ئاوارەی ووڵاتی ئێران بوون بریتی بوون لە زیاترلە (٥٠٠٠)کەس[٢٠] هەر چەندە ژمارەیەك لە خەڵك پاش ئەوماوەیە گەڕانەوە بۆشارەکە، بەڵام زۆر کەم هەربۆیە لەو ماوەیەدا تەواو ڕاستە کەشارەکە هیچ گەشەکردنێکی بەخۆیەوە نەبینیوە، هەروەها چالاکیەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شارەکەدا کاریگەری هەبوو لەسەر

---

[18] Shorsh، M.Resool، Destruction of Anation، op.cit، pp، 123- 124.

[١٩] عومەر هەمزە ساڵح، ڕاگواستن، لێکۆڵینەوەیەکی جوگرافی ومێژوویی وسیاسی ڕاگواستنی زۆرەملێی گوندنشینەکانی کوردستانە، (پشدەر وەك نمونەیەك)، سەرچاوەی پێشوو، لا١٨٥.

[٢٠] حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ناوخۆ،ناوەندی داکۆکی کردن لەزیان لێکەوتوان وئاوەدانی پشدەر، لیستی ئاوارەکانی قەڵادزێ بەرەو ووڵاتی ئێران.

دابەزینی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی ئەم شارە[21]. لێرەوە دەگەینە ئەو بڕوایەی هەموو ئەو هۆکارانەی باسمان کردن هۆکاری سەرەکی بوون بۆدابەزینی ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی شارەکە لە ماوەی ئەم قۆناغەدا.

**قۆناغی چوارەم ( ١٩٨٧ – ٢٠٠٢ ):**

قۆناغە بەیەکێك لەگرنگترین ئەو قۆناغانە دەژمێردرێت کەشاری قەڵادزێ لەو ماوەیەدا پیایدا تێپەڕیوە، ئەویش لەدوولایەنەوە، لەلایەك ناوچەی لێکۆڵینەوە لەم قۆناغەدا ڕووبەڕووی کارەساتێکی زۆر دژوارو جەرگ بڕ بۆوە، ئەویش جێبەجێ کردنی ئەونەخشە و پیلانانەبوو کە حکومەتی عێراقی لەماوەی ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو سەبارەت بەخاپوور کردن و ڕاگواستنی شاری قەڵادزێ و قەزای پشدەر کاری لەسەرکردبوو تاکو دواجار توانی مەرامە قێزە وون و دژبە مرۆڤایەتیەکی جێ بەجێ بکات ئەویش وێرانکردنی شارەکە بوو. هەرچەندە خەڵکی شاری قەڵادزێ وکەسایەتیە دیارەکانی ئەم ناوچەیە هەوڵیاندا ڕێگە لەم بارودۆخە بگرن، بۆ ئەم مەبەستەش لەساڵی ١٩٨٨وەفدێکیان پێکهێنا لەبەرێزان مامۆستا (دەڵگەیی) کە ژمارەیان (١٣)کەس بوو بۆ ئەوەی لەگەڵ سەرۆکی پێشووی عێراق (صدام حسێن)کۆببنەوەوداوای لێ بکەن بڕیاری ڕاگواستنی شاری قەڵادزێ و قەزاکە هەڵبوەشێنێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەموو هەوڵەکانیان بێ سوودبوو، پاشماوەیەك لەگەیشتنی وەفدەکە بۆ بەغداد مامۆستا(محمەد حمەسالح) ناسراو بە(مەلادەڵگەیی) دەستبەسەر دەکەن[22] تاکو دواجار بەبڕیاری ژمارە (ق١/١٢/٨٠٨ لە ٤ی ئابی ساڵی ١٩٨٩شاری قەڵادزێ وتەواوی قەزاکە لەگەڵ خاك یەکسان دەکرێت وە دانیشتوانەکەشی بەرەو ئۆردوگا زۆرە ملێکانی هەریەك لەسنووری پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێر بەزۆر ڕادەگوازێت(پاشکۆی

---

[21] جاسم محەمەد محەمەد علی، ڕۆڵی هۆکارە سیاسیەکان لەدابەشبوونی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی، چاپخانەی تیشك سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٩٧.

[22] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ کەسایەتی دیاری ناوچەکەو سەرۆکی وەفد بۆڕێگرتن لەڕاگواستنی قەزای پشدەر(محەمەد محەمەد سالح ) ناسراو بە (مەلا دەڵگەیی)، لەڕێکەوتی ١ /١١/ ٢٠١٢ .

ژماره(٣)) پاشان سەرۆکی وەفد دەگەڕێنەوە بۆ قەڵادزێ و پێی دەڵێن ئەوە شارەکەتە. بەم شێوەیە تەواوی قەزای پشدەر بە شارو شارۆچکەو گشت گوندەکانیەوە وێران و لەگەڵ خاك یەکسان دەکرێت . لەلایەکی تریشەوە هەرلەم قۆناغـەدا

قەڵادزێ دوای ڕاپەڕینە مەزن و شکۆدارەکەی گەلی کورد لەبەهاری ساڵی ١٩٩١ توانی جارێکی تر لەساڵی ١٩٩٢ دووبارە دروست بکرێتەوە وە بەشێکی زۆری دانیشتوانە ڕاگوێزارەکەی بگە ڕێنەوە زێدی باب و باپیرانیان.

دەکرێت بڵێن ئەم قۆناغە بەدرێژترین قۆناغەکانی ماوەی لێکۆڵینەوە دەژمێردرێت پانزە ساڵی خایاندووە، وەبەرزترین ڕێژەی ماوەی لێکۆڵینەوەکەیە لەم قۆناغەدا شاری قەڵادزێ گۆڕانێکی زۆری لەڕووی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانەوە بەخۆیەوە بینیوە، بەسەرنج دان لەخشتەی ژمارە(٤)ی پێشوو بۆمان دەردەکەوێت، لەوماوەیەدا شار بەڕێژەی نزیکەی(٨٪)ساڵانە گەشەی کردووە، لەهەمانکاتدا بەجیاوازی لە(٧٪) لەچاو قۆناغی پێشوو گەشەی کردوە. ئەگەر ئەم گەشە کردنە بەراوورد بکەین بەڕێژەی گەشەی ساڵانەی هەریەك لە قەزای پشدەرو پارێزگای سلێمانی کەڕێژەی گەشەیان (١، ٨٪) بوو دەبینین ناوچەی لێکۆڵیینەوە بەجیاوازی زیاتر لە(٦٪) لەهەریەك لەقەزای پشدەر و پارێزگای سلێمانی زیاتر گەشەی کردووە، بێگومان بەرزی ئەم گەشە کردنە لەم قۆناغەدا دەگەڕێتەوە بۆ:

: گەڕانەوەی بەلێشاوی دانیشتوانی شاری قەڵادزێ لە ساڵی( ١٩٩٢) لە ئۆردوگا زۆرە ملێ کانی (بازیان یەك و بازیان دوو و باینجانە) لە پارێزگای سلێمانی و (خەباتی نوێ و جەدیدەو کەورگۆسك و دارە توو تۆبزاوا) لە پارێزگای هەولێر، هەروەها گەڕانەوەی بەشێك لەو خەڵکانەی کە لەو کاتەدا ئاوارەی قەزای ڕانیە بوون[٢٣]، لە هەمان کاتدا بەرزی ڕێژەی لەدایك بوون لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٨٧-٢٠٠٢) کە لەنێوان (٢٣-٦٠) بووە لە هەزارا وە لەبەرامبەردا

---

[٢٣] عومەر هەمزە ساڵح، ڕاگواستن لێکۆڵینەوەیەکی جوگرافی و مێژوویی وسیاسی و ڕاگواستنی زۆرە ملێی گوندنشینەکانی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١١.

نزمی ڕێژەی مردن لە هەمان ماوەدا  کە لەنێوان (٠، ٧- ٢، ٨) بووە لەهەزارا کاریگەری کردۆتە سەر بەرزبوونەوەی گەشەی دانیشتوانی شاری قەڵادزێ. (پاشکۆی ژمارە(٥)).

**دووەم:** گرنگی پێدانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە پێناو زووتر ئاوەدانکردنەوەی شارەکە ودابینکردنی چەند پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری جۆراوجۆر لەپێناوی زووترگەڕانەوەی ئەوخێزانانەیکەلەماوەی ساڵانی هەشتاکاندا ئاوارەی ئێران ببوون وەك لەقۆناغی پێشوو ئاماژەمان پێ دا کە ژمارەیان (٥٠٠٠) کەس بوو ئەویش لەڕێگەی دروستکردنی سەدو پەنجا یەکەی نیشتە جێ بوون بۆ بەشێك لەو ئاوارانە، هەروها دابەشکردنی چەند پارچە زەویەکی نیشتەجێ بوون بەسەر فەرمانبەران وشەهیدان و خێزانە ئاوارەکان[٢٤] هەروەها خراپی بارودۆخی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بەهۆی شەڕی ناوخۆ بوو بەهۆی ئەوەی (٧٠٠)خێزان لەناوچە جیاجیاکانی هەرێمەوە ڕوو لەشاری قەڵادزێ بکەن[٢٥].

هەرچەندە لەو ماوەیەدا بەهۆی خراپیی باری ئابووری هەرێمی کوردستان خەڵك بەرەوگوندەکان دەگەڕانەوە، بەڵام لەبەرئەوەی تەواوی گوندەکانی قەزای پشدەر هاوشێوەی شارەکانی قەزاکە لەگەڵ خاك یەکسان کرابوون وهیچ داهاتێکیان نەبوو بۆیە گوندنشینەکان بەتایبەتی ئەوجووتیارانەی کە پێش ڕاگواستنی شاری قەڵادزێ خاوەن زەوی  کشتوکاڵی نەبون و لە زەوی ئاغاکاندا کاریان دەکرد بەهۆی وێرانکردنی گوندەکانیان وەنەبوونی هیچ پارچە زەویەکی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری تایبەت بەخۆیان تاکاری لەسەربکەن بۆیەناچاربوون نەگەڕێنەوە  بۆگوندەکانیان ولەشاری قەڵادزێ نیشتەجێ بن[٢٦]، وە گۆڕینی

---

[٢٤] حکومەتی هەرێمی کوردستان، قایمقامیەتی قەزای پشدەر، بەشی کارگێڕی لیستی ئاوارە گەڕاوەکانی شاری قەڵادزێ لەووڵاتی ئێران.

[٢٥] حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی وگەشتووگوزار، شارەوانی قەڵادزێ بەشی ئەنجوومەنی شارەوانی، لیستی ئاوارەبوەکانی ناوچە جیاجیان لە شاری قەڵادزێ .

[٢٦] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ کەسایەتی خوێندەوارو بەساڵاچوو(حاجی محمود حاجی ئاغا هێرۆیی) لە ڕێکەوتی ٣/ ١١ /٢٠١٢، هەروەها چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ کەسایەتی بەساڵاچووی شاری قەڵادزێ بەڕێز (حاجی عەلی محەمەد) لەڕێکەوتی ٥ /١١ /٢٠١٢.

خەسڵەتی کۆمەڵگەی زۆرەملێی پێماڵك لە گوندەوە بۆ شارو لکاندنی بەشاری قەڵادزێ کەئێستا بەشێکی گەورەی شارەکەی پێك هێناوە[٢٧].

**پێنجەم** ( ٢٠٠٢ – ٢٠٠٩ ):

ئەو قۆناغەش وەك یەکێك لە قۆناغە گرنگەکانی گەشەی دانیشتوان بەدواهەمین قۆناغی گەشەکردنی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوەیە دەژمێردرێت کەماوەی حەوت ساڵی خایاندوە، بەتێبینی کردن لەخشتەی ژمارە (٤) بۆمان دەردەکەوێت شاری قەڵادزێ، لەم قۆناغەدا ڕێژەی گەشەی ساڵانەی زیاتر لە(٤٪) بووە ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە لەو ماوەیەدا بەهۆی هەریەك لەزیادبوونی سروشتی و کۆچەوە گەشەی کردووە، بەڵام ئەگەر ئەم قۆناغە بەراووردبکەین بە قۆناغی پێشوو بەڕێژەی لە(٣٪) کەمی کردووە. لەهەمان کاتدا ڕێژەی گەشەکردنەکەی بەراوورد بەڕێژەی گەشەی ساڵانەی هەریەك لەقەزای پشدەر کەڕێژەی (١، ٥٪) وە بەپارێزگای سلێمانی کە(٥، ٣٪) یە جیاوازی هەیە، بەجۆرێك شاری قەڵادزێ بەجیاوازی لە(٣٪) لەچاو قەزا زیاتر گەشەی کردوە، بەڵام بەرامبەر بەپارێزگای سلێمانی بەڕێژەی کەمترلە (١٪)، دابەزیوە، هۆکاری دابەزینی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی ناوچەی لێکۆڵینەوە لەم قۆناغەدا بەراوورد بەقۆناغی پێشوو دەگەڕێتەوە بۆ ئەم خاڵانەی لای خوارەوە:

- نزمبوونەوەی ڕێژەی لەدایك بوون لەماوەی ئەم قۆناغەدا، بەشێوەیەك لەساڵی (٢٠٠٢) ڕێژەی (٣٤) لەهەزارابوو، بەڵام ئەم ڕێژەیە دادەبەزێت بۆ (٢٥) لەهەزارا لەساڵی (٢٠٠٩)، هەروەها بەرزبوونەوەی ڕێژەی مردن لە (١) لەهەزارا لەساڵی (٢٠٠٢) بۆ (٢) لەهەزارا لەساڵی ٢٠٠٩، (پاشکۆی ژمارە(٥)).

[٢٧] جاسم محەمەد عەلی، ڕۆڵی هۆکارە سیاسیەکان لە دابەشبوونی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٨.

**٢-** بەردەوام بونی هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بوژانەوەی لادێکان ودابینکردنی خزمەتگوزاریەکان بەتایبەت لەبواری ڕێگەوبان و پەروەردەو تەندروستی و کارەبا، هەروەها پێدانی قەرزی کشتوکاڵی و خانوبەرەو کەلوپەلی کشتوکاڵی هانی زیاتری جووتیارانی دا بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ لادێکانیان، قەزای پشدەریش دەوڵەمەندە بەزەوی کشتوکاڵ وە ژمارەیەکی زۆر گوندی لە خۆگرتووە، لەبەرئەوە بەشێکی بەرچاولە گوندنشینەکان گەڕاونەوە بۆ گوندەکانیان.

- هۆکارێکی تر کەکاریگەریی هەبووە لەدابەزینی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی شاری قەڵادزێ، لەم قۆناغەدا دەگەڕێتەوە بۆ گەڕانەوەی بەردەوامی خێزانە ئاوارەکان بەرەو زێدی خۆیان کە بەهۆی شەڕی ناوخۆوە ئاوارەی شاری قەڵادزێ ببون، بەڵام بەهۆی نەبوونی هیچ داتاو زانیاریەك دەربارەی ژمارەی ئەو خێزانانەی کە لەماوەی ئەم قۆناغەدا گەڕانەتەوە زێدی خۆیان بۆیە نەمانتوانی ڕوون کردنەوە بدەین[٢٨].

لەکۆتایی ئەم باسەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کەبڵێین گەشەی دانیشتوانی شاری قەڵادزێ لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٠٩) لەقۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر بەرزبوونەوە ونزم بوونەوەی بەخۆیەوەبینیوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بەئاڕاستەی گەشەکردن هەنگاوی ناوە، بەجۆرێك بەرزترین ڕێژەی گەشەی شار لەماوەی نێوان ( ١٩٨٧-٢٠٠٢ )دا بووە کە ڕێژەی (٨٪) بووە، وەنزمترین ڕێژەی گەشەکردنیشی لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٧-١٩٨٧) بووە، کە کەمترلە ( ١٪) بووە، بێگومان گەشەی دانیشتوانی شاری قەڵادزێ وە بەرزبوونەوەو نزمبونەوەی ئەم گەشەکردنە لەقۆناغێکەوە بۆقۆناغێکی تر دەرئەنجامی هۆکارەکانی زیادبوونی سروشتی و ڕاگواستن و کۆچ پێکردنی زۆرەملێی گوند نشینەکانی قەزای پشدەربووە، لەگەڵ تێپەڕبوونی شاری قەڵادزێ بەبارودۆخێکی خراپی سیاسی دا لەماوەی ساڵانی حەفتاو هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو.

---

[٢٨] حکومەتی هەرێمی کوردستان، پارێزگای سلێمانی، قایمقامیەتی قەزای پشدەر، بەشی کارگێری.

## باسی دووەم

# ڕەگەزەکانی گەشەی دانیشتوان

### أ-زیادبوونی سروشتی:

زیادبوونی سروشتی بەڕەگەزێکی گرنگ و کاریگەر دەژمێردرێت لە گەشەکردنی دانیشتوان دا، وە کاریگەریەکی گەورە دەکاتە سەر پێکهاتەو تایبەتمەندیە دیمۆگرافیە جیاوازەکانی دانیشتوان ئەم زیادبوونەش زۆر جار بە (گۆڕانی سروشتی دانیشتوان ) یان (جولەی سروشتی دانیشتوان) ناوزەند دەکرێ. زیادبوونی سروشتی یەکێکە لەهۆکارەکانی گۆڕانی ژمارەی دانیشتوان لە هەر ناوچەو شارێك دا بێت، هەروەها ئاشکرایە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی سروشتێکی دینامیکی هەیە، بەهۆی ئەوجموجۆڵە بەردەوامەی کەزیادبوون یان کەمبوونی دانیشتوانی لێ دەکەوێتەوە، هیچ کۆمەڵگایەکی دانیشتوان وەستاو نیە، بەڵام ئەو کۆمەڵانەی کەدەردەکەون وەستاون لە گەشەکردندا، لەڕاستیدا ئەو جموجۆڵە دەشارێتەوە، چونکە دانیشتوان هەردەمێنن، بەڵام ئەو ئەندامانەی کە بەشداری تێدا دەکەن و پێکی دەهێنن چارەنووسیان مردنە.

بێگومان توێژینەوەکانی تایبەت بە زیادبوونی سروشتی پشت دەبەستن بە گۆڕانکاریە ژیاریەکان کە هەردووك ڕەگەزی لەدایك بوون و مردن دەگرێتەوە، ئەگەر چی لەدایك بوون و مردن بە دوو دیاردەی بایەلۆجی جیاواز دادەنرێن، بەڵام چەند فاکتەرێکی تری وەك ئابووری و کۆمەڵایەتی وبایەلۆژی لەنێوان گەل و نەتەوەکان و ناوچە جیاوازەکاندا هەن، کە پەیوەندی دارە بە توانای پیتاندن وژن هێنان و شوکردن و فرە ژنی کە کار لە جیاوازی ئەم ڕێژەیە دەکەن[٢٩]. لەڕاستیدا

[٢٩] عەبدوڵڵا غەفوور، جوگرافیای کوردستان، چاپی پێنجەم، چاپخانەی خانی، هەولێر، ٢٠٠٨، ل١٥٩.

لێکۆڵینەوە لەسەر گەشەی دانیشتوان پێویستی بە ئاماری ڕاست و دروست هەیە، بەڵام ئەو زانیاریانەی کە ئێمە سەبارەت بەزیادبوونی سروشتی هەمانە، دەوەستێتە سەر ئەو ئەنجامەی کەلە فەرمانگەکانی تەندروستی دەستمان کەوتووە ئەم سەر ژمێریانەش لەبەرئەوەی زۆرکەسی تێدا تۆمار نەکراوە زۆر جار کەم و کوڕی تێکەوتووە بۆیە تاڕادەیەك بە نوقستانی گەیشتۆتە بەردەستمان[30]. بۆ ڕوون کردنەوەی شێوازی گەشەی سروشتی شاری قەڵادزێ لەم باسەدا هەوڵ دەدەین تیشك بخەینە سەر هەریەك لە ڕەگەزەکانی لەدایك بوون و مردن.

## یەکەم : لەدایك بوون:-

لەدایك بوون هۆکارێکی سەرەکی گەشەی دانیشتوانە، بەشێوەیەك جیاوازی لەتێکڕاکانی لە دایك بووندا دەبێتە هۆی گۆڕینی ڕێژەی گەشەی دانیشتوان وە بەو وەچانەش دەناسرێت کەدانیشتوان لەماوەیەکی دیاری کراودا دەیخەنەوە[31]. لەهەمان کاتدا لەدایك بوون هۆکارێکی بایەلۆژیە کەپەیوەندی بە خواستی مرۆڤەوە هەیە، ئەمەش پێچەوانەی مردنە کە بەخواستی مرۆڤ نیە وێڕای ئەوەی کە لەدایك بوون دەرکەوتەیەکی بایەلۆژیە، بەڵام پەیوەندی هەیە بەچەندین هۆکاری تری وەك ئابووری و کۆمەڵایەتی[32]. بۆ زانین وهەڵسەنگاندنی ڕۆڵ و بایەخی لەدایك بوون پشت دەبەستین بە بەکارهێنانی هاوکێشەی ڕێژەی گەشەی

---

[30] خەلیل ئیسماعیل محەمەد، کاریگەری گەشەی شارستانی دانیشتوان لەسەر تایبەتمەندییە دیمۆگرافیەکانی شاری زاخۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٧.

[31] هیوا ئەمین جەلال شوانی، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ گەشەی شارنشینی لە پارێزگای هەولێر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦.

[32] ابراهيم احمد سعيد، مقدمة في الجغرافية البشرية، الاوائل للنشر و التوزيع والخدمات للطباعة، سوريا، ٢٠٠١، ص٣١. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

أ/ جاكلين غارنية، جغرافية السكان، ترجمة حسن الخياط وأخرون، مطبعة العاني، بغداد، ١٩٨٤، ص١٤٦.

ب/ فؤاد محمد الصقار، دراسات في الجغرافية البشرية، منشأة المعارف، الاسكندرية، بدون سنة الطبع، ص٢٨٩.

**له دایك بوون، چونکه ئەم هاوکێشەیە زانیاری تەواومان دەداتێ لەسەر لەدایك بووانی ساڵێك بەبەراوورد لەگەڵ هەر هەزار کەسێك دا لەسەرجەم دانیشتوان.[٣٣]**

**لەگەڵ بڕوا بوون بەوەی کە داتاکانی لەدایك بوون هەڵەو کەم و کورتیان تێدایە[٣٤]، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نیە کە ناتوانرێ پشتیان پێ ببەسترێ و سوودیان نیە. بەگشتی هەڵەو کەم وکورتی داتاکانی لەدایك بوون لەشار قەلادزێ دەگەڕێتەوە بۆ ئەم خاڵانەی لای خوارەوە :**

**١-تائێستاش زۆربەی حاڵەتەکانی لەدایك بوون لەدەرەوەی نەخۆشخانە ڕوودەدات[٣٥].**

**٢-پشت گوێخستنی تۆمارکردنی منداڵانی ڕەگەزمێینە.**

**٣-تۆمارنەکردنی ئەومنداڵانەی کەلەتەمەنێکی زۆربچووکدا دەمرن.**

**٤- نەبوونی یاسایەك بۆ ئەوەی هاوولاتیان ناچار بکات منداڵەکانیان تۆمار بکەن[٣٦].**

**٥- خۆ دورخستنەوە لەسەر بازی کردن و تۆمارکردنی منداڵانی نێرینە بە مێینە[٣٧].**

**سەبارەت بەتێکڕاکانی لەدایك بوون لە شاری قەلادزێ تووشی چەندین گۆڕانکاری و بەرزبونەوەو نزم بوونەوە هاتووە لەماوەی نێوان ساڵانی(١٩٧٧–٢٠٠٩) ئەمەش زادەی چەندین فاکتەرە کە لەقۆناغە جیاجیاکاندا بە خۆیەوە بینیوە، هەموو ئەو گۆڕانکاری و بەرزبوونەوە و نزم بوونەوەیە لەخشتەی ژمارە**

---

[٣٣] ڕێژەی گشتی لەدایکبوون= ژمارەی لەدایك بوون لە ساڵێکی دیاریکراودا ÷ ژمارەی دانیشتوان لەنیوەی ساڵدا ×١٠٠٠. بڕوانە: عبدالله عطوی، جغرافیة السكان، دار النهضة العربیة، بیروت، ٢٠٠١، ص١١٤.

[٣٤] خلیل اسماعیل محمد، اتجاهات النمو الحضری في محافظات منطقة الحکم الذاتي، مجلة الجمعیة الجغرافیة، عدد(١٤)، مطبعة العاني، بغداد، ١٩٨٤، ص٩٨.

[٣٥] عەبدوڵلا غەفوور، جوگرافیای باشوری کوردستان، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٨، ص١٢٩.

[٣٦] سالم علی الشواوره و محمود عبدالله الجیس، جغرافیة السكان، المدخل الى علم السكان، دار الصفاء للنشر والتوزیع، ٢٠٠١، ص٣٦.

[٣٧] شاکیرخەسباك، ئاڕاستەی گشتی پەرەسەندنی دانیشتوانی لیوای سلێمانی، و.عەتا قەرەداغی، چاپخانەی ڕووناکبیری، سلێمانی، ١٩٩٩، ص١٤.

(٥) دا بەدی دەکرێت. بەجۆرێك لەساڵی (١٩٧٧) ڕێژەی لە دایك بوون زیاترلە (١٤) لەهەزارا بووە، ئەمەش ڕێژەیەکی کەمە و دوورە لە ڕاستیەوە، بێگومان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەم و کورتی داتاکانی لەدایك بوون و گرنگی نەدانی خەڵك بەتۆمارکردنی نەوەکانیان و دواکەوتوویی ونزمی ئاستی هۆشیاری ورۆشنبیری دانیشتوان وهەست نەکردنیان بەوەی کەتۆمارکردنی منداڵەکانیان گرنگی خۆی هەیە، لەهەمان کاتدا خراپی بارودۆخی شاری قەڵادزێ لەماوەی حەفتاکاندا، بەهۆی بۆردومان کردنی قەڵادزێ بە فرۆکەجەنگیەکانی ڕژێمی بەعسی ڕووخاولە ١٩٧٤/٤/٢٤، ڕوودانی ئەم کارەساتە جەرگ بڕە بوو بەهۆی کوژرانی زیاترلە (١٠٠) کەس وئاڵۆزی بارودۆخی ناوچەکەو وەرێگە گرتن لەبەردەم خێزانەکان بۆ تۆمارکردنی وەچەکانیان[38]، بەڵام لەهەریەك لەساڵەکانی (١٩٨٠–١٩٨٣–١٩٨٦) ڕێژەی لەدایك بوون لەشاری قەڵادزێ بەرێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، بەجۆرێك ڕێژەکە بەرزدەبێتەوە بۆزیاتر لە (٣٥، ٤٢، ٥٦) لەهەزارا، هۆکاری بەرزبوونەوەی ڕێژەی لەدایك بوون، لەماوەی سالأنی هەشتاکان دەگەڕێتەوە بۆ ڕاگواستنی زۆرەملێی گوندنشینەکانی قەزای پشدەر بەرەو سەنتەرە شارنشینیەکانی قەزاکە کەژمارەیان(٢٤٠)[39] خێزان بووە لەکاتێکدا شاری قەڵادزێ یەکێکە لەسەنتەر شارنشینەکانی قەزاکە بۆیەدەکرێت بەشێك لەم گوندنشینانە ڕوویان لەلەشاری قەڵادزێ کردبێت وەك لەقۆناغی سێیەمی گەشەی دانیشتوان ئاماژەمان پێی دا لەکاتێکدا گوندنشینەکان ئارەزووی منداڵبوونی زۆردەکەن.

بێگومان ڕێگە نەگرتن لە منداڵ بوون و زاڵ بوونی ئەو داب و نەریتە کۆمەلأیەتیانەی کە هانی خستنەوەی وەچەی زۆری ئەدەن وەك (هەموو منداڵێ ڕسقی لەگەڵ خۆیەتی)، نابی دەست لەکاری خوا وەربدرێت... هتد ئەمانە کاریگەریان لەسەر بەرزی ڕێژەی لەدایك بوون هەبووە[40]، هەروەها شاری قەڵادزێ

---

[38] عومەر هەمزە سالح، کارەسات و بۆردومانی قەڵادزێ لە ١٩٧٤/٤/٢٤، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی وجوگرافی بۆردومانی قەڵادزێ ڕاپەڕینەکانی کوردستان، چاپخانەی ڕۆژهەلأت، هەولێر، ٢٠١٢، لا٥٣٦.

[39] Shorsh، M.Resool، Destruction of Anation، op.cit، pp، 120 - 124.

[40] عەبدوڵلا غەفور، ئەتنۆ- دیمۆگرافیای باشوری کوردستان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦، لا١٢٧.

وەك زۆربەی شارو ناوچەكانی تری هەرێم ناوچەیەكی كۆمەڵایەتی و عەشائیری بووە هەموو داب و نەریتەكانی ناوچەكە هانی منداڵبوونی زۆریان داوە، هەر بۆیە زۆری منداڵ بوون لەلایەك بەسەرچاوەی هێزو دەسەڵات و پاڵپشت دادەنرا، لەلایەكی تریشەوە هاندەرێك بوو بۆ ڕاپەڕاندنی كاروباری كشتوكاڵی كە پێویستی بە دەستی كاری زۆر هەبووە.

سەبارەت بەساڵی (١٩٨٩) ڕێژەی لەدایكبوون دادەبەزێت بۆكەمترلە(٣٧) لەهەزارا، بێگومان هۆكاری سەرەكی دابەزینی ڕێژەكە لەچاو پێشووتر دەگەڕێتەوە بۆ خراپی بارودۆخی شارەكە وئەو نائارامی و پەشێویەی كە شاری قەڵادزێی گرتەوە، بە شێوەیەك قەڵادزێ یەكێك بووە لە ناوچەكانی هێڵی سوور و هەڵبژێردرابوو بۆ ڕاگواستن هەربۆیە هەمیشە خەڵكی شارەكە لەترس ودڵەڕاوكێ دابوون ولەزۆر كاتدا دەربەدەرو پەڕاگەندە وئاوارەی ناوچەكانی دەوروبەر ببوون، لەهەمان كاتدا ئەو ماوەیە كاتێكی سەخت و دژوار بوو كە شاری قەڵادزێی پێدا تێ پەڕی، بەجۆرێك خەڵكەكەی لە ژیانی خۆیان دڵنیا نەبوون، لەبەرئەوە نەیانتوانیوە منداڵەكانیان تۆماربكەن.لێرەدا بەپێویستی دەزانم ئاماژە بەوە بكەم كەساڵانی (١٩٩٠–١٩٩١–١٩٩٢) هیچ لەدایك بوونێك تۆمار نەكراوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕاگواستنی شارەكە وتەواوی قەزای پشدەر بۆ ئۆردوگاكانی پارێزگای سلێمانی وهەولێر .( پاشكۆی ژمارە(١) ).

ئەگەر ئاماژەیەك بەساڵانی (١٩٩٣– ١٩٩٦) بكەین، بەسەرنج دان لەخشتەی ژمارە(٥) بۆمان دەردەكەوێت كەوا لەدایك بوون لەشاری قەڵادزێ نزم بوونەوەیەكی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە بەبەراوردكردن بەماوەی ساڵانی هەشتاكان، بەجۆرێك ڕێژەی لەدایك بوون لەهەریەكەیان یەك بەدوای یەك گەیشتۆتە زیاترلە(٣١)، (٢٢) لەهەزارا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆكارێك كەبریتین لەمانەی لای خوارەوە:

١-گەمارۆی ئابووری سەرعێراق بەگشتی لە ساڵی(١٩٩٠) وە گەمارۆی حكومەتی ناوەندی لەسەر هەرێمی كوردستان بەتایبەت لە كۆتاییەكانی ساڵی (١٩٩٢)دا، بوو بەهۆی خراپ بوون و تێكچوونی باری ئابووری دانیشتوان[٤١].

---

[٤١] دەرباز محەمەد محەمەد عەلی، كەلار لە لادێ وە بۆ شار، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٨٧.

**٢- ڕەوشی بارودۆخی هەرێمی کوردستان لەڕووی ئابووری و سیاسی و تەم و مژی ئایندەی هەرێم، بوو بەهۆی کۆچ کردنی خەڵکێکی زۆر بۆ دەرەوەی وولات، کە زۆربەیان لە چینی گەنج و بەرهەم هێن بوون، بێگومان ئەمەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری و لەئاکامدا دەبێتە هۆی کەمی ڕێژەی لەدایك بوون [٤٢].**

**خشتەی ژمارە ( ٥ )**

**لەدایکبوون لەشاری قەڵادزێ لەماوەی ساڵانی ( ١٩٧٧-٢٠٠٩ ) لەهەزارا .**

| ساڵ | ڕێـژەی لەدایکبوون | ساڵ | ڕێـژەی لەدایکبوون |
|---|---|---|---|
| ١٩٧٧ | ٥ ،١٤ | ١٩٩٣ | ٣ ،٣١ |
| ١٩٨٠ | ٥ ،٣٥ | ١٩٩٦ | ٩ ،٢٢ |
| ١٩٨٣ | ٢ ،٤٣ | ١٩٩٩ | ٦ ،٣٦ |
| ١٩٨٦ | ٩ ،٥٦ | ٢٠٠٢ | ٨ ،٣٣ |
| ١٩٨٩ | ٧ ،٣٦ | ٢٠٠٥ | ٢ ،٢٥ |
| ( * ) | -- | ٢٠٠٩ | ٢٥ |
| تێکڕا ١٩٧٧- ٢٠٠٩ | | | ٨ ،٣٢ |

**سەرچاوە:** بەپشت بەستن بەپاشکۆی ژمارە(٥)

(*) ساڵی (١٩٩٢، ١٩٩١، ١٩٩٠) شاری قەڵادزێ ڕاگواستراوە بۆ ئۆردوگاکانی پارێزگاکانی هەولێرو سلێمانی وقەزای ڕانیە.

[٤٢] خەلیل ئیسماعیل محەمەد، کۆچی توانا زانستیەکان لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا، لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی زانکۆی سەلاحەددین، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە (١) ساڵی دەیەم، سلێمانی، ٢٠٠٢، لا١٤-١٦.

**شێوه ژماره (٣)**

**لەدایكبوون لەشاری قەلاًدزێ لەماوەی سالاًنی ( ١٩٧٧ – ٢٠٠٩ )لە هەزارا.**




**سەرچاوە/** بە پشت بەستن بە خشتەی ژمارە (٥)

سەبارەت بەساڵی (١٩٩٩) ڕێژەی لەدایك بوون لەشاری قەڵادزێ دووبارە بەرز دەبێتەوە، بەشێوەیەك گەیشتۆتە زیاترلە (٣٦) لەهەزارا ئەمەش بۆ چەند فاکتەرێك دەگەڕێتەوە:

١- باشبوونی بارودۆخی تەندروستی وئاستی ئابووری دانیشتوان لە پاش جێبەجێ کردنی بڕیاری نەوت بەرامبەر بەخۆراك، کە هاووڵاتیان هەستان بە تۆمارکردنی ناوی منداڵەکانیان بەمەبەستی بەدەست هێنانی بەشە خۆراك بۆ منداڵەکانیان[٤٣]، بێگومان ئەمانەش هۆکارێك بوون بۆ زیادبوونی ڕێژەی لەدایك بوون‌و گرنگی دانی هەرچی زیاترە بەتۆمارکردنی کۆرپەلەکانیان، بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاری خەڵك وهەست کردن بەوەی کەتۆمارکردنی منداڵەکانیان گرنگی خۆی هەیە.

٢- خێزانێکی زۆر لە ناوچەکانی پارێزگای هەولێرو ناوچەکانی تر بەهۆی بارودۆخی ناوخۆی هەرێمەوە ڕوویان لە شاری قەڵادزێ کرد کە ژمارەیان زیاترلە حەوت سەد خێزان بوو، ئەمەش بوو بەهۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی لە دایك بوون لە تۆمارەکانی لە دایك بوون[٤٤].

٣- بایەخ دانی دانیشتوان بە تۆمارکردنی لەدایك بوون[٤٥]، ئەمانە هۆکاربوون بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی لە دایك بوون.

سەبارەت بەساڵی (٢٠٠٢) هەرچەندە ڕێژەی لەدایك بوون لەشاری قەڵادزێ بەرەو نزم بوونەوە چووە بۆکەمترلە (٣٤) لەهەزارا، بەڵام ئەوە نزم بوونەوەیەکی زۆر کەمە بە بەراورد بە پێشووتر، هۆکاری ئەم نزم بوونەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ گەڕانەوەی بەشێك لەئاوارەکانی پارێزگای هەولێر بۆزێدی خۆیان، بێگومان ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر کەمبوونەوەی تۆمارکردنی لەدایك بووان لە ئامارەکانی تایبەت بە لەدایك بوون.

---

[٤٣] دەرباز محەمەد محەمەد عەلی، کەلار لە لادێ وە بۆ شار،، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٩.

[٤٤] حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی قەڵادزێ، بەشی ئەنجوومەنی شارەوانی، لیستی ئەو ئاوارانەی کە لە ناوچە جیاجیاکانەوە ڕوویان لەشاری قەڵادزێ کردووە.

[٤٥] هیوا ئەمین جەلال شوانی، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ گەشەی شارنشینی لە پارێزگای هەولێر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧.

ئەگەر ئاماژەیەك بەهەریەك لەساڵەکانی(٢٠٠٥- ٢٠٠٩)بکەین دەبینین ڕێژەی لەدایك بوون بەرەو نزمبوونەوە دەچێت، بەجۆرێك ڕێژەی هەریەکەیان یەك بەدوای یەك گەیشتۆتە (٢٥,٢٪)(٢٥٪) لەهەزارا هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ:

١- بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و هۆشیاری خەڵك، بۆدروست کردنی خێزانی بچووك وتۆمارکردنی منداڵەکانیان[٤٦].

٢- گەڕانەوەی ئەو ئاوارانەی کە لەدوای ساڵی (٢٠٠٢) لەشاری قەڵادزێ مابوونەوەو نەگەڕابوونەوە زێدی خۆیان ئەوانیش لەماوەی (٢٠٠٢ -٢٠٠٩) بە یەکجاری گەڕانەوە شوێنی خۆیان[٤٧].

٣- هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق لەپێناو ئاوەدان کردنەوەی گوندەکانو دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاریو هاوکاری کردنیان، هۆکارێك بوو بۆ گەڕانەوەی زۆربەی ئەو گوندنشینانەی کە پێشتر بەهۆی چەند هۆکارێکی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی لە شاری قەڵادزێ نیشتەجێ ببوون وەك لەقۆناغەکانی گەشەی دانیشتوان تیشکمان خستە سەر، ئەمەش کاریگەری و فشاری دانیشتوانی لەسەر شاری قەڵادزێ کەم کردەوە، لەڕاستیدا گەڕانەوەی گوندنشینەکان بەرەوگوندەکان کاریگەری کردەسەر دابەزینی ڕێژەی لەدایکبوون.

ئەگەر تێکڕای ڕێژەی لەدایك بوون لەشاری قەڵادزێ، بەراوورد بکەین بەو پێوەرانەی کە لەلایەن توێژەرانەوە دانراون سەبارەت بە زانینی ئاستی تێکڕای لە دایکبوون دەردەکەوێت کە ڕێژەی لەدایك بوون بەرزە، بێگومان بەرزی تێکڕای لەدایك بوون لە شاری قەڵادزێ دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هۆکارانەی لای خوارەوە:

**١- ژن هێنان و شوکردنی پێش وەخت :**

ژن هێنان و شوکردنی پێش وەخت بە تایبەت بۆ مێینە یەکێکە لەو هۆکارە گرنگانەی کەوا کاریگەری هەیە لەسەر بەرزبوونەوەی ئاستی پیتێتی لە

---

[٤٦] هەمان سەرچاوە، لا٢٧.

[٤٧] حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشت وگوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی قەڵادزێ، بەشی ئەنجومەنی شارەوانیەکان.

کۆمەڵگەدا[٤٨]، هەروەها فاکتەرێکی سەرەکیە بۆ بەرزبوونەوەی تێکڕاکانی لە دایك بوون. هاوسەرگیری پێش وەخت دەبێتە هۆی زۆر وەچەنانەوە، چونکە ناوەندی تەمەن بۆ منداڵ بوون زیاد دەکات، بەشێوەیەکی گشتی تەمەنی شوکردن گرنگی زیاترە بۆ تێکڕای منداڵ بوون وەك لە ماوەی زەماوەند. دکتۆر خلیل ئیسماعیل محمد، ئاماژە بەوەدەکات کەوا شووکردن لە تەمەنی (١٨) ساڵی دا، دوو ئەوەندەی منداڵ بوونی لێ دەکەوێتەوە وەك شوکردن لە(٢٨) ساڵی دا[٤٩]. لەم ڕوانگەیەشەوە دکتۆر شاکر خەسباك، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە تەمەنی نمونەی بۆ شوکردن لە تێڕوانینی کوردەوە لە نێوان (١٤-١٧) ساڵ دایە[٥٠]، بەڵام دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور وای دەبینی ژن هێنانو شوکردن بەشێوەیەکە کوڕان لە(١٨) ساڵ بەرەو ژوور ژن دەهێنن وکچان لە تەمەنی (١٦) ساڵ بەرەو ژوور شوو دەکەن[٥١]. تەمەنی هاوسەرێتی کاریگەری زۆری لەسەر ژمارەی منداڵبوون هەیە لەماوەی چوونە ناو ژیانی هاوسەرتیەوە، چونکە مێینە بوارێکی زیاتری منداڵ بوونی بۆدەڕەخسێت[٥٢]. ئەم تێکڕایەدابەش دەبێ بۆسێ جۆر:

١- تێکڕای لەدایك بوون بەرز دەبێ ئەگەر ڕێژەکە(٣٠)لە هەزارا زیاتربووە.

٢-تێکڕای لە دایك بوون مام ناوەند دەبێ ئەگەر ڕێژەکە(٢٠ ـ٣٠) لە هەزار بێ.

٣- تێکڕای لە دایك بوون نزم دەبێ ئەگەر ڕێژەکە لە (٢٠) لە هەزار کەمتر بوو[٥٣] ژن هێنان و شوکردنی پێش وەختە لە شاری قەڵادزێ دیاریدەیەکی باوە بە

[٤٨] فایز محمد العیسوی، المحددات الأقتصادیة والاجتماعیة وتأثیرها علی تفاوت مستویات الخصوبة عند المرأة الأماراتیة، مجلة الجمعیة الجغرافیة الکویتیة، عدد(٣٠٨)، ٢٠٠٦، لا١٣.

[٤٩] خلیل اسماعیل محمد، قضاء خانقین دراسة في جغرافیة السکان، مرکز کردستان للدراسات الاستراتیجیة، ط٢، السلیمانیة، ٢٠٠٢، ص١٠٠.

[٥٠] شاکر خەسباك، ئاڕاستەکانی گشتی پەرەسەندنی دانیشتوانی لیوای سلێمانی، سەرچاوەی پێشوو، لا١٩.

[٥١] عەبدوڵڵا غەفوور، دینامیکی ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە(١)ساڵی هەشتەم، سلێمانی، ٢٠٠٠، لا٧.

[٥٢] ئاڤان محمودمحەمەد، جاسم محەمەدعەلی، گەشەکردنی دانیشتوانی شاریسلێمانی،کتێبی سلێمانی، چاپو ئۆفسێتی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٤، لا١٤.

[٥٣] خلیل اسماعیل محمد، قضاء خانقین دراسة في جغرافیة السکان، المصدر السابق، ص٩٩.

تێبینی کردن له خشتەی ژمارە(٦) بۆمان دەردەکەوێ، ئەوانەی کە تەمەنیان لە نێوان (١٤-٢٠) ساڵی دایەو شویان کردوەو ژنیان هێناوە لە ماوەی نێوان ساڵانی(٢٠٠٣ – ٢٠٠٩) تێکڕای ڕێژەیان بریتیە لە نزیکەی (٢٧ ) لەهەزارا ئەمەش ڕێژەیەکی تاڕادەیەك بەرزە. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم دیاریدەیە کاریگەری کردۆتە سەر بەرزی ڕێژەی لە دایك بوون، چونکە ژن هێنان و شوکردن لە تەمەنێکی بچووکدا دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو ژن و مێردە زووتر دەست بە پرۆسەی منداڵ بوون بکەن و ژمارەی منداڵەکانیان زۆرتربێ لەو ژن و مێردانەی کە لەکاتێکی درەنگ وەخت دا هاوسەرگیری ئەنجام دەدەن[54] بەڵام ئەو دیاریدەیە وورده وورده بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و هۆشیاری دانیشتوان ودایکان و باوکان و، هەروەها سەرقاڵ بوونی گەنجێکی زۆر بە پرۆسەی خوێندن و بوونی چەند مەرجێکی ئابووری کاریگەری کردۆتە سەر دواکەوتنی هاوسەرگیریو سەرئەنجام کەمبوونەوەی ڕێژەی لەدایك بوون[55].

## ٢- پیتی یاخود زاوزێ:

پیتی بۆدیاریکردنی ڕەوشەکانی گەشەکردنی ژمارەی دانیشتوان توخمێکی بنچینەییەوە، وەبۆ زۆر بەرنامەی دیمۆگرافی کە بەشێکی نەخشەکانی پەرەپێدانی خۆجیێ یان گشتلایی پێك دێنن بە سەرچاوەو بنەما دەژمێردرێت، بەتایبەتی کەپیتی ڕەنگ دانەوەی باری ئابووری وکۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵگەیە شان بەشانی فاکتەرە بایەلۆجیەکان، هەروەها پیتی پرۆسەیەکی ئاڵۆزە کە بەرپرسیارە لەبەردەوام بوونی کۆمەڵ وە لایەنێکی بنچینەی لێکۆڵینەوە دیمۆگرافیەکان پێك دەهێنێ. بەم پێوەدانگە پیتی ئافرەت توانای زاوزێ یە لەسایەی هەلومەرجی سروشتیدا، زۆربەی دیمۆگرافیەکان زاراوەی پیتی (fertility) بۆ ئاماژەکردن بۆ پرۆسەی ڕاستەقینەی زاوزێ بەکاردێنن، لەلایەکی

---

[54] هیوا ئەمین جەلال شوانی، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ گەشەی شارنشینی لە پارێزگای هەولێر، سەرچاوەی پێشوو، لا٣١.

[55] LAN Thomas، population Growth، Macmillan education limited، printed in Hong Kong، 1980، p4.

ترەوە پیتی ژیانی (حیوی)(fecundity) توانای فیسیۆلۆژی ئافرەتە بۆ سك پڕی منالّ بوون، یاخود بە واتایەکی تر توانای منداڵ بوونە لەماوەی سك پڕی دا[٥٦]. دەکرێت بەرزی ڕێژەی مێینە لە تەمەنی منداڵ بووندا بەفاکتەرێکی بەرزبونەوەی ڕیژەی پیتی بژمێردرێت[٥٧]، لەزۆربەی کۆمەڵگاکاندا زیاتر گەنجان منداڵ دەخەنەوە، بۆهەژمارکردنی ڕێژەی پیتداری کەماوەی منداڵ خستنەوەلەلای ژنان لەنێوان(١٥-٢٩)ساڵیدا[٥٨]، بێگومان ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر بەرزبوونەوە ڕێژەی پیتداری لەناوچەی لێکۆڵینەوە، چونکە لەماوەی نێوان ساڵانی (٢٠٠٣- ٢٠٠٩) ڕێژەی ئەو مێینانەی کە تەمەنیان لە خوار(٢٠) ساڵیەو هاوسەریگریان کردوە ڕێژەیان نزیکەی(٢٧٪)(خشتەی ژمارە(٦)). ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزەو کاریگەری کردۆتە سەر بەرزی ڕێژەی پیتی زاوزێ لە شاری قەڵادزێ، بەتایبەتی لەساڵی(٢٠٠٨) کە بەرزترین ڕێژەی هاوسەرگیریە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی دانی زیاتر بەتوێژی گەنجان لەڕێگەی پێدانی پێشینەی هاوسەرگیری کە هاندەرێك بوو بۆ زیاتربونی ڕێژەی هاوسەرگیری لەنێوان چین توێژی گەنجان هەروەها بارودۆخی کۆمەلاّیەتیش وەك زووبەشودانو زوو ژن هێنان لەوبارەوە ڕۆڵی خۆی هەبووە.

---

[٥٦] خەلیل ئیسماعیل محەمەد، ڕەوشەکانی پیتی زاوزێ لەپارێزگای سلێمانیدا، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە(٣)ساڵی حەوتەم، ١٩٩٩، لا١١٠ -١١١.

[٥٧] نەجمەدین قادر محمودو سەلاحەددین حسن عەلی، گەشەکردنی دانیشتوانی شارەزوور لێکۆڵینەوەیەکی جوگرافی، گۆڤاری کۆچ، چاپخانەی بینایی، ژمارە(٧-٨)، ٢٠٠٨، لا١٧١.

[٥٨] موسا عبودە سمحەو فوزی عەبد سهاونە، جوگرافیای دانیشتوان، و: هیوا ئەمین جەلال شوانی، چاپخانەی موکریان، هەولێر، ٢٠٠٠، لا١٢٧.

**خشتەی ژمارە ( ٦ )**

**ڕێژەی هاوسەرگیرانی تەمەن ( ١٤ – ٢٠ ) ساڵ لەماوەی ساڵانی ( ٢٠٠٣-٢٠٠٩ ) ٪**

| ســـاڵ | ڕێـــــژە |
|---|---|
| ٢٠٠٣ | ٢٩,٢ |
| ٢٠٠٤ | ٢٤,٧ |
| ٢٠٠٥ | ٢١,٣ |
| ٢٠٠٦ | ٢٥,٧ |
| ٢٠٠٧ | ٢٤,٩ |
| ٢٠٠٨ | ٣٥,٥ |
| ٢٠٠٩ | ٢٧ |
| تێکرا ٢٠٠٣-٢٠٠٩ | ٢٦,٩ |

**سەرچاوە:** بەپشت بەستن بەپاشکۆی ژمارە(٣)

**٣- ئاینی:**

ئاینی ئیسلام کە ئاینی دانیشتوانی ناوچەکەیە کاریگەری دیمۆگرافی هەیە، چونکە ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە هاندانی خەڵك بۆ ژن هێنان و زیادکردنی منداڵ و وەلانانی تەڵاق[٥٩]، بۆیە کەوتونەتە ژێر کاریگەری ئەم ئاینە بەجۆرێك لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە کە ئاماژەی پێدەکات ﴿ ولاَ تقتلو أولادكمْ خشية املاق نحنُ نُرزقهُم و إياكمُ أن قتلهم كان خطا كبيراً﴾[٦٠]، هەروەها ئاینی پیرۆزی ئیسلام جیابوونەوەی هاوسەرەکانی پێ ناخۆشە، چونکە جیابوونەوە بریتیە لە (ابغض الحلال عندالله الطلاق)، ئەمەش دیاردەی جیابوونەوە کەم دەکاتەوە بەهۆی گرانی

---

[٥٩] خەلیل ئیسماعیل محەمەد، دابەشبوونی جوگرافی دانیشتوانی شاری دهۆك، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (٢) ساڵی یەکەم، هەولێر، ١٩٩٩، ل٥٢٧.

[٦٠] القرأن الكريم، سورة الاسراء، الايه (٣١).

ئەم دیاریدەیە بەتایبەت لەڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی، ئەمە یارمەتی دەری ماوەی پەیوەندی هاوسەریەتی و هەلی زۆرتری وەچەنانەوە دەدات[٦١]. سەبارەت بەناوچەی لێکۆڵینەوە بەتێبینی کردن لە خشتەی ژمارە (٧) بۆمان دەردەکەوێت ڕێژەی ئەوانەی هاوسەرگیریان کردوە زیاترە لەوانەی کە جیابوونەوە، بەشێوەیەك تێکڕای ڕێژەی هاوسەرگیری لەماوەی نێوان سالآنی (٢٠٠٣ – ٢٠٠٩) بریتیە لەنزیکی(١٧) لەهەزارا، بەلآم ڕێژەی جیابوونەوە زیاترلە (١٪) لەهەزارا، کەواتا لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت ئەم دیاردەیە کاریگەری هەیە لەسەر بەرزی لەدایك بوون.

**خشتەی ژمارە ( ٧ )**

**هاوسەرگیری و جیابوونەوە لە شاری قەڵادزێ لەماوەی سالآنی**

**( ٢٠٠٣ – ٢٠٠٩ )٪**

| ساڵ | هاوسەرگیری | جیابوونەوە |
|---|---|---|
| ٢٠٠٣ | ١٣,٣ | ١,٣ |
| ٢٠٠٤ | ١١,٣ | ٠,٨ |
| ٢٠٠٥ | ١٩,٣ | ١,٢ |
| ٢٠٠٦ | ٢١,٨ | ١,٧ |
| ٢٠٠٧ | ٢٠,٣ | ٠,٨ |
| ٢٠٠٨ | ١٦,٤ | ١ |
| ٢٠٠٩ | ١٥,٣ | ١ |
| تێکڕا ٢٠٠٣-٢٠٠٩ | ١٦,٨ | ١,١ |

**سەرچاوە/** بە پشت بە ستن بە پاشکۆی ژمارە (٤)

[٦١] خليل اسماعيل محمد، قضاء خانقين ، دراسة في جغرافية السكان، المصدرالسابق، ص١٠٠.

### ٤- سیستەمی کۆمەڵایەتی:

داب ونەریتی کۆمەڵایەتی هاندەرە بۆ ژن هێنان و زۆری منداڵبوون، بەمەبەستی بە هێزکردنی ڕۆڵی پیاو لە نێو کۆمەڵگاو لەنێو کەس و کاری دا، هەروەها بۆ ئەوەی ژن پایەو ڕێزی خۆی لەماڵ و لەلای مێردی خۆی بەهێز بکات، سەرباری ئەوانە ئەم ڕەبەنی و دواکەوتن لە ژن هێنان شتێکی ناشایستەیە[٦٢]. تەڵاق لە نێو کوردا کەمەو کەسێك ژنی تەڵاق دابێ یان ژن تەڵاق دراو بێ بە چاوێکی کەمتر تەماشا دەکرێت، ئەمە لەلایەك لەلایەکی تریشەوە لە بیرو بۆچوونی کۆمەڵایەتیەوە ئەو خێزانانەی کە زۆرترین منداڵیان هەبێ وە زۆربەیان کوڕبن و زیاتر ڕێزیان لێ دەگیرێت، بەرامبەر بەو خێزانانەی کە منداڵیان کەمەو زۆربەیان کچن[٦٣]. هەروەها دەکرێت بڵێین ئەم دیاریدەو داب ونەریتە کۆمەڵایەتیانەی وەك ( ڕێزگرتن لەمنداڵ بوون و هەوڵ دان بۆ خستنەوەی وەچەی زۆر ...هتد چەندین هۆکاری تر لەنێو کورد بەگشتی و ناوچەی لێکۆڵینەوە بەتایبەتی کاریگەری خۆی هەبووە لەسەر بەرزی ڕێژەی لە دایك بوون.

### دووەم : مردن:

مردن بەڕەگەزێکی سـەرەکی دادەنرێت کەکاردەکـاتە سەرگەشـەی دانیشتوان وە هۆکاری سەرەکی کەمبوونەوەی دانیشتوانە، وەتوخمێکی گرنگە لە توخمەکانی گۆڕانی دانیشتوان کە بەتەنها کار ناکاتە سەر گۆڕانی قەبارەی دانیشتوان، بەڵکو کاریگەری بۆ سەر پێکهاتەی جۆری و تەمەنی دانیشتوان هەیە[٦٤]. لە هەمان کاتدا کار لە گەشە ودابەشبوون و چڕی دانیشتوان دەکات، هەروەها لەلێکۆڵینەوەکاندا گرنگی خۆی هەیە، چونکە ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ ئاستەکانی تەندروستی گشتی و بارودۆخی سیاسەتی دانیشتوان بۆ دەوڵەت[٦٥].

---

[٦٢] خەلیل ئیسماعیل محەمەد، دابەشبوونی جوگرافی دانیشتوانی شاری دهۆك، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٢.

[٦٣] فاضل الأنصاری، مشکلة السکان (نموذج القطر العراقی)، منشورات وزارة الثقافة والأرشاد القومی، دمشق، ١٩٨٠، ل٩٠-٩١ .

[٦٤] فتحی محمد ابو عیانة، مشکلات السکان فی الوطن العربي، دار المعرفة الجامعة السکندریة، القاهرة، ١٩٨٧، ص٥٤.

[٦٥] جزا توفیق طالب و عطاء محمد علاء الدین، نمو سکان قضاء حلبجة (١٩٧٧- ٢٠٠٢)، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (ب) ژمارە (٢٦)، تەمووزی ٢٠٠٩، ص٥٥.

شـــتێکی نامۆ نیــە کەجوگرافیــا گرنگی بدات بەتــوێژینەوەکانی ئەم دیــاردەیە لەڕوانگەی ڕەچاوکردن و دیاریکردنی هۆکارو جیاوازیەکانی مردن لەگەڵ شیکردنەوەی ئەم هۆکارو جیاوازیانە لەناوچەیەکە وە بۆناوچەیەکی تر. دیمۆگرافیەکان بۆ هەڵسەنگاندنی ڕێژەی گشتی مردن ئاماژەیان بۆ پێوانەیەکی گرنگ داوە ئەویش ڕێژەی خامی مردنە یان ڕێژەی مردنەکانە بۆ هەر هەزارێك لە کۆی دانیشتوانی ساڵێك، بە پێی ئەم هاوکێشەیەی لای خوارەوە، چونکە ئەم هاوکێشە یە زانیاری تەواومان دەداتێ لەسەر مردووانی ساڵێك بەبەراوورد لەگەڵ هەر هەزار کە سێك لەسەرجەم دانیشتوان[٦٦].

لێکۆڵینەوە دەربارەی ڕێژەی مردن لە شاری قەڵادزێ بەهەمان شـێوەی ڕێـژەی لە دایك بوون ڕووبەڕووی چەندین کێشەو گیروگرفـت دەبێتــەوە، بــەهۆی کــەمی ئامارو داتــای مــردن وەلاوازی داتاکــان لــە ڕووی زانســتیەوە ســەرەڕای هــەموو ئەمانەش پۆلێن نەکردنی ژمارەکان لەسەر بنەمای کۆمەڵەی تەمەنەکان.

ئەگەر ئاماژەیەك بە ڕێژەی مردن بکەین لە شاری قەڵادزێ، بە سەرنج دان لە خشتەی ژمارە(٨) بۆمان دەردەکەوێت کە تێکڕای ڕێژەی مــردن لــەماوەی نێــوان ساڵانی (١٩٧٧ – ٢٠٠٩) نزیکەی (٢)لەهەزارا بووە، هەروەها ڕێژەی مردن لەو ماوەیەدا بەرز بوونەوەو نزم بونەوەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینــوە، بــە شــێوەیەك بەرزترین ڕێژەی مردن لە ساڵی (١٩٨٠) دا تۆمار کراوە کەنزیکەی (٥) بووە لە هەزارا، وەنزمترین ڕێــژەی لــە ســاڵی (١٩٧٧) (١٩٩٣)، (١٩٩٩) دابــووە کــە کەمترلە (١)بووە لە هەزارا، بێگومان نزمــی ڕێــژەی مــردن لــە ســاڵی ١٩٧٧ دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی ئاستی ڕۆشــنبیری و پشــت گــوێ خســتن و تۆمارنــەکردنی ژمارەی مردووەکان لەلایەن دانیشتوانەوە، هەروەها هەست نــەکردنی دانیشــتوان بەوەی کە تۆمارکردنی مردووەکان گرنگی خــۆی هەیــە بۆدانیشــتوانی شــارەکە لەلایـــەكو هـــەم بۆحکومـــەتو ئـــەو لایەنـــە پەیوەندیدارانـــەی کـــەگرنگی بەلێکۆڵینــەوەکانی بــواری دانیشــتوان دەدەن لەلایــەکی تــرەوە، بــەڵام ئەگــەر

---

[٦٦] ڕێژەی گشتی مردووان = ژمارەی مردووان لە ساڵێك دا ÷ ژمارەی دانیشتوان لە نیوەی ساڵدا× ١٠٠٠ بڕوانە: عاطف علبی، الجغرافیا الآقتصادیة والسیاسیة والسکانیة والجیوبولتیکیة، المؤسسة الجامعیة للدراسات وللنشر والتوزیع، بیروت، ١٩٨٠، ص٢٦٩.

ئاماژەیەك بە هەریەك لە ساڵەكانی (١٩٨٠ و ١٩٨٦) بكـەین دەبیـنین ڕێژەكـە بەرەو بەرزبوونەوە دەچێت بە ڕێژەی نزیكەی (٥ )و زیاترلە(٣) لەهەزارا ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دووبارە هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە هەشتاكاندا لـە نێـوان شۆڕشـی كـوردو حكومـــەتی عێراقـی لەلایــەك و بەرزبوونـــەوەی ڕادەی شارنشـــینی و كۆچكردنی ژمارەیەكی زۆر لە گوند نشینەكان بەرەوشـاری قـەڵادزێ لەلایـەكی ترەوە، لەهەمان كاتدا كەمبوونەوەی ئەو ئاستەنگانەی كە پێشتر دەبوونە ڕێگـر لەبەردەم تۆماركردنی ژمارەی مردووان دا[٦٧]، بـەڵام لـە سـاڵی (١٩٨٩) ڕێـژەی مردن بە بەراورد بە سـاڵانی (١٩٨٠- ١٩٨٦) نـزم دەبێتـەوە بۆكەمترلـە (٢) لەهەزارا، هۆكاری سەرەكی ئـەم نـزم بوونەوەیـە وەك لـە قۆناغـەكانی گەشـەی دانیشتوان ئاماژەمان پێ دا دەگەڕێتەوە بۆ خراپی بارودۆخی سیاسـی و نـەبوونی ئاسایش وئارامی لـە شـارەكە، چـونكە لـەو ماوەیـەدا خـەڵكێكی زۆر بـەهۆی سیاسەت و پیلانـەكانی حكومـەتی عیراقـەوە ئـاوارەو پەڕاگەنـدەی ناوچـەكانی دەوروبەری شارەكە دەبن، بۆیە دەكرێت بڵێین ئەم بارودۆخـە خـراپ و نـا ئارامـە ڕێگر بوو لەبەردەم تۆماركردنی ناوی مردووەكانیان، سەر ئەنجام دەبێتە هۆی نـزم بوونەوەی ڕێژەكەی، ئەگینا بە دڵنیایەوە ڕێژەكە زیاتر دەبوو.

ئەگەر تیشك بخەینـە سـەر هەریـەك لـە سـاڵانی (١٩٩٠-١٩٩١-١٩٩٢) ئەبینین داتاكانی تایبەت بە مردن تۆمار نەكراون، هۆكاری ئەمەش دەگەڕێتـەوە بۆ ڕاگواستنی تەواوی شاری قەڵادزێ بۆ سنوری پارێزگای سـلێمانی و هـەولێر و قەزای ڕانیە(پاشكۆی ژمارە(١)) بـەڵام لـە مـاوەی سـاڵانی (١٩٩٣- ١٩٩٩) ڕێژەی مردن دووبارە بەرەو نزم بونەوە دەچێت، لە ساڵی ١٩٩٣ نـزم دەبێتـەوە بـۆ كەمترلە(١) لە هەزاردا هۆكاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كـە تـازە شـاری قەڵادزێ ئاوەدان كرابۆوە زۆربەی دام و دەزگاكانی حكومەت تازە دروست ببونەوە، بەم شێوەیە گرنگی نەدراوە بەتۆماركردنی مردووەكان تەنانەت خەڵكیش خۆیان گرنگیان بە تۆماركردنی مردوەكانیان نەدەدا، چـونكە هێشـتا لـە بارودۆخەكـە

[٦٧] هیوا ئەمین جەلال شوانی، شیكردنەوەیەكی جوگرافی بۆ گەشەی شارنشینی لە پارێزگای هەولێر، سەرچاوەی پێشوو، لا٣٤-٣٥.

دەترسان ودڵنیا نەبوون لەوەی کە ئەتوانن بۆ هەمیشە نیشتەجێ بن لەو شـارەدا، سەبارەت بە هەریەك لە ساڵەکانی (١٩٩٦– ١٩٩٩)یەك بـەدوای یـەك ڕێژەکـە لەدەوروبەری (١)لەهەزارا، (شێوەی ژمارە(٤)) ئەم نـزم بونەوەیـەش لـە ڕێـژەی تۆمـارکردنی مـردووان دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی دانیشـتوان تـا بەشـە خـۆراکی مردووەکانیان وەربگرن، نـاوی مردووەکانیـان تۆمارنـەدەکرد، بـە تایبـەتی دوای جێبەجێ کردنی بڕیاری نەوت بەرامبەر بە خۆراك، سەرەڕای ئەوەی هیچ یاسایەك و هاندەرێك نەبوو تاکو ناچاریان بکات مردوەکانیان تۆمار بکەن[٦٨].

لەماوەی ساڵانی (٢٠٠٢-٢٠٠٩) ڕێژەی مردن لە شاری قەڵادزێ بەرەو بەرزبونەوەچووە بۆ زیاترلە(٢) لەهەزارا، ئەمەش بۆخراپی بارودۆخی تەندروستی ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ تۆمارکردنی زیاتری مردوەکان دەگەڕێتەوە، ئەمە لەلایەك لەلایەکی تریشەوە بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیری دانیشتوانو هەستکردن بەگرنگی تۆمارکردنی مردوەکانیان، لەهەمان کاتدا پێدانی بڕێك پارە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ڕاپەڕاندنی پرسەی مردوو کاریگەری هەبوو بۆ سەر تۆمارکردنی ناوی مردوەکان و دواجار بووبەهۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی مردن، ئەگەر ڕێژەی مردن لە شاری قەڵادزێ لەگەڵ ڕێژەی مردن لەهەریەك لەووڵاتە پێشکەوتوەکانی وەك (ئەمریکای باکوورو ئوستراڵیاو ئەورووپا) بەراوورد بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کەوا جیاوازیەکی زۆریان هەیە بەجۆرێك لەو ووڵاتە پێشکەوتوانەی کە ئاماژەمان پێ دان ڕێژەکە بریتی لە(٩، ١١، ٨) لەهەزارا، هەروەها تێکڕای ناوەندی جیهان بۆمردن(١١) بووە لەهەزارا[٦٩] لەکاتێکدا لەشاری قەڵادزێ تێکڕای ڕێژەکە لەماوەی(٣٢) ساڵدا نزیکەی(٢) لەهەزارا بووە.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت ڕێژەی مردن لەناوچەی لێکۆڵینەوە نزمە، بێگومان نزمی ئەم ڕێژەیە بۆ ئەو کەموکورتیو هەڵەو نادروستیانە دەگەڕێتەوە کە

---

[٦٨] چاوپێکەوتن لەگەڵ (محمود عەبدوڵڵا محەمەد) لێپرسراوی بەشی لەدایك بوونو مردن لەنەخۆشخانەی قەڵادزێ، لەڕێکەوتی١٥/١١/٢٠١٢.

[٦٩] جزا توفيق طالب، المقومات الجيوبوليتكية للأمن القومي في اقليم كردستان العراق، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية ٢٠٠٥، ص١٩٥.

لەداتـاکانی مردنـدا هەیە، ئەمە لەلایەكو لەلایەکی تریشەوە کەمتەرخەمی خەڵك لەو بارەیەوە ڕۆڵی خۆی هە بووە، بەڵام لەبەرامبەردا بەرزی ئاستی ڕۆشنبیری و هۆشیاری و هەستکردن بەگرنگی تۆمارکردنی مردووەکان و باشی ئاستی ئابووری هۆکارن بۆ بوونی ڕێژەیەکی گونجاو لە ڕێژەکانی مردن لەووڵاتە پێشکەوتووەکاندا. لێرەدا دەتوانین بڵێین نزمی ڕێژەی مردن لە شاری قەڵادزێ لەلایەن کەس و کارو دەزگاو فەرمانگەکانی تەندروستی دەگەڕێتەوەبۆ:

١- تائێستاش زۆربەی حاڵەتەکانی مردن لەدەرەوەی نەخۆشخانە تۆماردەکرێن.

٢- مردنی منداڵانی لە تەمەنی بچوکیدا وادەکات ناویان تۆمار نەکرێت.

٣- درەنگ تۆمارکردنی مردوان تاکو کاتی سەرژمێریە گشتیەکان .

٤- کەمتەرخەمی هاوولاتیان لە تۆمارکردنی مردووان.

٥- نەبوونی لێپرسینەوە لە تۆمارکردنی مردووەکانیان[٧٠].

لێرەدا بەپێویستی دەزانین ئاماژە بەوە بکەین کە مردن بێ هۆکار نیە، بەڵکو چەندین هۆکاری هاوبەش لە جیهان دا هەیە کەدەبێتە هۆی مردن، بەشێوەیەکی گشتی بریتین لەمانەی لای خوارەوە:

١- کـەمیی خزمەت گوزاری تەندروستی. ٢- خراپی بارودۆخی ئابووری. ٣- نـەخۆشی. ٤- جـۆری خـواردن. ٥- شوێنی نیشتەجێبوون[٧١]. ٦- بەساڵاچوون. ٧-کێشەوگیروگرفتە کۆمەڵایەتیەکانو ڕووداوەکانی هاتووچۆ. ٨-خراپی بارودۆخی سیاسی ناوچەکە بەتایبەتی لەماوەی ساڵانی حەفتاو هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لەشێوەی کارەساتی بۆردومانی ٢٤/٤/١٩٧٤، هەروەها شەڕی هەشت ساڵەی نێوان هەردووك حکومەتی عێراق و ئێران کە بەهۆی شوێنە جوگرافیەکەی ئەم شارە کاردانەوەی خۆی لەوبارەیەوە هەبووە، ئەمەجگە لەوەی هاوشانی ئەم ڕووداوانەی کە ڕوویانداوە ململانێ و کارەساتی شەڕی ناوخۆش لەو بارەیەوە ڕۆڵی هەبووە.

---

[٧٠] احمد نجم الدین، جغرافیة سکان العراق، مطبعة جامعة بغداد، بغداد، ١٩٨٢، ص٦-٧.

[٧١] عطا مطیر الشمری، الجغرافیة السکانیة، اسس وتطبیقات، دار اسامة للنشر والتوزیع، عمان، ٢٠١٢، ص١١٨- ١١٩.

لێرەدا بەپێویستی دەزانم ئاماژە بەوە بکەم کە بەهۆی نەبوونی هیچ داتاو زانیاریەك لەسەر ئەم خاڵانەی سەرەوە لەشاری قەڵادزێ، نەمان توانی ڕوون کردنەوەی زیاتر لەبارەیانەوە بخەینەڕوو.

**خشتەی ژمارە ( ٨ )**

**مردن لە شاری قەڵادزێ لەماوەی ساڵانی ( ١٩٩٧ – ٢٠٠٩ ) لە هەزارا.**

| ساڵ | مردن | ساڵ | مردن |
|---|---|---|---|
| ١٩٧٧ | ٨،٠ | ١٩٩٣ | ٨،٠ |
| ١٩٨٠ | ٩،٤ | ١٩٩٦ | ١,٤ |
| ١٩٨٣ | ٤،٣ | ١٩٩٩ | ٧،٠ |
| ١٩٨٦ | ٣،٢ | ٢٠٠٢ | ٤،١ |
| ١٩٨٩ | ٤،١ | ٢٠٠٥ | ٦،١ |
| ( * ) | | ٢٠٠٩ | ٢،٢ |
| تێکڕا(١٩٧٧-٢٠٠٩) | | | ٩،١ |

**سەرچاوە/** بەپشت بەستن بەپاشکۆی ژمارە( ٥ )دەرهێنراوە.

**شێوەی ژمارە ( ٤ )**

**مـردن لەشاری قەڵادزێ لەماوەی ساڵانی ( ١٩٧٧ – ٢٠٠٩ ) لەهەزارا.**




**سەرچاوە:** بەپشت بەستن بە خشتەی ژمارە(٨).

## خشتەی ژمارە ( ٩ )
## گەشەی سروشتی دانیشتوانی شاری قەڵادزێ لە ماوەی ساڵانی ( ١٩٧٧ – ٢٠٠٩ ) لە هەزارا.

| ساڵ | ڕێژەی گەشەی سروشتی | ساڵ | ڕێژەی گەشەی سروشتی |
|---|---|---|---|
| ١٩٧٧ | ٧،١٣ | ١٩٩٦ | ٥،٢١ |
| ١٩٨٠ | ٦،٣٠ | ١٩٩٩ | ٩،٣٥ |
| ١٩٨٣ | ٨،٣٩ | ٢٠٠٢ | ٤،٣٢ |
| ١٩٨٦ | ٦،٥٤ | ٢٠٠٥ | ٦،٢٣ |
| ١٩٨٩ | ٣،٣٥ | ٢٠٠٩ | ٨،٢٢ |
| ١٩٩٣ | ٥،٣٠ | | |
| تێکرا ١٩٧٧-٢٠٠٩ | | | ٩،٣٠ |

سەرچاوە: بە پشت بەستن بە هەردووك خشتەی ژمارە (٥) و (٨) دەرهێنراوە.

## شێوەی ژمارە ( ٥ )
## گەشەی سروشتی دانیشتوانی شاری قەڵادزێ لەماوەی ساڵانی ( ١٩٧٧– ٢٠٠٩ ) لە هەزارا.




سەرچاوە: بەپشت بەستن بەخشتەی ژمارە(٩).

بەم شێوەیە دوای ئەوەی کە داتاو ئامارەکانی تایبەت بە هەریەك لە لەدایك بوون و مردن مان خستە ڕوو بۆمان دەردەکەوێت کەوا ڕێژەی گەشەی سروشتی دانیشتوان پاڵپشت بە هەریەك لەتۆمارەکانی لەدایکبوون ومردن لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٧–٢٠٠٩) بەرزبوونەوەو نزم بوونەوەیەکی زۆری بەخۆیەوەبینیوە، بەجۆرێك نزمترین ڕێژەی گەشەی سروشتی دانیشتوان لەساڵی (١٩٧٧)دا بووە (١٣,٧) لەهەزارا وە بەرزترین ڕێژەش لەساڵی(١٩٨٦) بووە(٥٤,٦) بووە لەهەزارا، هەروەها بۆمان دەرکەوت کە تێکڕای گەشەی سروشتی دانیشتوان لەماوەی نێوان (١٩٧٧-٢٠٠٩) گەیشتۆتە نزیکەی(٣١) لەهەزاردا، بێگومان بەرزی ئەم ڕێژەیەش دەگەڕێتەوە بۆ بەرزی ڕێژەی لە دایکبوون و کەمی ڕێژەی مردن لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا، لەبەرئەوە دەکرێت بڵێین ڕێژەی گەشەی سروشتی دانیشتوانی شاری قەڵادزێ بەهۆی ئەو ڕێژە بەرزەیەوە ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕاوە لەبەرزبوونەوەی ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی شارەکە، لەبەرئەوە شاری قەڵادزێ بەم ڕێژە بەرزەیەوە دەچێتە ناو چوارچێوەی ئەو ناوچانەی، کە ڕێژەی گەشەی سروشتی دانیشتوانیان زیاتر لە(٣٠) لە هەزاردا[٧٢]، وەك هەرێمی کوردستان، کە(٣٠,٢) لە هەزاردا[٧٣].

**ب - کۆچ :**

کۆچی دانیشتوان زادەی ئەمڕۆو دوێنی نیە، بەڵکو دیاریدەیەکی دێرینەو لەوەتەی مرۆڤ لەسەر ئەم زەویە پەیدا بووە ئەم دیاریدەیە هەر هەبووە.کۆچ کردن پەرەی سەندوەو بایەخی پەیداکردوە، بەتایبەتی پاش زیادبوونی سیستمی گەشەی دانیشتوان و پەرەسەندنی پێداویستیەکانیانو بەرەوپێش وەچوونی ڕایەڵی گواستنەوەو پەیوەندیکردنە[٧٤]، وە بەیەکێك لەجۆرەکانی جوڵانەوەی

---

[٧٢] هیوا ئەمین جلال شوانی، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ گەشەی شارنشینی لە پارێزگای هەولێر، سەرچاوەی پێشوو، لا٣٧.

[٧٣] جەزا تۆفیق تالب، بایەخی جیۆپۆلەتیکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ١٩٩٩، لا٦٨.

[٧٤] خەلیل ئیسماعیل محەمەد، کۆچی توانا زانستیەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، سەرچاوەی پێشوو، لا٥-٦.

شوێنی دانیشتوان دەژمێردرێتو پەیوەندی بەدابەشبوونی دانیشتوانەوە هەیە، لەهەمان کاتدا کاریگەریەکی گەورە دەکاتە سەر ڕووخسارەکانی گۆڕانی ئابووریو کۆمەڵایەتی لەئەنجامی کارلێکردنو تێکەڵاوبوونی لەگەڵ هۆکارە دیمۆگرافیەکانی تردا[٧٥]. کۆچ ڕەگەزێکی سەرەکیە لەڕەگەزەکانی لێکۆڵینەوەی دانیشتوان، بەجۆرێك هەموو لێکۆڵینەوەکانی سەبارەت بەکۆچ کردن ئاماژە بەوە دەکەن کە قەوارەی کۆچ زۆر جار بەقەوارەی دانیشتوانەوە بەستراوەتەوە[٧٦]، لەم گۆشە نیگایەوە دەکرێت کۆچ بەسەرچاوەو هێزی دووەمی گۆڕانی قەبارەی دانیشتوان بژمێردرێت، وە هۆکارێکی گرنگیشەکە کاریگەری کردۆتە سەر تێکڕای جیاوازی گەشەی دانیشتوان. لەزۆرکاتدا ئاڕاستەیەکی پۆزەتیڤ وەردەگرێت لە نێوان هەردووك ناوچەی کۆچ لێوەکراو کۆچ بۆ کراو، بەشێوەیەك دەبێتە هۆی زیادبوونو کەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتوان لە ناوچەیەکی جوگرافی دیاری کراو لە ماوەیەکی دیاریکراو. بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆر کۆچ کردن لە شاری قەڵادزێ بەدی دەکرێت، کۆچی ناوخۆیی و کۆچی دەرەکی:

## یەکەم: کۆچی ناوخۆیی

گرنگترین جۆرە لەجۆرەکانی جوڵانەوەی شوێنی کە لەناو چوارچێوەی سنوری دەوڵەتدا ڕوودەدات، لەڕووی بیرۆکەوە جیاوازە لەگشت جوڵانەوە شوێنیەکانی تر[٧٧]، ئەم کۆچ کردنە هەمیشە ڕوو دەدات لە نێوان دووناوچەی لە یەکتری جیاواز لەڕووی ژمارەی دانیشتوان، ناوچەیەك کە دانیشتوانی زۆرە هۆکاری وەدەرنانی دانیشتوانە، بەڵام لەبەرامبەردا ناوچەیەك دانیشتوانی کەمە هۆکاری ڕاکێشانی دانیشتوانە[٧٨]، بەڵام دەکرێت بڵێین مەرج نیە ئەمە لەهەموو

---

[٧٥] ناصر عبدالله مرعی الكثيری، الهجرة الداخلية لسكان المحافظات الشمالية في جمهورية اليمن(١٩٧٥- ١٩٨٦)، مركز مبادی للدراسات والنشر، صنعاء، ١٩٩٨، ص٢٢.

[٧٦] خەلیل ئیسماعیل محەمەد، لایەنی دیمۆگرافی وبزاوتی کۆچ لەپارێزگای هەولێر، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە (١)ساڵی پێنجەم، سلێمانی، ١٩٩٦، لا١٥.

[٧٧] هەمان سەرچاوە، لا٣١.

[٧٨] واحد حمه وەيس نصر الله، الهجرة الخارجية وأثرها في بناء الأسرة و وظائفها (دراسة ميدانية في مدينة السليمانية)، رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة بغداد، بغداد، ٢٠٠٥، ص٩. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی کۆچی ناوخۆ بڕوانە: أ- ڕزگار سعيد قادر بشدری، العمالة الوافدة والتغير

بارودۆخێکدا ڕوودات، بۆشیکردنەوەی ڕۆڵی کۆچی ناوخۆ لەگەشەکردنی دانیشتوانی شاری قەڵادزێ دا باس لەهەریەك لە کۆچکردن لە گوندەکانەوە بۆ سەنتەری شارو کۆچکردن لە پارێزگاو قەزاکانەوە بۆ ناوشاری قەڵادزێ دەکەین وە بە پێچەوانەوە.

### أ/ کۆچ کردن لە گوندەکانەوە بەرەو شاری قەڵادزێ

بزافی جوڵانەوەی مرۆڤ بەتایبەت ڕەوکردن لە گوندەوە بۆ شار، یەکێکە لەو هۆکارە تایبەتیانەی کەئاڕاستەی گەشەکردنی دانیشتوانو دابەشبوونی جوگرافی دیاری دەکات، کەلەدواتردا گۆڕانکاری ئابووریو کۆمەڵایەتی ڕوودەدات[79]، لە ڕاستیدا کۆچ کردن لە گوندەوە بۆ شارەکان دیاریدەیەکی تازە نیە، هەمیشە شارەکان پشت بەدانیشتوانی گوندەکان دەبەستن، چونکە گوندەکان تەنها پێداویستی و خۆراك بۆ شارەکان دابین ناکەن، بەڵکو هێزی دووەمن لە دابینکردنی دانیشتوان بۆ شارەکان ئەمەش لە ڕێگەی ئەم کۆچکردنەی کە لە گوندەکانەوە بەرەو شارەکان دەکرێت[80].

ئەگەر ئاماژەیەك بە کۆچی دانیشتوانی گوندەکان بۆ شاری قەڵادزێ بکەین، لەگەڵ ئەوەی کە داتاو ئامارێکی وردمان لەبەردەست دا نیە، تەنها ئەوەندە نەبێت کە لە ساڵی (٢٠٠٢)ئەوانەی لە گوندەکانەوە کۆچیان کردوە بۆ ناو شاری قەڵادزێ ڕێژەیان لە(٨٪) ی کۆی گشتی دانیشتوانی شارەکە بووە، (خشتەی ژمارە(١٠)) بەلام لەساڵی (٢٠٠٩) ڕێژەیان نزیکەی لە(١١٪)ی دانیشتوانی شاری قەڵادزێ یان پێکهێناوە.(خشتەی ژمارە(١١)).

لەهەمان کاتدا لەرێگەی بەراووردکردنی ڕێژەی گەشەی شارنشینیو گوندنشینی قەزاکەوە دەتوانین کۆچ کردن لەگوندەوە بۆشارمان بۆدەربکەوێت، بە تێبینی کردن لە خشتەی ژمارە (١٢) بۆمان دەردەکەوێت کە ڕێژەی گەشەی

---

الديموغرافی في العراق(١٩٦٨–١٩٩٠)، مرکز کردستان للدراسات الأستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٨، ل٢٣.

[79] خەلیل ئیسماعیل محەمەد، کێشەی کورد لەحەقیقەتە مێژوویەکان و واقیعی جوگرافیای ناوچەکەدا، جیۆستراتیجی کوردستانی عێراق، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠١، ل٥١.

[80] نيس هـ . رونج، علم السكان، ترجمة السيد محمد غلاب، دار مصر للطباعة، القاهرة، ١٩٦٧، ص١٤١.

دانیشتوانی گوندەکان لەسەر ئاستی قەزا لەزۆربەی سالآنی ماوەی لێکۆڵینەوە بەرەو کەمبوونەوە چووە، لەبەرامبەردا ڕێژەی گەشەی شارنشینی بەرەو بەرزبوونەوە چووە، بەجۆرێك لەماوەی (١٩٥٧-٢٠٠٩) ڕێژەی گەشەی شارنشینەکان ساڵانە گەیشتۆتە نزیکەی (٥٪) لەبەرامبەردا ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی گوند نشینەکان گەیشتۆتە کەمترلە (١٪)، بەلآم لەماوەی سالآنی (١٩٥٧–١٩٦٥) ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی شارنشینی سالآنە (٢٪)بووە لەبەرامبەردا ڕێژەی گوندنشینەکان (٣٪) بووە، وە لەماوەی سالآنی(١٩٦٥–١٩٧٧) ڕێژەی گەشەی سالآنەی دانیشتوانی شارنشینی بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزبوونەوە بەخۆیەوە دەبینێ وەدەگاتە لە(٩٪)، بەلآم گەشەی سالآنەی دانیشتوانی گوندنشینەکان بەرەوکەمبونەوە چووە بەڕێژەی لە(-١، ٣٪) ئەمەش ئاماژەیە بۆکۆچکردن لەگوندەوە بۆشار. وەلەماوەی سالآنی (١٩٧٧–١٩٨٧) بەپێچەوانەوە ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی شارنشینی قەزا نزمترین ئاستی بەخۆیەوە بینیوە کە کەمتر لە(٠، ١٪)، بەلآم ڕێژەی گەشەی سالآنەی دانیشتوانی گوندەکان تەواو بەرزدەبێتەوە بۆنزیکەی لە (٦٪) سالآنە.

**خشتەی ژمارە (١٠)**

**دانیشتوانی شاری قەڵادزێ لە ڕووی شوێنەکانیانەوە بە پێی ساڵی ٢٠٠٢ ٪**

| ڕێژە ٪ | ژمارە | شوێنی نیشتەجێبوون |
|---|---|---|
| ٤٨,٩ | ٢١٧٤٤ | دانیشتوانی شاری قەلآدزێ . |
| ٨ | ٣٦٠٠ | * ئەوانەی لە گوندەکانی دەوروبەرەوە هاتوون و لەناو شاری قەلآدزێ نیشتەجێبوون. |
| ٣٨,٢ | ١٧٠٠٠ | **ئەوانەی لەقەزاکانی پارێزگای سلێمانیەوە هاتوون و لەشاری قەلآدزێ نیشتەجێبوون. |
| ٤,٩ | ٢١٦٠ | *** ئاوارەکانی پارێزگاجیاجیا کانی تر کە هاتوون ولەناو شاری قەلآدزێ نیشتەجێبوون. |
| ١٠٠ | ٤٤٥٠٤ | کۆی گشتی دانیشتوانی قەلآدزێ. |

**سەرچاوە:**

*حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، پارێزگای سلێمانی، قایمقامیەتی قەزای پشدەر، بەشی کارگێڕی.

** بەڕێوبەرایەتی گشتی ئاسایشی ڕانیە، بەڕێوبەرایەتی ئاسایشی قەڵادزێ، هۆبەی زانیاری، لیستی ناوی ئەوانەی کە لەشوێنە جیاجیاکانەوە هاتوون لە شاری قەڵادزێ نیشتەجێبوون.

*** وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی قەڵادزێ، بەشی ئەنجومەنی شارەوانیەکان، لیستی ناوی ئاوارەکان.

## خشتەی ژمارەی (١١)

## دانیشتوانی شاری قەڵادزێ لە ڕووی شوێنەکانیانەوە بە پێی ساڵی ٢٠٠٩ ٪

| شوێنی نیشتەجێبوون | ژمـارە | ڕێـژە٪ |
|---|---|---|
| دانیشتوانی شاری قەڵادزێ. | ٣١٧١٨ | ٥٢ |
| * ئەوانەی لە گوندەکانی دەوروبەرەوە هاتوون و لەناو شاری قەڵادزێ نیشتەجێبوون. | ٦٥٠٠ | ١٠,٧ |
| **ئەوانەی لەقەزاکانی پارێزگای سلێمانیەوە هاتوون و لەشاری قەڵادزێ نیشتەجێبوون. | ١٠١٠٠ | ١٦,٥ |
| *** ئاوارەکانی پارێزگاجیاجیاکانی تر کەهاتوون و لەناو شاری قەڵادزێ نیشتەجێبوون. | ١٢٧٢٠ | ٢٠,٨ |
| کۆی گشتی دانیشتوانی قەڵادزێ . | ٦١٠٣٨ | ١٠٠ |

**سەرچاوە:** * حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، پارێزگای سلێمانی، قایمقامیەتی قەزای پشدەر، بەشی کارگێڕی.

** بەڕێوبەرایەتی گشتی ئاسایشی ڕانیە، بەڕێوبەرایەتی ئاسایشی قەڵادزێ، هۆبەی زانیاری، لیستی ناوی ئەوانەی کە لەشوێنە جیاجیاکانەوە هاتوون لە شاری قەڵادزێ نیشتەجێبوون.

***وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی قەڵادزێ، بەشی ئەنجومەنی شارەوانیەکان، لیستی ناوی ئاوارەکان.

سەبارەت بەساڵانی (١٩٨٧-٢٠٠٢) ڕێژەی گەشەی ساڵانەی شارنشینی گەیشتۆتە نزیکەی (٨٪)، کەچی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی گوندنشینی کەم بۆتەوە بەڕێژەی (-٢، ٥٪)، ئەمەش جارێکی ترئاماژەیە بۆکۆچی گوندنشینەکان بەرەوسەنتەری شار، بەڵام لەماوەی ساڵانی (٢٠٠٢ –٢٠٠٩) ڕێژەی گەشەی ساڵانەی شارنشینی گەیشتۆتە زیاتر لە(٤٪)، بەڵام لە هەمان ماوەدا جارێکی تر ڕێژەی گەشەی گوندنشینی کەمی کردوە بە ڕێژەی(-٤، ٢٪) ئەمە نزمترین ڕێژەی گەشەی گوندنشینە کەقەزای پشدەر بەخۆیەوە بینیوە لەماوەی لێکۆڵینەوە.

لەخشتەی ژمارە (١٣)دا کەتایبەتە بەڕادەی شارنشینی و گوندنشینی لەقەزای پشدەر دەردەکەوێت ڕادەی گوندنشینی لەزۆربەی ساڵانی ماوەی لێکۆڵینەوەدا بەرەو نزم بوونەوە چووە، لەبەرامبەردا ڕادەی شارنشینی بەرەو بەرزبوونەوە چووە، بەجۆرێك لەسەرژمێری ساڵانی( ١٩٥٧) دا ڕێژەی شارنشینی لە قەزای پشدەر لە (١٦٪) بووە، لەبەرامبەردا گوندنشینی لە (٨٤٪) بووە، بەڵام لە ساڵی (٢٠٠٩)دا ڕێژەی شارنشینی بۆ نزیکەی (٧٥٪) بەرزبۆتەوە، لەبەرامبەردا گوندنشینی لە(٢٥٪) بوو، بێگومان بەرزبوونەوەی ڕادەی شانشینی قەزای پشدەر و لەبەرامبەریش دا نزمبوونەوەی ڕادەی گوند نشینی ئاماژەیە بۆکۆچی گوندنشینەکان بەرەو سەنتەری شارەکانی قەزا وشاری قەڵادزێ.

**خشتەی ژمارە ( ١٢ )**
**ڕێژەی گۆڕانی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی سەنتەرە شارنشینی و گوندنشینەکانی قەزای پشدەر لەماوەی ساڵانی( ١٩٥٧ – ٢٠٠٩ )٪**

| مــاوە | سەنتەری شارنشینی ٪ | گوندنشینی ٪ |
|---|---|---|
| ١٩٥٧- ١٩٦٥ | ٢ | ٢,٩ |
| ١٩٦٥- ١٩٧٧ | ٩,١ | ١,٣- |
| ١٩٧٧- ١٩٨٧ | ٠,٠٩ | ٥,٧ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٩٨٧ – ٢٠٠٢ | ٧,٩ | ٢,٥- |
| ٢٠٠٢ – ٢٠٠٩ | ٤,٣ | ٤,٢- |
| ١٩٥٧- ٢٠٠٩ | ٤,٦ | ٠,١ |

**سەرچاوە:** بە پشت بەستن بە پاشکۆی ژمارە (٢)، ڕێژەی گەشە دەرهێنراوە بەهەمان یاسای خشتەی ژمارە(٢)ی پێشوو.

هەروەها لێرەدا بە پێویستی دەزانین ئاماژە بەوەبکەین کە دیاریدەی کۆچکردنی زۆرەملێ ی گوندنشینەکان لە قەزای پشدەر لەماوەی سالآنی(١٩٧٨ –١٩٨٩) یەکێك بووە لەودیاریدە بەرچاوانەی کە کاریگەری کردۆتە سەر گەشەی دانیشتوانی شاری قەلآدزێ و سەنتەرە شارنشینەکانی قەزای پشدەر، هەر بۆیە بە تێبینی کردن لە خشتەی ژمارە(١٤)دا بۆمان دەردەکەوێ لەماوەی نێوان سالآنی (١٩٧٨-١٩٧٩) قەزای پشدەر زۆرترین ڕاگواستن و کۆچی زۆرە ملێ گوند نشینەکانی بەرەو شاری قەلآدزێ و سەنتەرە شارستانیەکانی قەزای پشدەر بەخۆیەوە بینیوە. بەجۆرێك ژمارەی گوندە ڕاگوێزراوەکان(٧٥)گوند بووە، هەروەها (٣٦٠٦) خێزان بووە، لەم ماوەیەدا(٢٤) گوندو (١١٣١) خێزان بۆشاری قەلآدزێ وئۆردوگای پێمالْك لەناوشاری قەلآدزێ ڕادەگوازرێت، ئەمەش کاریگەری کردەسەر بەرزبوونەوەی ژمارەی دانیشتوانی شاری قەلآدزێ لەو ماوەیەدا، وە لەماوەی نێوان سالآنی(١٩٨٠-١٩٨٦) (٢) گوندی تر ڕادەگوێزرێ، کەژمارەیان (٢٤٠) خێزان بووە، وە لە ماوەی سالآنی (١٩٨٧-١٩٨٩ ) (٢٢) گوندی تر ڕادەگوازرێ کە پێك هاتبوو لە (٥٨١) خێزان، کە (١٠) گوندو (٣٨١) خێزان بەرەو شاری قەلآدزێ وئۆردوگای پێمالْك لەناو شاری قەلآدزێ ڕادەگوازرێت. کەواتا لێرەوە دەتوانین ئاماژە بەوەبکەین لەماوە (١٩٧٨- ١٩٨٩)

(٩٩)گوندو (٤٤٢٧)خێزان لەگوندنشینەکانی قەزای پشدەر بەرەو سەنتەرە شارنشینیەکانی قەزاکە ڕادەگوازرێن کە(٣٤)گوندو (١٥١٢) خێزان لە ناوشاری قەلآدزێ کۆدەکرێنەوە، بێگومان ئەم جۆرە کۆچ پێ کردنە ڕەنگ دانەوەی خۆی هەبووە لەسەر گەشەی دانیشتوانی شارەکە.

**خشتەی ژمارە ( ١٣ )**

**ڕێـژەی شارنشینی و گوندنشینی لە قەزای پشدەر لەماوەی ساڵانی**

**( ١٩٥٧ – ٢٠٠٩ ) ٪**

| ساڵ | شارنشینی٪ | گوندنشینی٪ |
|---|---|---|
| ١٩٥٧ | ١٦,١ | ٨٣,٩ |
| ١٩٦٥ | ١٥,٢ | ٨٤,٨ |
| ١٩٧٧ | ٣٧,٥ | ٦٢,٥ |
| ١٩٨٧ | ٢٥,٧ | ٧٤,٣ |
| ٢٠٠٢ | ٦١,٥ | ٣٨,٥ |
| ٢٠٠٩ | ٧٤,٥ | ٢٥، ٥ |

**سەرچاوە/** بە پشت بەستن بە پاشکۆی ژمارە(٢).

**خشتەی ژمارە ( ١٤ )**

**ڕاگواستنی زۆرەملێی گوند وخێزانەکانی قەزای پشدەر بۆ سەنتەرە**

**شارنشینەکانی قەزاکەو شاری قەڵادزێ لە ماوەی ساڵانی ( ١٩٧٨-١٩٨٩ )**

| ماوە | ژمارە گوند | ژمارەی خێزان | ئەو گوندو خێزانانەی بەرەو ئۆردوگای پیێماڵك وناو شاری قەڵادزێ ڕاگواستراون | |
|---|---|---|---|---|
| | | | ژمارەی گوند | ژمارەی خێزان |
| ١٩٧٨- ١٩٧٩ | ٧٥ | ٣٦٠٦ | ٢٤ | ١١٣١ |
| ١٩٨٠-١٩٨٦ | ٢ | ٢٤٠ | -- | -- |
| ١٩٨٧-١٩٨٩ | ٢٢ | ٥٨١ | ١٠ | ٣٨١ |
| کۆی گشتی | ٩٩ | ٤٤٢٧ | ٣٤ | ١٥١٢ |

**سەرچاوە:**

Shorsh ،M.Resool ،Destruction of Anation ،op.cit ،pp ،120 -124.

لێرەوە لەئەنجامی شیکردنەوەی خشتەکانی (١٤، ١٣، ١٢)ی پێشوودا دەکرێت بڵێین کۆچ لەگوندەوە بۆشارو بەتایبەتی کۆچی زۆرەملێی گوند نشینەکان ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەری لەگەشەکردنی دانیشتوانی شاری قەڵادزێ دا گێڕاوە، بێگومان کۆچ کردن وکۆچی زۆرەملێی گوندنشینەکان لە ئاکامی چەند هۆکارێك وە بووە کە لە مانەی خوارەوە کورتیان دەکەینەوە:

**١- هۆکاری سیاسی :**

لەبەرئەوەی شاری قەڵادزێ لە زۆربەی کاتەکان دا کاریگەر بووە بە ڕووداوە سیاسیەکان، ئەم هۆکارە ڕەنگ دانەوەیەکی زۆری هەبووە لە سەر کۆچ پێکردنی زۆرە ملێی گوندنشینەکان بۆ ناو شاری قەڵادزێ و سەنتەرە شارنشینەکانی تر، بۆیە دەکرێت بە بەهێزترین وکاریگەرترین هۆکار دابنرێت لەپەرەسەندنی کۆچی گوندنشینەکان بەرەو ناوچەی لێکۆڵینەوە، چونکە ئەم بارودۆخە سیاسیە لەئاکامی شەڕی نێوان کوردو حکومەتی عێراق هاتەکایەوە، بەتایبەت دوای ڕێکەوتننامەی جەزائیر (١٩٧٥) بەم بۆنەیەوە حکومەتی عێراق دەستی کرد بەچۆڵ کردنی ناوچەکانی سەر سنووری عێراق – ئێران بە قوڵایی ١٠-٢٠کیلۆ مەتر. لەو سەرو بەندەدا هەموو گوندو شارۆچکەکانی سەر سنووری وێران کردو خەڵکەکەی ئاوارە و دەربەدەرکرد، ئەمەش بە ئامانجی سڕینەوەی پەیوەندی ڕامیاری وئابووری وکۆمەڵایەتی وفەرهەنگی کوردستانی عێراق بوو بەدانیشتوانی ناوەڕاست وباشووری عێراقەوە، بەتایبەتی ئەوناوچانەی کوردستان کە هاوسنووری باشووری عێراق بوون ئەمەلەلایەك، لەلایەکی ترەوە گوندەکان بەتایبەت گوندی ناوچە شاخاویەکان باشترین شوێنی شەڕی پارتی زانی بوون، هەر بۆیە وشکردنی سەرچاوەکانی ئەو ئیمکانیەتانە وچۆڵکردنی ناوچەکان لەڕووی سوپاوە زەمینەیەك بوو بۆ لاوازکردنی خەباتی چەکداری[٨١] لەهەمان کاتدا شەڕی نێوان عێراق و ئێران لەساڵی(١٩٨٠–١٩٨٨)کەبەشی باکووری ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستانی عێراقی گرتەوە بەتایبەتی پارێزگای سلێمانی

---

[٨١] سلێمان عەبدوڵڵا، گۆڕانکاری چەندێتی جێنشینە دێهاتیەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە(١٧) هەولێر، ساڵی ٢٠٠٠،، ل١٦٧ -١٦٨ .

کەوتە بەر پڕشکی ئەم جەنگە، حکوومەتی ناوەندی ئەم شەڕەی وەك بیانویەك بەکارهێنا بۆ ئەنجامدانی کاولکردنی گوندەکانی کوردستان و ڕاگواستنی خەڵکەکەی بەسەر ئەو ئۆردوگا زۆرە ملێیانەی کە هەر لەبەندیخانە دەچوون[(٢٨٢)]، وە لەماوەی ئەو شەڕەدا (٦٨١) گوند لەپارێزگای سلێمانی وێران کرا[٨٣]، لەکاتێکدا بە درێژایی ماوەی ئەم شەڕە (٥٧)گوند لەسەر سنووری قەزای پشدەر ڕاگواستران[٨٤]، کە بەشێك لەو گوندانە لەماوەیەدا لەئۆردوگای پێماڵك و ناو شاری قەڵادزێ جێگیرکران وەك لەخشتەی ژمارە(١٤)ی پێشوو ئاماژەمان پێدا.

### ٢- هۆکاری خزمەتگوزاری

هەمیشە جۆرێك لەجیاوازی هەیە لە نێوان شارو گوند لە ڕووی خزمەتگوزاریەکانەوە، وەك ئاشکرایە شارەکان بەتایبەتی سەنتەری پارێزگاو قەزاکان، ئەو ناوچانەن کە زۆرترین خزمەتگوزاریەکانی پەروەردەی و تەندروستی ورۆشنبیری تێدا کۆبۆتەوە لەبەرامبەریش دا لاوازی و زۆرجار نەبوونی ئەو خزمەتگوزاریانە لە گوندەکان پاڵ بەگوندنشینەکانەوە دەنێن کەبەرەو شارەکان کۆچ بکەن[(٥)]. شاری قەڵادزێ بەو پێیەی سەنتەری کارگێری قەزای پشدەرە لەبەرئەوە زۆربەی دامووەزگا خزمەت گوزاریە سەرەکیەکانی قەزای پشدەر لەو شارەدا کۆبونەتەوە کە دانیشتوان بەبەردەوامی و ڕۆژانە پێویستیان پێیەتی، وەك خزمەتگوزاریەکانی تەندروستیو پەروەردەو خوێندنی باڵاو تادوایی، لەبەرامبەریشدا لاوازی ئەم خزمەتگوزاریانە لەگوندەکانی قەزای پشدەر هۆکاری کۆچی گوندنشینەکان بووە.

---

[٨٢] ئەمیـن قـادر مینە، ئەمنـی ستراتیجی وسێکوچکەی بەعسیان، تەرحیل- تەعریب- تەبعیس، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی،١٩٩٩، ل٢٠٦.

[٨٣] مراد حەکیم، ئاکامە کۆمەڵایەتیەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی کورد لەعێراق لەسەردەمی بەعس دا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٠.

[٨٤] سلێمان عەبدوڵلا، ڕاگواستنی گوندنشینەکان لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٦.

[(٥)] محەمەد شاکەلی، لەلادێوە بۆ شار، لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی کۆچی گوندنشینەکانی کوردستان بەرەو شارەکان، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ٢٠٠٦، ل١٨ .

### ٣- هۆکاری ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری

پاڵنەرێکی کۆچکردن لەگوندەوە بۆ شار: بریتیە لەجیاوازی داهات لە نێوان گوندو شاردا، بەجۆرێك بڕی ئەو داهاتەی کە تاکێك لەکەرتێکی کشتوکاڵی دادەستی دەکەوێت کەمترە لەو بڕە داهاتەی کە لەکەرتێکی ئابووری لەشار دەستی دەکەوێت[٨٥]. وە لەئاکامی خراپی دابەشبوونی زەویە کشتوکاڵیەکان وناکۆکی هۆزایەتی و خراپی ئاستی بژێوی گوندنشینەکان و نزم بوونەوەی بەهای ئابووری و بەروبوومی کشتوکاڵی وای کردوە کە ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی گوندەکان کۆچ بکەن بەرەو شارەکان[٨٦]، ئەمە جگە لەوەی کە پاش ئەو هەموو ساڵە بەروبوومی جووتیاری کورد لە ڕووی چەندو چۆنیەتیەوە بەرەو خراپتر دەچێت و ناتوانێت کێبڕکێ بەروبوومەکانی تری بێگانە بکات[٨٧]. وە زۆربوونی پێداویستی و داواکاریەکانی تاك و گران بەدەست هێنانی ئەو داواکاریانە لە گوندەکاندا دەبێتە هۆی کۆچ کردن بۆ شارەکان، لەهەمان کاتدا گەڕان بە دوای ژیانێکی باشتر و هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و گەیشتن بەبوارە جیاوازەکانی پەروەردەو فێرکردن هۆکارن بۆ کۆچکردن لە گوندەکانەوە بەرەو شارەکان.

بەوپێیەی زۆربەی زەویە کشتوکاڵیەکانی قەزای پشدەر بەدەستی کۆمەڵێکی دیاریکراوی وەك دەرەبەگەکانەوە بوون، حکوومەت زەویەکانی بەناوی دەرەبەگەکانەوە تاپۆ دەکرد، لەبەرامبەریشدا جوتیارەکان لێی بێبەشکرابوون مافی خاوەنداریەتی زەویان نەبوو، لەهەمانکاتدا وەك سەپان وکرێکارێك بەرامبەر بەداهاتێکی کەم کەبەشی بژێوی ژیانیانی نەدەکرد لەکێڵگەی دەرەبەگەکاندا کاریان پێدەکرا، بۆیە جووتیارەکان نەیان دەتوانی منداڵەکانیان بنێرنە خوێندن، ئەمەش هۆکاربوو بۆلاوازی ئاستی ئابووری وڕۆشنبیری

---

[85] N. V. Sovani، Urbanization and urban India، printed India، 1965، pp28-29.

[٨٦] هیوا ئەمین جەلال شوانی، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ گەشەی شارنشینی لەپارێزگای هەولێر، سەرچاوەی پێشوو، لا٤٣٦.

[٨٧] محەمەد شاکەلی، لەلادێوە بۆ شار، لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی کۆچی گوندنشینەکانی کوردستان بەرەو شارەکان، سەرچاوەی پێشوو، لا٢٠.

جووتیاران ڕۆژلە دوای ڕۆژ ئەمە سەرەڕای جیاوازی چینایەتی وپلەی کۆمەلأیەتی پالنەربوو بۆسەرهەلدانی کێشەو گیروگرفتی کۆمەلأیەتی لەنێوانیاندا، بێگومان ئەمانەی باسمانکردن هۆکاربوون بۆ کۆچی گوندنشینەکانی قەزای پشدەر بەرەو شاری قەلأدزێ[88]. لەئێستاشدا بەهۆی دامەزراندنی خەلکێکی زۆر لەدامودەزگانی حکوومەتو لاوازی پشتگیری کردنی دەولەت لەکەرتی کشتوکالیو ئاژەلدری هەروەها کەمتەرخەمی هەندێك کات نەتوانینی حکومەت لەدابینکردنی خزمەتگوزاریەکان بۆگوندنشینەکان، لەهەمانکاتدا بەرهەمی خۆمالی ناتوانێت کێبرکێ بەرهەم وکالأی بێگانە بکات، ئەمانە هۆکار بوون بۆ ئەوەی کلێگەکان بەکارنەهێنرێنو گوندنشینەکانیش ناچاربن ڕووبکەنە قەلأدزێ.

## ب-کۆچکردن لە پارێزگاکانی ترەوە بۆ شاری قەلأدزێ و بە پێچەوانەوە

ئەمەش بەجۆرێکی ترلەکۆچی ناوخۆیی دەژمێردرێت، کەلەپارێزگا جۆراوجۆرەکانەوە، بەهۆی چەند هۆکارێکی جیاوازەوە بەرەو سەنتەری شار کراوە، بە تێبینی کردن لە خشتەی ژمارە(١٠) پێشوو بۆمان دەردەکەوێت ژمارەی ئەو کەسانەی کە لەسالی (٢٠٠٢) لەپارێزگای سلێمانیەوە ڕوویان لە شاری قەلأدزێ کردوە نیشتەجێ بوون ڕێژەی (٣٨٪)ی دانیشتوانی شاریان پێك هێناوە، بەلأم ئەوانەی کە لە پارێزگاکانی ترەوە هاتوون و لەناو شار نیشتەجێ بوون ڕێژەی لە(٥٪)ی دانیشتوانی شاریان پێکهێناوە، سەبارەت بەسالی (٢٠٠٩) بەتێبینی کردن لە خشتەی ژمارە (١١) پێشوو بۆمان دەردەکەوێت ژمارەی ئەوانەی لەپارێزگای سلێمانیەوە ڕوویان لە شاری قەلأدزێ کردووەو نیشتەجێ بوون ڕێژەی زیاترلە (١٦٪)دانیشتوانی شاریان پێکهێناوە، بەلأم ئەوانەی کە لە پارێزگاکانی ترەوە هاتوون و ئاوارەی ناو شاری قەلأدزێ بوون ڕێژەی نزیکەی لە(٢١٪) یان پێکهێناوە.

---

[88] فواد حمه خورشيد، قضاء بشدر دراسة فی الجغرافية البشرية، المصدر السابق، ص١٥٦-١٦٠.

لێرەدا پێویستە تیشك بخەینە سەر ئەوەی دوای خاپورکردن و ڕاگواستنی تەواوی قەڵادزێ لە ساڵی(١٩٨٩)، ئەوانەی کەبەزۆرەملێ لەوشارە کۆچیان پێ کراوە بۆ پارێزگای سلێمانی و هەولێر و قەزای ڕانیە ڕێژەی(١٠٠٪)ی دانیشتوان بووە.هەرچەندە ئامارو داتایە لەبەر دەست نیە کە ئاماژە بەژمارەی ئەو کەسانە بکات کە گەڕاونەتەوە ناو شاری قەڵادزێ، بەڵام خەڵکی ئەم شارە لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١) و ئازادکردنی هەرێمی کوردستانی عێراق، لەساڵی (١٩٩٢) بەلێشاو لەئۆردوگاکانی(بازیان یەك، بازیان دوو، باینجانە)و لەپارێزگای سلێمانی و لەهەریەك لە ئۆردوگاکانی (جەدیدە، خەباتی نوێ، کەورگۆسك، دارەتوو، تۆبزاوا) لەپارێزگای هەولێر وە لەقەزای ڕانیەش لە ئۆردوگاکانی (حاجیاوا، ڕاپەڕین) نزیکەی (٩٠٪)ی خەڵکی ئەم شارە ڕوویان کردەوە شاری قەڵادزێ، ئەم جۆرە کۆچ کردنە جۆرێك بوو لەکۆچی ئارەزوومەندانە بەئامانجی گەڕانەوە بۆ زێدی باب وباپیرانیان ودووبارەئاوەدان کردنەوەی شارەکە[٨٩]

## دووەم : کۆچی دەرەکی

کۆچی دەرەکی یەکێکە لەڕووخسارە گرنگەکانی جوڵانەوەی دانیشتوان بەدرێژایی تێپەڕبوونی سەردەمەکان، وەئەم جۆرە کۆچ کردنە لە نێوان دەوڵەتەکاندا هەمیشە کات و ماوەیەکی زۆرتر دەخایەنێت وە بایەخێکی دیمۆگرافی زیاتری هەیە، بەبەراورد لەگەڵ کۆچی ناوخۆی[٩٠] وەگواستنەوەیەکی جوگرافیە کەسنووری سیاس وولات دەبەزێنێت بەمەبەستی مانەوەی هەمیشەیی یان کاتی، بەجۆرێك هەندێك جار کۆچ کردووەکان بۆ هەمیشە دەمێننەوە هەندێك جاریش دوای بەدەست هێنانی داهاتێك کە یارمەتیان دەدات لەئاستێکی بەرزی ژیان دابژین دەگەڕێنەوە بۆ نیشتیمان[٩١]. شاری قەڵادزێش

[٨٩] حکومەتی هەرێمی کوردستان، پارێزگای سلێمانی، قایمقامیەتی قەزای پشدەر، بەشی کارگێڕی.

[٩٠] واحد حمە ویس، الهجرة الخارجية واثرها في بناء الاسرة ووظائفها (دراسة ميدانية في مدينة السليمانية)، المصدر السابق، ص٩.

[٩١] بڕوانە: أ: نريمان دروش، دراسات فى جغرافية السكان، مركز الاسكندرية، القاهرة، ١٩٩٩، ص٤٣ .

John، Clarke، population geograph، op.cit، p14. : b

یەکێکە لەو شارانەی بەهۆی هەڵکەوتەی شوێنە جوگرافیەکەی لەناوچەیەکی سنووری دا لەگەڵ وولاتی ئێران، بۆیە دەکرێت کاریگەر بووبێت بەم جۆرە کۆچکردنە، بەجۆرێك کۆچی لێوەکراوە لەهەمان کاتدا کۆچیشی بۆکراوە، بەڵام بەهۆی کەمی ئامارو داتای پێویست لەسەر ئەم جۆرە کۆچکردنە ناتوانین بەشێوەیەکی وورد دەست نیشانی بکەین.تەنها ئەوەندە نەبێت بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی لەبەردەستمانە، بەتێبینی کردن لەم خشتەی خوارەوە بۆمان دەردەکەوێت ژمارەی ئەوانەی لەقەڵادزێ وە کۆچیان کردوە بۆ دەرەوە لەساڵی ٢٠٠٧ ڕێژەیان (٣٪) بوو، بەڵام ٢٠٠٨ دەبێتە لە (٣٪) وە لەساڵی ٢٠٠٩ بەرزدەبێتەوە بۆ لە (٤٪) بێگومان بەرزبوونەوەی ڕێژەکە دەگەڕێتەوە بۆگەشەی دانیشتوان و زیادبوونی پەیوەندیەکان وشوێنە سنووریەکەی ئەم شارە.

**خشتەی ژمارە (١٥)**

**کۆچ کردوەکانی شاری قەڵادزێ بۆ دەرەوە لەماوەی ساڵانی**

**(٢٠٠٧ – ٢٠٠٩) ٪**

| ساڵ | ژمارەی دانیشتوان | ژمارەی کۆچ کردوان بۆ دەرەوەی هەرێم (کەس) | ڕێژەی کۆچ کردوان بۆدەرەوەلەکۆی دانیشتوانی شار ٪ |
|---|---|---|---|
| ٢٠٠٧ | ٥٥٧٢٣ | ١٧٠٠ | ٣ |
| ٢٠٠٨ | ٥٨٢٨٦ | ١٩٠٠ | ٣،٢ |
| ٢٠٠٩ | ٦١٠٣٨ | ٢٣٥٠ | ٣،٨ |

**سەرچاوە/** ١-حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی ناوخۆی عێراق، لیوای ٣ سلێمانی، فەوجی (٥)ی قەڵادزێ پاسەوانی سنوور، بەشی زانیاریەکان، لیستی ناوی کۆچ کردوانی شاری قەڵادزێ بۆدەرەوەی وولات . ٢- پاشکۆی ژمارە(٥).

**پوختەی کۆچ :**

پوختەی کۆچ: بریتیە لەجیاوازی نێوان ئەوانەی ڕوویان کردۆتە ناوچەیەکی دیاری کراو و ژمارەی ئەوانەی لەوناوچەیەوە ڕۆیشتون لە ماوەو کاتێکی دیاریکراودا. ئەگەر هاتوو پوختەی کۆچ پۆزەتیف بوو ئەوە مانای وایە ئەم ناوچەیە ناوچەی ڕاکێشانی دانیشتوانە بە پێچەوانەوە ئەگەر نێگەتیڤ بوو ئەوا ناوچەی وەدەرنانی دانیشتوانە[٩٢].

بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایەی لای خوارەوە لەسەر شاری قەڵادزێ و بە سەرنج دان لە خشتەی ژمارە (١٦) بۆمان دەردەکەوێت کە شاری قەڵادزێ لە ماوەی (٢٠٠٧-٢٠٠٩) ناوچەیەکی ڕاکێشانی دانیشتوان بووە.

$$\text{تێکڕای پوختەی کۆچ} = \frac{\text{ژمارەی هاتوو} - \text{ژمارەی ڕۆیشتوو}}{\text{کۆی ژمارەی دانیشتوانی ناوچەکە}} \times ١٠٠$$ [٩٣]

---

[٩٢] ذنون یونس عبدالله العبیدی، نمو سکان مدینة الموصل للفترة (١٩٥٧- ١٩٩٥) أطروحة دکتوراة، کلیة التربیة، جامعة الموصل، الموصل، ١٩٩٨، ص١٧٣.

[٩٣] سالم علی الشواورة،محمود عبدالله الحبیس، جغرافیا السکان، مدخل الی علم السکان، المصدر السابق، ص٢٧٤.

**خشتەی ژمارە ( ١٦ )**

**پـوختەی کۆچ لە شاری قەڵادزێ بەگوێرەی ژمارەی هاتوو ڕۆیشتوولەماوەی ساڵانی( ٢٠٠٧-٢٠٠٩ )**

| ساڵ | ژمارەی دانیشتوان | ژمارەی هاتوو | ژمارەی ڕۆیشتوو | ڕێژەی پوختەی کۆچ٪ |
|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٧ | ٥٥٧٢٣ | ٢٧١١ | ١٧٠٠ | ٨،١ |
| ٢٠٠٨ | ٥٨٢٨٦ | ٤٣١٠ | ١٩٠٠ | ١،٤ |
| ٢٠٠٩ | ٦١٠٣٨ | ٥٢٠٠ | ٢٣٥٠ | ٦،٤ |

**سەرچاوە:**

١-حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی ناوخۆی عێراق، لیوای ٣سلێمانی، فەوجی(٥) قەڵادزێ، پاسەوانی سنوور، بەشی زانیاریەکان(لیستی ناوی ئەوانەی لە شاری قەڵادزێ وە کۆچیان کردووەو ئەوانەی بۆ قەڵادزێ هاتوون)

٢-پاشکۆی ژمارە(٥).

دوای ئەوەی پوختەی کۆچ مان لەڕێگەی ژمارەی هاتوو ڕۆیشتوەکان لەشاری قەڵادزێ دەست نیشانکرد، هەروەها دەتوانین پوختەی کۆچ لەتێکڕای ماوەی لێکۆڵینەوە لەڕێگەی جیاوازی نێوان ڕێژەی گەشەی ساڵانەی شارو ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی قەزا لەڕێگەی بەکارهێنانی ئەم هاوکێشەیە دیاری بکەین.

**پوختەی کۆچ = ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی شار- ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی قەزا**[٩٤]

---

[٩٤] خليل اسماعيل محمد، (دهوك- نينوى)دراسات في الخصائص الديموغرافية للسكان، من منشورات كردستان للدارسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٥، ص١١٠.

بەپێی ئەم هاوکێشەیە ڕێژەی پوختەی کۆچ لەشاری قەڵادزێ لەماوەی سالآنی(١٩٥٧-٢٠٠٩) گەیشتۆتە زیاترلە(٢٪) بڕوانە خشتەی ژمارە(١٧) پوختەی کۆچ لەماوەی سالآنی(١٩٥٧-١٩٦٥ )گەیشتۆتە لە(٠، ٩-٪)سالآنە، بەڵام لەماوەی سالآنی (١٩٦٥-١٩٧٧)ئەم ڕێژەیە بە شێوەیەکی بەرچاو بەرز دەبێتەوە بۆزیاترلە (٦٪) کە بەرزترین ڕێژەی ماوەی سالآنی لێکۆڵینەوەیە، ئەمەش بەڵگەیە بۆئەوەی کەشار ناوچەی ڕاکێشانی دانیشتوان بووە، لەماوەی سالآنی (١٩٧٧-١٩٨٧) ئەم ڕێژەیە دادەبەزێت بۆزیاترلە (-٣٪)کەنزمترین ڕێژەی ماوەی سالآنی لێکۆڵینەوەیە، واتا قەڵادزێ ناوچەی وەدەرنانی دانیشتوان بووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەلەو ماوەیەدا شاری قەڵادزێ ڕووبەڕووی مەترسیدارترین دیاردەی ڕاگواستن وترس وتۆقاندن بۆتەوە، هەروەها بەشێك لە خەڵکی ئەم شارە ئاوارەی ناوچە جیاجیاکانی تر بون.

**خشتەی ژمارە ( ١٧ )**

**پوختەی کۆچ لە شاری قەڵادزێ لەماوەی سالآنی ( ١٩٥٧- ٢٠٠٩ ) ٪**

| ماوە | ڕێژەی گەشەی سالآنەی شار | ڕێژەی گەشەی سالآنەی قەزا | ڕێژەی پوختەی کۆچ ٪ |
|---|---|---|---|
| ١٩٥٧- ١٩٦٥ | ١,٨ | ٢,٧ | ٠,٩ — |
| ١٩٦٥ — ١٩٧٧ | ٧,٥ | ١,٢ | ٦,٣ |
| ١٩٧٧- ١٩٨٧ | ٠,٥ | ٣,٩ | -٣,٤ |
| ١٩٨٧- ٢٠٠٢ | ٧,٧ | ١,٨ | ٥,٩ |
| ٢٠٠٢ — ٢٠٠٩ | ٤,٦ | ١,٥ | ٣,٦ |
| ١٩٥٧ -٢٠٠٩ | ٤,٤ | ٢,٢ | ٢,٢ |

**سەرچاوە:** بە پشت بەستن بە خشتەی ژمارە (٤) و پاشکۆی ژمارە (٢)

لەماوەی ساڵانی (١٩٨٧ – ٢٠٠٢) و (٢٠٠٢ – ٢٠٠٩) جارێکی تر پوختەی کۆچ بەرەو بەرزبوونەوە دەچێت بەبەراورد بەماوەی ساڵانی (١٩٧٧-١٩٨٧) بۆ هەریەکەیان یەك بەدوای یەك بۆ نزیکەی (٦٪)، (٤٪) هۆکاری ئەم بەرزبوونەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئاسایی بوونەوەی بارودۆخی سیاسی ناوچەکە و بوژانەوەی ئابووری و بازرگانی و ئاوەدانکردنەوەی شارەکەو هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هەرچی زیاتر خزمەتکردنی شارەکە لەڕووی خزمەتگوزاریە جۆراو جۆرەکان، هەروەها کرانەوەی چەندین کۆلێژ و فەرمانگەو دامودەزگای جۆراوجۆر و ئەنجامدانی چەند پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری لە شارەکەدا.

**شێوە ژمارە (٦)**

**پوختەی کۆچ لەشاری قەلادزێ لەماوەی ساڵانی (١٩٥٧–٢٠٠٩) ٪**




**سەرچاوە:** بەپشت بەستن بەخشتەی ژمارە (١٧)

لەکۆتایی ئەم باسەدا گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کەبڵێین: ڕێژەی گەشەی سروشتی دانیشتوان پاڵپشت بەهەریەك لەتۆمارەکانی لەدایکبوون و مردن لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٧-٢٠٠٩) بەرزبوونەوەو نزم بوونەوەیەکی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، بەجۆرێك نزمترین ڕێژە لەساڵی (١٩٧٧) بووە کە(١٣,٧) لەهەزارایە، وەبەرزترین ڕێژە لەساڵی (١٩٨٦) (٥٤,٦) بووە لەهەزارا، هەروەها بۆمان دەرکەوت کەتێکڕای گەشەی سروشتی دانیشتوان لەماوەیەدا گەیشتۆتە نزیکەی (٣١) لەهەزاردا، بێگومان بەرزی ئەم ڕێژەیە لەو ماوەیەدا دەگەڕێتەوە بۆ بەرزی ڕێژەی لە دایکبوون و کەمی ڕێژەی مردن، بەم شێوەیە گەشەی سروشتی بەو ڕێژە بەرزە وە کاریگەری کردۆتە سەر گەشەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە.

لەهەمان کاتدا کۆچکردنیش بەهەردووك جۆری ناوخۆیی و دەرەکی، بەتایبەتی کۆچ لەگوندەوە بۆشاروکۆچی زۆرەملێی گوندنشینەکانی قەزای پشدەر ڕۆڵێکی گرنگی لەگۆڕانی ڕەوتی دیمۆگرافی وبەرزبوونەوەو نزمبوونەوەی دانیشتوانی شاری قەڵادزێ دا گێڕاوە، بەتایبەتی لە ساڵانی حەفتاو هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، بەجۆرێك هۆکاری سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیو خزمەتگوزاری بوو بەهۆی کۆچکردنو وەکۆچ پێکردنو ڕاگواستنی چەندین خێزان بەرەو شاری قەڵادزێ، پاشان ڕاگواستنی تەواوی شارەکە لەساڵی (١٩٨٩) بەرەو پارێزگاکانی سلێمانیو هەولێرو قەزای ڕانیە، وەگەڕانەوەی ئەم ڕاگواستراوانە بەئارەزووی خۆیان بەرەو زێدی بابو باپیرانیان لەساڵی (١٩٩٢) پاش ئازادکردنی هەرێمی کوردستانی عێراق، هەروەها لەڕێگەی بەراووردکردنی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی شارو گەشەی ساڵانەی قەزای پشدەر بەگشتی بۆمان دەرکەوت کە پوختەی کۆچ لەزۆربەی زۆری کاتەکاندا لەبەرژەوەندی شاربووە، واتا شار ناوچەی ڕاکێشانی دانیشتوان بووە، ئەمەش ئاماژەیە بۆکۆچی گوندنشینەکان بەرەوشاری قەڵادزێ، وە لەسەرئاستی کۆچی دەرەکیش قەڵادزێ بەهۆی ناوچە سنووریەکەیەوە کاریگەر بووە بەم جۆرە کۆچکردنە، لەبەرئەوە لەماوەی نێوان ساڵانی(٢٠٠٧-٢٠٠٩) بۆمان دەرکەوت کەشاری قەڵادزێ ناوچەیەکی ڕاکێشانی دانیشتوان بووە.

## باسی سێیەم

## هۆکارەکانی گەشەی دانیشتوان

لێکۆڵینەوە لەگەشەکردنی دانیشتوانی شارەکان لەهەر ناوچەیەك کۆمەڵێك هۆکار کاریگەری هەیە لەسەری، بەڵام لەبەر جیاوازی کاریگەرێتی هۆکارەکان ناتوانرێ تەنها پشت بەیەك جۆرە هۆکار ببەسترێت بۆ دیاریکردنی گەشەی دانیشتوانی شارەکان، لەبەرئەوە شتێکی ئاسایی و سروشتیە کەوا گەشەکردنی دانیشتوانی شارەکان هاوشانی ڕەگەزەکانی گەشەی دانیشتوان وەك زیادبوونی سروشتی و کۆچ چەندین هۆکاری تری وەك سروشتی ومرۆیی لە پشتەوە بووبێت. بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵدەدەین کاریگەری هەریەك لە هۆکارە سروشتی و مرۆییەکان بەپێی گرنگی و ڕۆڵیان لە گەشەکردنی دانیشتوانی شاری قەڵادزێ ڕوون بکەینەوە.

### یەکەم: هۆکارە سروشتیەکان:

### ١- شوێنی جوگرافی :

هۆکارە سروشتیەکان بنەماو کۆڵەکەیەکی بنچینەیین بۆ گەشەکردن وپێشکەوتنی شارەکان، بەشێوەیەك بەهۆی شوێن و جێگەوە شارەکان گەشە دەکەن و پێش دەکەون،لە هەمان کاتدا شوێن و جێگەی شار خێرایی دەدات بەگەشەکردن وپێشکەوتنی کاروانی ژیانی شارنشینی[٩٥]. شوێنی جوگرافی لە ژیانی شارو هەرێمەکاندا بەگرنگترین هۆکاری سروشتی و کاریگەر دادەنرێ،

[٩٥] نشوان شكري عبدالله، التباين المكاني لنمو سكان مدن اقليم كردستان العراق (١٩٤٧-٢٠٠٧)، مجلة زانكو للعلوم الانسانية ، عدد (٢٢)، جامعة صلاح الدين، أربيل، ٢٠٠٤ ص٥٤.

چونکە کاریگەریتی لە نەخشەکێشانی شارو هەرێم دا هەیە[٩٦]، وە هەر لە کۆنەوە تائێستا شوێن دەورێکی گرنگو کاریگەری لەژیانی دانیشتوانی شاردا گێراوە لەڕووی ئابووریو کۆمەلایەتیو پێکهاتە مرۆییو گۆڕانکاریە دیمۆگرافیەکان، بەتایبەت لەڕووی قەبارەو گەشەی دانیشتوانو دابەشبوونە جوگرافیەکەی[٩٧]

سەبارەت بەشوێنی جوگرافی شاری قەلادزێ وکاریگەری لەبواری گەشەکردنی دانیشتوان و ئاوەدانی لە شارەکە وەك لەبەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە دا بە شێوەیەکی چڕو پڕ باس لە خەسڵەتەکانی شوێنی ئەم شارە کراوە، بەجۆرێك بەو ئاکامە گەیشتین کەوا شوێنی جوگرافی ناوچەی لێکۆڵینەوە خاوەن چەند خەسڵەت و تایبەتمەندیەکە لە چەندین لایەنەوە ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر شارەکە، بەتایبەت لە ڕوانگەی پێشکەوتن و ئاوەدانی و گەشەکردنی دانیشتوان لەوناوچەیەدا، بە شێوەیەك هەلکەوتەی شارەکە لەناوچەیەکی دەشتایی بە پیتی ناوچەی شاخاوی بەناوی دەشتی پشدەر (قەلادزێ) وە دەورەدانی بەچەندین زنجیرە شاخی سەخت و بەرز و دەوڵەمەندی بەسەرچاوەکانی باران و بەفرو ئاوی سەر زەوی و ژێر زەوی، هەروەها تێپەڕبوونی زێی بچووك و هەردووك چۆمی ئالاوەو چۆمە خڕکە بەباشوورو ناوەڕاست و ڕۆژئاوای شارەکە وە بوونی چەندین بیروکانی و کارێز لە شارەکەدا ،ئەمە لەلایەك و شیاوی پێکهاتەی جیۆلۆجی ناوچەکە بە شێوەیەك توانای لە خۆگرتنی ئاوی زۆری هەیە، لەهەمان کاتدا گونجاوی بارودۆخی ئاووهەواکەی کە لەجۆری ئاووهەوای نیمچە خولگەیی کیشوەریە وە بارانەکەشی لەژێر سیستەمی بارانی دەریای ناوەڕاستە لەلایەکی ترەوە، بێگومان هەموو ئەو خەسڵەتە سروشتیانەی شاری قەلادزێ هۆکارو یارمەتی دەربوون لەکاریگەری کردنە سەرگەشەکردنی کشتوکاڵ وئابووری وبازرگانی و ڕاکێشانی دانیشتوان و چڕبوونەوە و گەشەکردنی دانیشتوان لە شارەکەدا.

---

[٩٦] تاهیر حەسۆ زێباری، ئاقارەکانی شارنشینی لەشاری هەولێر، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە(١٦) ساڵی سێیەم، هەولێر٢٠٠٠، ل٣٠٠.

[٩٧] خليل اسماعيل محمد، منطقة التخصر الحدودية بين العراق و ايران دراسات في أثر الموقع على التركيب القومي للسكان، المصدر السابق، ص٤٨.

یەكێك لە تایبەتمەندیەكانی تر كە زیاتر بۆتە هۆی دەركەوتنی بایەخ و گرنگی شوێنی جوگرافی شاری قەڵادزێ و ڕۆڵی لە گەشەكردنی دانیشتوانی شارەكە ئەوەیە كە شوێنی ئەم شارە لە نێوان دوو ناوچەی لە یەكتری جیاوازی شاخاوی و دەشتایەكان بۆتە هۆی بە ستنەوەی ئەم دوو ناوچەیە بە یەكترەوە، لە هەمان كاتیشدا بۆتە بازاڕێكی نمونەیی بووەبۆ ساغكردنەوەی كەلوپەل و كاڵا جۆراو جۆرەكانی نێوان ئەم دوو ناوچەیە ،ئەمەش هۆكارێك بووە بۆئەوەی ئەم شارە دانیشتوان بۆ لای خۆی ڕابكێشێت، هەروەها بەستنەوەی بەهۆی تۆڕێكی فراوانی ڕێگاوبان لەگەڵ گوند و شارو شارۆچكەكانی ناوخۆ و دەرەوەی قەزای پشدەر بۆتە هۆی ڕاكێشان و كۆچی گوندنشینەكان بەرەو شاری قەڵادزێ . لەهەمان كاتیشدا بەستنەوەی بە شارەكانی هەرێم وەهەڵكەوتەی شارەكە لە ناوچەیەكی نزیك سنوری عێراق و ئێران و تێپەڕبوونی ڕێگای نێودەوڵەتی بەرەو وولاتی ئێران بەو شارەدا یارمەتیدەر بووە بۆ ئەوەی ببێتە ناوچەیەك بۆكێش كردنی دانیشتوان وبازاڕێك بۆساغ كرددنەوەی كەل وپەلی وولاتانی بێگانە،وەئالۆ گۆڕكردنی بازرگانی وئابووری، بێگومان هەموو ئەمانە كاریگەریان كردۆتە سەر گەشەكردنی دانیشتوان لە شارەكەدا، بەلاَم پێویستە بیرمان نەچێت كە شوێنی جوگرافی ئەم شارە لەهەندێك قۆناغ دا كاردانەوەیەكی خراپی لەسەر ئاڕاستەی گەسەی دانیشتوانی شارەكە دروست كردووە، بەشێوەیەك قەڵادزێ لەماوەی ساڵانی حەفتاو هەشتاكانی سەدەی ڕابردوو بەتایبەتی لەماوەی ساڵانی (١٩٨٠-١٩٨٨) شەڕی (عێراق–ئێران) وەك باسی یەكەمی ئەم بەشە لە قۆناغەكانی گەشەی دانیشتوان ئاماژەمان پێ دا، بەهۆی كاریگەری شوێنە سنووریەكەیەوە بوو كە ئەم شارە زیاتر لەهەندێك شاری تری كوردستان كەوتە بەر پڕشكی ئەم جەنگە، كە لەئەنجام دا بارووددۆخێكی نائارام و نەخوازراوی لەشارەكەدا دروست كرد كەدواجار ڕەنگ دانەوەیەكی خراپی كردە سەر ئاڕاستەی گەشەی دانیشتوانی شارەكە، بەجۆرێك لەماوەی ساڵانی (١٩٧٧-١٩٨٧) ڕێژەی گەشەی دانیشتوانەكەی نزم دەبێتەوە بۆكەمترین ئاست كە (٠,٥ ٪) كەنزمترین ڕێژەی گەشەكردنی دانیشتوانی ناوچەی لێكۆڵینەوە بووە، بەدرێژایی ماوەی ساڵانی لێكۆڵینەوەكە.

**دووەم: هۆکارە مرۆییــەکان:**

**١-هۆکاری مێژوویی:**

نیشتەجێ بوونی دانیشتوان لەسەر زەوی و گەشەکردنی دانیشتوان پەیوەندیان بەیەکترەوە هەیە، چونکە هەرچەندە ماوەی نیشتەجێ بوونی مرۆڤ لەناوچەیەك درێژتربێت ئەواهەلی گەشەکردنی دانیشتوان تیایدا زیاتر دەبێت[٩٨]. ژمارەی دانیشتوان گونجاوە لەگەڵ کۆنی نیشتەجێ بوونی مرۆڤایەتی، بەشێوەیەك هەرناوچەیەك مێژووی نیشتەجێ بوونی کۆن بێت ئەوا ژمارەو چڕی دانیشتوان تیایدا زیاترە، بەپێچەوانەوە ئەو ناوچانەی مێژوویەکی کورت و کەمیان هەیە ژمارەو چڕی دانیشتوانیان کەمترە[٩٩]. هۆکاری مێژوویی ڕۆڵێکی گرنگ وگەورەی لە گەشەسەندنی دانیشتوانی شاری قەلادزێ دا بینیوە، چونکە قەلادزێ هەر لەسەردەمە دێرینەکانی مێژوو ژیانی تێدابووەو ئاوەدان بووە و شوێنی نیشتەجێ بوونی مرۆڤەکان بووە، وەلەقۆناغە مێژوویەکان دا ناوی هاتووە، بۆنمونە لەمێژووی کۆندا لە کتێبی (مرشد الی مواطن الاثار و الحضارة) دەڵێت ئەو قەلاتەی کەدەکەوێتە ڕۆژئاوای شاری قەلادزێ پاشماوەی سەردەمی ئاشووریەکان و بگرە پێش ئەوانیش بووە[١٠٠]، هەروەها لەمێژووی ناوەڕاستیش ئەو ناوچەیە لەژێر فەرمانڕوایەتی ساسانیەکاندا بووە[١٠١]، کاتێکیش فتوحاتی ئیسلامی دەستی پێکرد قەلادزێ کەوتە ژێردەستی سوپای ئیسلام، سەبارەت بەمێژووی هاوچەرخیش لەدەوروبەری ساڵی(١٦٦٠ز) کەسایەتیەك لە قەلادزێ بەناوی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە توانیویەتی میرایەتی لەوناوچەیە دابمەزرێنێت وببێتە بەردی بناغەی میرنشینی بابان، پاشان سەردەمی عوسمانیەکان وهاتنی

---

[٩٨] نەجمەدین قادر مەحمود و سەلاحەددین حەسەن عەلی، گەشەسەندنی دانیشتوانی قەزای شارەزوور، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٩٣-١٩٤.

[٩٩] عباس فاضل السعدی، محافظة بغداد، دراسة فی جغرافية السكان ، مطبعة اطلس، القاهرة، ١٩٨٠ ، ص٧١.

[١٠٠] طه باقر و فؤاد سفر، المرشد الى مواطن الأثار والحضارة، مديرية الفنون والثقافة الشعبية، بغداد، ١٩٦٢، ص٣٦.

[١٠١] ابوبکر کەریم حمە، کورتەیەك لە مێژووی قەلادزێ، گۆڤاری قەلادزێ، ژمارە (١) پایزی ٢٠٠٥، لا ١٠-١١.

ئینگلیزەکان بۆئەو ناوچەیە دەست پێ دەکات[102] تادامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و گواستنەوەی داموو دەزگانی حکوومەت بۆئەو شارە. لەوسەردەمەشەوە تاکو ئێستا ئەو شارە لەگەڵ تێپەڕبوونی ڕەوتی ڕووداوە مێژوویەکاندا بەچەندین ڕووداووکارەسات وباروودۆخی سیاسی خراپ دا گوزەری کردوە وەك تۆپ بارانی ساڵی ١٩٧٤و ڕاگواستنی یەکجاری ئەم شارە لەساڵی ١٩٨٩، وەك لەباسەکانی پێشوودا باسمانکردن، کەواتا لێرەوە دەتوانین بڵێن شاری قەڵادزێ خاوەن مێژوویەکی کۆنە ،بێگومان کۆنی ئەم ناوچەیەش هۆکارێکی گرنگی کۆبوونەوەو گەشەکردنی دانیشتوانی شاری قەڵادزێ بووە.

**٢- هۆکاری دیمۆگرافی:**

سەبارەت بەفاکتەری دیمۆگرافی وەك لەباسی دووەمی ئەم بەشەدا ئاماژەمان پێداوە، بەو ئەنجامە گەیشتین کە گەشەی سروشتی دانیشتوان پاڵپشت بە هەردووك ڕەگەزی لەدایك بوونو مردن وکۆچ، بەتایبەتی کۆچی زۆرە ملێ گوندنشینەکان بۆ سەنتەری شار دوو هۆکاری سەرەکی گەشەی دانیشتوان بوون لە شارەکەدا. ئەگەر ئاماژەیەك بە تێکرای ڕێژەی لەدایك بوون بکەین لەشاری قەڵادزێ لە ماوەی نێوان(١٩٧٧–٢٠٠٩)دەبینین زیاتر لە(٣٢٪)بووە لە هەزاردا ساڵانە، ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە و کاریگەری هەبووە لەسەر گەشەی دانیشتوان. هەرچی دیاردەی مردنە لە تێکرای ماوەی(١٩٧٧-٢٠٠٩) لەشاری قەڵادزێ زیاتر لە(١)بووە لەهەزارا ساڵانە، ئەمەش ڕێژەیەکی نزمە بەبەراورد بەتێکرای لەدایك بوون، بێگومان ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە تێکرای گەشەی سروشتی دانیشتوان بەرز بێت ،ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر گەشەی دانیشتوانی شارەکە. سەبارەت بە کۆچیش لە ڕێگەی بەراووردکردنی ڕێژەی گەشەی شارو گەشەی ساڵانەی قەزا وەك لەبابەتی پوختەی کۆچ ئاماژەمان پێ دا بۆمان دەرکەوت لەتێکرای ماوەی لێکۆڵینەوەکەدا(١٩٥٧-٢٠٠٩) پوختەی کۆچ لەبەرژەوەندی شاری قەڵادزێ بووە بەڕێژەی زیاتر لە(٢٪)، هەروەها لەڕێگەی

---

[102] دارا خدر حەسەن، پشدەر لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووریە، لەسەرەتای سەدەی بیست دا تا ساڵی ١٩٥٨، چاپخانەی مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندن (ی. ن. ك) سلێمانی، ٢٠٠٣.

بەراووردکردنی ژمارەی هاتوو ڕۆیشتووی شارەکە جارێکیتر قەڵادزێ ناوچەی ڕاکێشانی دانیشتوان بووە.دەربارەی کۆچی گوندنشینەکانیش هەر لەبابەتی کۆچ بۆمان دەردەکەوێت کە زۆرترین کۆچی گوندنشینەکان کۆچی زۆرەملێ بووە، بەجۆرێك لە ماوەی (١٩٧٨- ١٩٨٩) (٣٤)گوندو(١٥١٢)خێزان بە زۆر کۆچیان پێ کراوە بۆ ناو شاری قەڵادزێ وئۆردوگای پیَماڵك ئەوەش دەرئەنجامی خراپی ڕەوشی ناوچەکە بووە بەتایبەت لە ماوەی ساڵانی حەفتاو هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو کەزۆرترین کۆچی زۆرە ملێی گوندنشینەکان بەرەوشار ڕوویداوە. لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کەفاکتەری دیمۆگرافی پاڵپشت بەهەریەك لەزیادبوونی سروشتی دانیشتوان وکۆچ کاریگەری بەرچاویان هەبووە لەگەشەکردنی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوەدا.

**٣-هۆکاری کارگێڕی :**

ئەم هۆکارەش یەکێکە لەو هۆکارەگرنگانەی کەکاردەکاتە سەر گەشەی دانیشتوان لەشارەکاندا، چونکە یەکەکارگێڕیەکان دەبنە سەنتەرێك بۆ کۆبوونەوەی دام و دەزگا دەوڵەتیەکان و خزمەتگوزاریە جۆراو جۆرەکان و چەندین جۆری جیاواز لەکاروبار، بێگومان ئاستی خزمەت گوزاری و کاروبارەکان جیاواز دەبێت بەگوێرەی پلەی کارگێڕی شارەکان بەجۆرێك سەنتەری پارێزگاکان لەڕووی کۆبوونەوەی دام‌و دەزگا دەوڵەتیەکان‌و خزمەتگوزاریەکان‌و کاروبارە جۆراوجۆرەکان بەپلەی یەکەم دێن، پاشان سەنتەری قەزاو دواتر ناحیەکان، لەبەرئەوە دانیشتوان بەپلەی یەکەم لە سەنتەری پارێزگاکاندا کۆدەبنەوە بە پلەی دووەم لە سەنتەری قەزاو دواتر لە ناحیەکان[١٠٣]. هەروەها لایەنی کارگێـڕی لەقۆنـاغە جیاجیاکانی شاردا ڕۆڵێکی بەرچاوی لەگەشەسەندن و پەرەسەندنیدا هەبووە، هەروەك چۆن بازرگانی و پیشەسازیو ڕۆشنبیری بەم کارە هەڵدەستن[١٠٤]. هەموو یەکەیەکی کارگێڕی شوێنێکی تایبەت بەخۆی هەیە لەڕەوتی ئەو

---

[١٠٣] عباس فاضل السعدی، محافظة بغداد، دراسة فی جغرافیة السکان، مطبعة ازهر، بغداد، ١٩٧٦، ص٦٤-٦٥.

[١٠٤] طاهر حەسۆ زێباری، ئەو هۆکارانەی کار دەکەنە سەر گەشەکردنی دانیشتوانی شاری هەولێر، گۆڤاری هەولێر، ژمارە(٨) ، ٢٠٠٠، ل٩٧.

پێکهاتە کارگێڕیەی کەلەو وولاتەدا پەیڕەو دەکرێت، لەوولاتی ئێمەش یەکە کارگێڕیەکان لە بچووکترین یەکەوە کە ناحیەیە دەست پێدەکات دواتر قەزا و پاشان پارێزگاو داوتریش پایتەخت.

لەڕووی کارگێڕیەوە شاری قەڵادزێ لەماوەی حوکمڕانی عوسمانیەکان بۆتە سەنتەری قەزای پشدەر کەپێشتر سەنتەری قەزاکە(مەرگە)بووە، هەروەك لە ساڵنامەی موسڵ دا هاتووە شاری قەڵادزێ لەساڵی(١٩٠٧-١٩١٢)[١٠٥] سەنتەری کارگێڕی قەزاکە بووە، لەو کاتەشەوە تا ئێستا هەر سەنتەری کارگێڕی قەزای پشدەرە، ئەمەش یارمەتی دا بۆ کۆبوونەوەی دام و دەزگا جۆراو جۆرەکان لەو شارەدا. کاریگەری ئەم فاکتەرەش لەسەر گەشەی دانیشتوانی شاری قەڵادزێ لەدوولایەنەوە دەردەکەوێت ، لەلایەکەوە بەهۆی کۆبوونەوە و چڕبوونەوەی دام و دەزگا کارگێڕی و خزمەتگوزاریە جۆراو جۆرەکان لەشاری قەڵادزێ، دانیشتوان بە مەبەستی سوود وەرگرتنی زۆرتر لەو خزمەتگوزاریانە تاکو بۆیان بکرێت هەوڵ دەدەن لەنزیك ئەو خزمەتگوزاریانە نیشتەجێ بن، لەلایەکی تریشەوە تاکو سەنتەرە کارگێڕیەکان پلەی کارگێڕیان بەرزتر بێت دام و دەزگا خزمەتگوزاریەکان بایەخ و گرنگیان زیاتر دەبێ و ڕێژەی گەشەی دانیشتوان و شارستانی تیایاندا زۆرتر دەبێت.لەبەرئەوەی شاری قەڵادزێ سەنتەری کارگێڕی قەزای پشدەرە بۆیە دانیشتوانەکەی گەشەی کردووە، بەشێوەیەك لە ماوەی نێوان ساڵانی(١٩٥٧ – ١٩٦٥) بەڕێژەی نزیکەی (٢٪) ساڵانە گەشەی کردووە.

وەك ئاشکرایە سەنتەری قەزاکان بە سەنتەری کارگێڕی و خوێندن وتەندروستی و بازرگانی و ڕێگاوبانی ناحیەکان و گشت ناوچە ئاوەدانیەکانی تری دەوروبەری دادەنرێت، هەر بۆیە دانیشتوانی ئەم ناوچانەی دەوروبەری شار بۆ هەڵسوڕاندی کاروباریان وسوود وەرگرتن لەو خزمەتگوزاریانە ڕوو لە شاری قەڵادزێ دەکەن، چونکە خزمەتگوزاری کارگێڕی بۆ سەرجەم ناحیەکان دابین دەکات[١٠٦]. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی شارەکە ناوچەیەك بێت بۆ کێشکردنی

---

[١٠٥] دارا تۆفیق کاکە ئەمین، ناوچەی پشدەر لە سەردەمی پاشایەتی دا لە ساڵی (١٩٢١–١٩٥٨) نامەی ماستەر، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠٠٩.

[١٠٦] عەبدوڵلا غەفور، ئەتنۆ - دیمۆگرافیای باشوری کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، لا٧٤.

دانیشتوان تاكو لەو پیشە كارگێڕیانەدا كاربكەن، وە ئەو خزمەتگوزاریە جۆراو جۆرانەی كە لەشاردا پێشكەش بەدانیشتوان دەكرێت بەراوورد بە دەوروبەرەكەی پاڵنەرێكی تری كۆبوونەوەی دانیشتوان بووە لەشارەكەدا،ئەمە وێڕای ئەوەی هەلیكاركردن تیایدا زیاترە بۆیەشاری قەڵادزێ لەزۆربەی كاتدا پاڵپشت بەفاكتەری كارگێڕی توانیویەتی دانیشتوان بۆلای خۆی ڕابكێشێت، ئەمەش كاریگەری پۆزەتیفی لەسەر گەشەكردنی دانیشتوانی شارەكە هەبووە.

**٤- هۆكاری سیاسی:**

فاكتەری سیاسی بەدانیەمۆی گۆڕانكاری هەلومەرجە مێژوویەكان دادەنرێت، بۆیە ناكرێت لەئاڵوگۆڕە مێژوویەكان و گواستنەوەی كۆمەڵگا لەقۆناغێكەوە بۆقۆناغێكی تر تێبگەین بەبێ لێكدانەوەی بارودۆخە سیاسیەكان بەشێوەیەكی بابەتیانە[١٠٧]. ئەم هۆكارە كاریگەریەكی ڕاستەوخۆی هەیە لەپرۆسەكانی گەشەكردن و جوڵانەوەو كۆچكردنی دانیشتوان و فراوانبوونی شارەكاندا. زۆر لە یاساو سیستەمەكانی وولاتانی تازە پێگەیشتوو بەوە جیادەكرێنەوە كە پەیڕەوی شێوازێكی دیكتاتۆری دەكەن، بەشێوەیەك گرنگی بە هەندێ شار دەدەن و هەندێك شاری تریش پشت گوێ دەخەن لەرێگەی ئەو سیاسەتەی كەپەیڕەوی دەكەن[١٠٨]، بێگومان ئەو بارودۆخە ناسروشتی و ئاڵۆزەی كە هەرێمی كوردستانی عێراق پیادا تێپەڕی دەورێكی دیارو بەرچاوی هەبوو لەكۆبوونەوەو جەنجاڵ بوونی دانیشتوان لە شارەكاندا، بەجۆرێك حكومەتی عێراق لەساڵی (١٩٦١) هەستا بەگرتنە بەری هەڵمەتێكی سەربازی بەرفراوان لە چوار چێوەی ناوچە كوردیەكان كەبوو بەهۆی لەناوبردن‌و ڕووخاندنی چەندین شارو شارۆچكەو گوندو كۆچكردنی دانیشتوانەكەی[١٠٩] بەردەوام بوونی هەوڵەكانی حكومەتی ناوەندی بۆلەناوبردن و

---

[١٠٧] هیوا ئەمین جەلال شوانی، شیكردنەوەیەكی جوگرافی بۆ گەشەی شارنشینی لە پارێزگای هە ولێر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٣.

[١٠٨] حسين اسماعيل على، النمو الحضرى في مدينة السليمانية دراسة في علم الاجتماع الحضرى، رسالة ماجستير، كلية العلوم الانسانية، جامعة السليمانية، السليمانية، ٢٠٠٦، ص٧١.

[١٠٩] نشوان شكرى عبدالله، التباين المكانى لنمو سكان مدن اقليم كردستان العراق (١٩٤٧ – ٢٠٠٧) ، المصدر السابق، ص٧١.

وێرانکردنی گوندەکان بەهۆی جەنگی کوردستانەوە، بوو بەهۆی کۆچکردنی ژمارەیەکی زۆر لەدانیشتوانی گوندنشینەکان بۆ سەنتەری شارەکان، هەروەها ڕاگواستنی ناوچە سنوریەکان بە تایبەتی لە دوای ڕێککەوتنامەی جەزائیر لە ساڵی (١٩٧٥)[١١٠].

شار قەڵادزێ بەو پێیە کە لەناوچەیەکی سنووری و شاخاوی ئاڵۆزدا هەڵکەوتووە، لەبەر ئەو خەسڵەتەی کە هەیبوە، لەبەرئەوە ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردووهاوشێوەی شارەکانی تری کوردستان پێگەی شۆڕش و ململانێی نێوان هێزەکانی پێشمەرگەو حکومەتی عێراق بووە، هەربۆیە ئەو ڕەوشە هەمیشە دانیشتوانی ئەو ناوچەیەی ناچارکردووە کەوا کۆچ بۆ شارو شارۆچکەکانی قەزاکە بکەن، چونکە حکومەتی عێراقی هەمیشە بەهێنانەوەی بیانووی پشتگیری گوندنشینەکان بۆ شۆڕش و پێشمەرگە لەلایەك ،هەروەها وەك پردێکی پەیوەندی لەنێوان هێزی پێشمەرگە و دانیشتوانی شارەکان لەقەڵەم دەدرێن لەلایەکی ترەوە، بۆیە لە پەلامارەکانی ئەو ناوچەیە بەردەوام بووە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە ناوچەی لێکۆڵینەوە هەر لەو کاتەوە وەك شوێنێك و سیاسی گرنگ دابنرێت هەم لەلایەن شۆڕش وهێزی پێشمەرگە هەم لەلایەن حکومەتی عێراق هەر لەبەر ئەو هۆیانە ناوچەکە بەدەگمەن ئۆقرەیەکی سیاسی و ئەمنی بەخۆیەوە بینیوە ،ئەمەش خۆی لە خۆی دا ڕەنگ دانەوەی هەبووە لەسەر گۆڕانی قەبارەی دانیشتوان و گەشەکردنی دانیشتوان لە شارەکەدا. لەهەمان کاتدا ئەم گەشەکردنە بەهۆی خراپی بارودۆخە سیاسیەکەوە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر بەرز بوونەوەو نزم بوونەوەی بەخۆیەوە بینیوە ،بەجۆرێك لە هەندێك ماوە زۆر بە خێرایی گەشەی کردووەو لە هەندێك ماوەی تردا گەشەکردنەکەی زۆر لاوازبووە.

بەتێبینی کردن لەخشتەی ژمارە(١٨)بۆمان دەردەکەوێت هۆکاری سیاسی ڕۆڵی گێراوە لە بەرزبوونەوەنزمبوونەوەی گەشەی دانیشتوانی شاری قەلادزێ،

---

[١١٠] خليل اسماعيل محمد، مؤشرات سياسة التعريب والتهجير في اقليم كردستان العراق، مطبعة جامعة صلاح الدين ، اربيل ، ٢٠٠١ ص٢٦.

چونکە لەماوەی سالآنی (١٩٧٧-١٩٨٩) تەواوی قەزای پشدەر ڕووبەڕووی ڕاگواستنێکی بەزۆرەملێی گوندنشینەکان بۆتەوە بەرو ئۆردوگا زۆرەملێکانی هەمان دەڤەری خۆی(پشدەر) هەروەها بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکانی سنووری پارێزگای سلێمانی و هەولێرو قەزای ڕانیە.

**خشتەی ژمارە( ١٨ )**

**ڕاگواستراوەکانی قەزای پشدەر بۆ پارێزگای سلێمانی و هەولێرو شاری قەلآدزێ لەماوەی سالآنی ١٩٧٧-١٩٨٩.**

| ناوی ناحیە | ژ.گوند | ژ. خێزان |
|---|---|---|
| ن: سەنتەر | ٥٩ | ١٢٩٨٤ |
| ن: ناودەشت | ٧٠ | ٦٩١٧ |
| ن: هێرۆ | ٣٦ | ١٤٤٤ |
| کۆی گشتی قەزا | ١٦٥ | ٢١٣٤٥ |
| ڕاگواستراوەکانی قەزا بۆ شاری قەلآدزێ | ٣٤ | ١٥١٢ |

Shorsh، M .Resool، Destruction of anation، op.cit، pp، 117-124.

بەشێوەیەك لە ماوەی سالآنی (١٩٧٧-١٩٨٩) (١٦٥) گوند و (٢١٣٤٥) خێزان لەتەواوی قەزای پشدەر ڕادەگوازرێن بەرەو ئۆردوگا زۆرەملێکانی پارێزگای سلێمانی و هەولێرو قەزای ڕانیە. سەبارەت بەو خێزانانەی کە بەرەو ناوشاری قەلآدزێ ڕادەگوازرێن وەك پێشتر لەبابەتی کۆچی ناوخۆیی کۆچ لەگوندەوە بۆ شار ئاماژەمان پێدا بۆمان دەرکەوت لەماوەی سالآنی (١٩٧٧-١٩٨٩) (٣٤)گوند و (١٥١٢) خێزان بەرەو شاری قەلآدزێ ڕاگواستران، بەم شێوەی لای

خوارەوە لەماوەی سالانی ١٩٧٨-١٩٧٩ (٢٤) گوندو (٣٨١) خێزان وە لەماوەی سالانی (١٩٨٠- ١٩٨٩) (١٠ )گوند و (٣٨١) خێزان ڕاگواستران. بێگومان ئەو ڕاگواستنە زۆرەملێیەی کە لەماوەی سالانی حەفتاکان ڕوویداوە کاریگەری کردۆتە سەربەرزبوونەوەی ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی شاری قەلادزێ بەڕێژەی (٧٪) هەروەك لە قۆناغەکانی گەشەی دانیشتوان باسمانکرد ڕێژەیەکی بەرزی تۆمارکردووە لەچاو سالانی تری ماوەی لێکۆلینەوەکە.

سەبارەت بەماوەی سالانی هەشتاکان بەتایبەت دوای هەلگیرسانی جەنگی هەشت سالەی نێوان حکومەتی عێراق و ئێران (١٩٨٠-١٩٨٨) پرۆسەی ڕاگواستن و کۆچ پێکردنی گوند نشینەکان بەم بیانووەوە قۆناغێکی مەترسی داری وەرگرت[١١١] بەجۆرێك (١٠)گوندو (١١٣١) خێزان بۆ ناوشاری قەلادزێ و ئۆردوگای پێمالك ڕاگواستران تاڕاگواستنی یەکجاری تەواوی قەزای پشدەر بەگوندو شارو شارۆچکەکانیەوە لەسالی (١٩٨٩) ئەنجام دراوە ،هەرچەندە زۆرترین ڕاگواستنی گوند نشینەکان لەماوەیەدابەرەو شاری قەلادزێ ڕوویدا، بەلام ئاراستەی گەشەی دانیشتوان لەشارەکەدا بەرەو کەمبوونەوە چوو بۆکەمترلە (١٪)، بێگومان ئەمەش ڕووی ڕاستی داتاکان پیشان نادات، چونکە نەتوانرەوە سەرژمێریەکی وورد وڕاستەقینە لەناوچەکەدا ئەنجام بدرێت، بەهۆی بەردەوامی پەشێوی و ئالۆزیەکانی شاری قەلادزێ و تەواوی قەزاکە، هەر بۆیە هەلەو کەم و کورتی لە داتاکاندا بەدی دەکرێت ئەگینا گەشەکردنەکە زۆر لەوە زیاتر بووە کە ئاماژەمان پێ دا. کەواتا لێرەوە دەکرێت بلێین فاکتەری سیاسی کاریگەری زۆری کردۆتە سەر بەرزبوونەوەو نزمبوونەوەی گەشەی دانیشتوان لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر بەتایبەت لەماوەی سالانی حەفتاو هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو.

**٥-هۆکاری گواستنەوە:**

گواستنەوەو گەیاندن بەیەکێك لەو هۆکارانە دادەنرێت کە دەبێتە هۆی زیادبوونی پەیوەندیو تێکەلاوبوونی لە نێوان شارو شوێنە جیاوازەکاندا،

---

[١١١] محمد عبدالله عمر اللهونی، التحلیل الجغرافی للاستیطان الریفی فی اقلیم کردستان، دراسة تطبیقیة لمحافظة اربیل ، مرکزکردستان للدراسات الاستراتیجیة السلیمانیة، ٢٠٠٥، ص٣٤.

وەیەکێکە لەو بوارانەی کە جوگرافیا گرنگی پێ دەدات لە پاڵ بەشەکانی تری وەك بیناسازی و پلان دانان و ئابووری و کۆمەڵایەتی[١١٢] تۆڕەکانی ڕێگاو بان لە گرنگترین ڕەگەزەکانی پلان سازی بنەڕەتی شار دادەنرێت گرنگی ئەم ڕەگەزە لەوەدا دەردەکەوێت کە ڕەگەزێکی خزمەتگوزاریە، چونکە شارەکان بەبێ جوڵانەوەی دانیشتوان و کەل و پەلەکانیان لە نێوان خۆیاندان نەگەشە دەکەن و نەپەرەدەستێنن وە لەگەڵ یەکتریشدا ئاوێتە نابن[١١٣]. سەبارەت بە بوونی پەیوەندیی نێوان ڕێگاوبانو ڕۆڵی لەگەشە سەندنی دانیشتواندا دەردەکەوێت کە پەیوەندی نێوانیان پەیوەندیەکی ئۆرگانیە، بەجۆرێك لە هەر جێگایەك چڕی دانیشتوان زۆربێ و ڕێگاو بانەکانیش چڕو پڕ دەبن، هەمەچەشنی و چڕو پڕی ڕێگاو بانەکانیش کاریگەری لەسەر ڕاکێشانی و جێگیربوونی دانیشتوان هەیە، بە تایبەت ئەو ناوچەو شارانەی کە لەلایەك ڕێگای نێودەوڵەتیان پیادا تێ پەڕ دەبێت، لەلایەکی تریشەوە بەهۆی چەندین ڕێگای ناوخۆیشەوە بەبەشە جیاجیاکانی تری ناوخۆی وڵاتەوە دەبەسترێتەوە دەبنە شوێنی کۆبوونەوەو گەشەکردنی دانیشتوان لە ناوچەکەدا[١١٤].

سەبارەت بەڕێگاکانی گواستنەوە لەشاری قەڵادزێ بۆمان دەردەکەوێ ئەم فاکتەرە کاریگەری هەبووە لەگەشەسەندنی دانیشتوانی شارەکەدا، بەجۆرێك ناوچەی لێکۆڵینەوە لەبەرئەوەی لەلایەك سەنتەری کارگێڕی قەزای پشدەرو، لەلایەکی تریشەوە هەڵکەوتەی شوێنە جوگرافیەکەی لە ناوچەیەکی نزیك سنوری عێراق و ئێران دا، هەربۆیە توانراوە بەهۆی کۆمەڵێك ڕێگاوە لەسەر ئاستی ناوخۆی و دەرەکی ببەسترێتەوە بە بەشە جیاجیاکانی ناوخۆو دەرەوەی

---

١١٢ صالح فليح حسن ، حركة النقل داخل المدن، مجلة الجمعية الجغرافية العراقية، المجلد الثانى عشر، مطبعة العانى، بغداد ، ١٩٨١، ص٩٩.

١١٣ طاهر حەسۆ زێباری، ئەو هۆکارانەی کاردەکەنە سەر گەشەکردنی دانیشتوانی هەولێر، سەرچاوەی پێشوو، لا١١-١٢.

١١٤ بڕوانە: ا- محمد السيد غلاب، محمد صبحى عبدالحكيم، السكان ديموغرافياو جغرافيا، مطبعة الانجلو المصرية، القاهرة، ١٩٧٨، ص٢٢٤. ب/خەبات عەبدوڵڵا، بنەما تیۆریەکانی جوگرافیای عەسکەری کوردستانی باشوور، سەرچاوەی پێشوو، لا٢٠٣-٢٠٤ .

هەرێمی کوردستانی عێراق. لەسەر ئاستی دەرەکی بەهۆی تێپەڕبوونی ڕێگای نێودەوڵەتی بەرەو وولاّتی ئێران بەو شارەدا کاریگەری کردۆتە سەر گەشەکردنی دیمۆگرافی و ئابووری و کۆمەلاّیەتی لە شارەکەدا.

ناوچەی لێکۆڵینەوە پاڵپشت بە ڕێگاکانی گواستنەوەی دەرەکی توانیویەتی چەندین چالاکی جۆراو جۆری وەك بازرگانی و گەشت و گوزاری و کۆمەلاّیەتی و ئابووری وجموجۆڵەکانی دانیشتوان لەگەڵ وولاّتی ئێران ئەنجام بدات، لەهەمان کاتدا ئەنجام دانی ئەو چالاکیانەش کاریگەریان کردۆتە سەر ڕاکێشان و گەشەکردنی دانیشتوان لە شارەکەدا. لەسەر ئاستی ناوخۆیش بەتێبینی کردن لە نەخشەی ژمارە(٤)بۆمان دەردەکەوێت کە ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ناوخۆی قەزاکە وەك خاڵێك و سەنتەرێك وایە بۆ کۆبوونەوەی هەموو ئەو ڕێگایانەی کە لە شارو شارۆچکەکانی ناوخۆی قەزای پشدەرەوە دەردەچن، بەجۆرێك شاری قەلاّدزێ بەهۆی ژمارەیەکی زۆر لەڕێگاوە بەستراوەتەوە بەهەریەك لەو شارانەی لای خوارەوە وەك (قەلاّدزێ-سەنگەسەر) کە درێژیەکەی (١٦)کم، ڕێگای(قەلاّدزێ-ژاراوە) درێژیەکەی (٦)کم، (قەلاّدزێ - هەڵشۆ) درێژیەکەی (١٥)کم،(قەلاّدزێ — ئیسێوە) (٢٣)کم ، (قەلاّدزێ -هێرۆ) (٢٢)کم،(خشتەی ژمارە(١٩)).ئەمەجگە لەوەی کەشاری قەلاّدزێ بەهۆی بەستنەوەی هەریەك لەو شارۆچکانەی قەزاکەوە توانیویەتی پەیوەندیەکانی بگەیێنێتە هەریەك لە گوندەکانی سەر بەو شارۆچکانە، ئەمەش یارمەتیەکی باشی داوە بۆکێش کردن وکۆچکردنی گوندنشینەکان بەرەو شاری قەلاّدزێ ونیشتەجێ بوونیان لەو شارەدا. بەسەرنج دان لەخشتەی ژمارە (٢٠) بۆمان دەردەکەوێت شاری قەلاّدزێ بەهۆی ژمارەیەك ڕێگای ترەوە بە چەند شارێکی تری دەرەوەی قەزای پشدەر و پایتەختی هەرێمی کوردستانی عێراق و وولاّتی ئێرانەوە دەبەسترێتەوە وەك بەستنەوەی شاری قەلاّدزێ بە شاری سلێمانی کە درێژیەکەی (١٦٢)کم، هەروەها قەلاّدزێ — هەولێر(١٤٦) کم، قەلاّدزێ-ڕانیە (٢٦) کم، قەلاّدزی بۆ سنووری ئێران (٥،٢٨)کم، کەواتا بە ستنەوەی شاری قەلاّدزێ بەو تۆڕە فراوانە لەگەڵ گوندو شارو شارۆچکەکانی ناوخۆی قەزاکە و چەند شارێکی تری دەرەوەی قەزای پشدەرو دەرەوەی هەرێمی کوردستان یارمەتی داوە بۆ زیاتر کرانەوەو تێکەلاّبوون

وبەهێزکردنی پەیوەندیە جۆراوجۆرەکانی لەگەڵ ناوچەو شاروشارۆچکەکانی دەوروبەری. ئەم کرانەوە وتێکەڵاوبوونەش کاریگەری کردۆتەڕاکێشان و گەشەسەندنی دانیشتوان لە شارەکە، بەڵام کاریگەری ئەم فاکتەرە لەسەر گەشەکردنی دانیشتوانی شارەکە لەدوای دووبارە ئاوەدانکردنەوەی شارەکە لە ساڵی(١٩٩٢) و هەوڵەکانی حکومەتی هەرێم بۆ هەرچی زووتر بەستنەوەی شاری قەڵادزێ بەهەموو گوندو شارو شارۆچکەکانی ناوخۆو دەرەوەی قەزاکەو فراوان کردنی ڕێگاکان بووبەهۆی گەشەکردنێکی بەرچاوی پەیوەندیە ناوخۆیی ودەرەکیەکانی ئەم شارە بەتایبەتی دوای ساڵی(٢٠٠٢) تۆڕەکانی گواستنەوە گەشەیەکی بەرچاویان کرد. ئەمەش بۆتەهۆی ئەوەی کە ئەم هۆکارەش هاوشانی هۆکارەکانی تر کاریگەری بکاتە سەر ڕاکێشان و گەشەی دانیشتوانی شاری قەڵادزێ لەماوەی(٢٠٠٢-٢٠٠٩)بەڕێژەی زیاتر لە (٤%).

## خشتەی ژمارە ( ١٩ )

## خشتەی ژمارە ( ٢٠ )

## ڕێگا سەرەکیەکانی نێوان شاری قەڵادزێ وشارۆچکەکانی قەزای پشدەر

## ڕێگا سەرەکیەکانی نێوان شاری قەڵادزێ و شارەکانی هەرێم و وولاتی ئێران

| ڕێگا | جۆرەکەی | درێژی ⁄ کم | | ڕێگا | جۆرەکەی | درێژی ⁄کم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| قەڵادزێ – سەنگەسەر | قیرتاو | ١٦ | | قەڵادزێ- سلێمانی | قیرتاو | ١٦٢ |
| قەڵادزێ – هێرۆ | قیرتاو | ٢٢ | | قەڵادزێ – هەولێر | قیرتاو | ١٤٦ |
| قەڵادزێ - ئیسێوە | قیرتاو | ٢٣ | | قەڵادزێ - ڕانیە | قیرتاو | ٢٦ |
| قەڵادزێ – هەڵشۆ | قیرتاو | ١٥ | | قەڵادزێ – کۆیە | قیرتاو | ٧٥ |
| قەڵادزێ – ژاراوە | قیرتاو | ٦ | | قەڵادزێ- سنووری ئێران | قیرتاو | ٢٨،٥ |

**سەرچاوە:** وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕێگاوبان و ئاوەدانکردنەوەی سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبانی ڕانیە، بەشی تەکنیکی.

## نەخشەی ژمارە (٤)
## نـەخـشەی ڕێـگا کـانی شـاری قـەڵادزێ




**سەرچاوە/**

**١/ حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، بەڕێوبەرایەتی نەخشەسازی سلێمانی، بنچینەی نەخشەی قەزای پشدەر، سلێمانی، ٢٠٠٨.**

**٢/ شادی حەمید محمد، ڕێگاکانی ئۆتۆمبیل لە پارێزگای سلێمانی، لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای گواستنەوە، نامەی ماستەر، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١١، لا٣٠ -٣٢، لا٢٠٦.**

### ٦- هۆكاری كۆمەڵایەتی:

شارەكان بەردەوام دانیشتوانیان زیاد دەكات لەسەر حیسابی دانیشتوانی لادێكان، ئەمەش دەرئەنجامی ئەو جیاوازیە زۆرەیە كە لەنێوان ژینگەی شارو لادێكاندا هەیە بەشێوەیەك لادێكان لەڕووی بارودۆخی نیشتەجێبوون و خزمەتگوزاریە جۆراو جۆرەكانی وەك تەندروستی وفێركردن و ڕێگاوبان و تادوایی بەراوورد بەشارەكان دواكەوتوون. دكتۆر(ریاض ابراهیم السعدی) ئاماژە بەوە دەكات كەبارودۆخی نیشتەجێ بوون زیاترلە(٥١٪)ی هۆكارە كۆمەڵایەتیەكان پێك دەهێنێ، لەكاریگەری كردنە سەر كۆچكردن لەلادێكانەوە بۆ شار، لە هەمان كاتدا نەبوونی سیاسەتێكی گونجاو بۆ چاككردن و پێشخستنی بارودۆخی لادێكان لەڕووی خزمەت گوزاریە جۆراوجۆرەكانەوە پاڵنەرێكی تری هێزی كۆچكردنی گوندنشینەكان بووبەرەو شارەكان، وەلەبەرامبەریش بەرزی ئاستی خزمەتگوزاریەكانی وەك تەندروستی و نیشتەجێ بوون و فێركردن و ڕێگاوبان هتد لەشارەكاندا[١١٥]. وەجیاوازی لە نێوان سیستەمی كۆمەڵایەتی شارو گوند ،بەجۆرێك لە گوندەكاندا چینە كۆمەڵایەتیەكان جیاوازیەكی زۆریان هەیە وەك بوونی (ئاغاو جووتیار) كە بەپێچەوانەوە لە شارەكان نابینرێ ،ئەم جیاوازیە چینایەتیەش لە گوندەكاندا بۆتە هۆی باڵادەستی چینێك و هەژاری و لاوازی چینێكی تر، بێگومان ئەمەش بۆتە هۆی دروست بوونی زوڵم و زۆری و ململانێ و ناكۆكی لەنێوانیاندا تاكو دواجار بۆتە هۆی كۆچكردنی خێزانێك یان چەند خێزانێك بەیەكەوە بەرەو شارەكان، هەروەها هەندێك جار كۆچكردنی سەرۆك عەشیرەت بۆ سەنتەری شارەكان بەهۆی كێشە كۆمەڵایەتیەكانەوە دەبێتە هۆی كۆچكردنی كۆمەڵێك كەسی تری سەر بە عەشیرەتەكەیان[١١٦].

شاری قەڵادزێ لەڕووی پێكهاتەی كۆمەڵایەتیەوە تاڕادەیەك تێكەڵاوە، بەجۆرێك چەندین چین وتوێژی كۆمەڵایەتی جیاجیا لە شارەكەدا نیشتەجێ بوون، كەپەیوەندی كۆمەڵایەتی و خزمایەتی لە نێوانیاندا دروست بووە. بەشێوەیەك

---

[١١٥] ریاض ابراهیم السعدی، الهجرة من الریف الی الحضر فی العراق، مجلة الجمعیة الجغرافیة العراقیة، المجلدالعاشر، مطبعة العانی بغداد، ١٩٧٨ص٢٤٥-٢٤٦.

[١١٦] شاكر خصباك، الاكراد، دراسة جغرافیة اثنوغرافیة، المصدر السابق، ص٢٦.

چەندین عەشیرەت و تیرە لە شارەکەدا بوونیان هەیە وەك عەشیرەتەکانی(میراودەلی ونورەدینی)لەگەڵ بوونی تیرەو هۆزەکانی(مەنگوڕ، بلّباس، مامەش، ئاکۆ، ڕەمەك، جان، جوامێری، خوار، هەمەوەند) دابەشبوونی جوگرافی ئەم عەشیرەتانە لەشارەکەدا بەهۆی زاڵبوونی داب ونەریتە کۆمەلایەتیەکانی وەك ئارەزووکردن بۆ کۆبوونەوە لەدەوری یەکتری[117]. دەبینین عەشیرەتەگەورەکانی وەك میراودەلی بە زۆری ئەکەونە گەڕەکەکانی(گربداغو شەهیدانو هەوارو گردەسپیان) هەرچی نورەدینیەکانن بەزۆری دەکەونە گەڕەکەکانی (ڕاپەڕین، ئاسۆس، ساوێن ومامەندەو، هەنارۆك)، بەلاّم هەمەوەندەکان دەکەونە گەڕەکەکانی (جووتکانیان، کارەبا، ئیمام قاسم) بەلام هەموئەو عەشیرەتانەی باسمانکردن بەسەرتەواوی گەڕەکەکانی تری شاردا بلاّو بوونەوەوەباقی هۆزو تیرەکانی تر بەسەر بەشە جیاجیاکانی شارەکەدادابەش دەبن[118]، بێگومان جیاوازی چینایەتی هۆکاربو بۆدەست بەسەر داگرتنی زەویە کشتوکالّیەکان و کێڵگە ئاژەڵیەکانی لادێکانی قەزای پشدەر، وسەندنی باج و سەرانە لەجووتیار بەتایبەت لەبەرهەمی گەنم و جۆو ئاژەڵ،وەکار پێ کردن بەجوتیارەکان بۆماوەی چەندین ڕۆژ بێ بەرامبەر بۆ بڕینی دارو کۆکردنەوەی ئالیکی ئاژەڵ و زۆر کاری تر،وە هەست کردنی جوتیار بەوەی کەرەنجێکی زۆردەدات،بەلاّم هیچ داهات و بژێویەکی نیە کە وەك مرۆڤ پێی بژیت تەنانەت زۆرجار ڕووبەڕووی مەرگ وبرسیەتی بوونەتەوە[119]، ئەو چەوسانەوەیە پاڵی زۆری بەگوندنشینەکانەوە نا کۆچ بکەن بۆ قەلاّدزێ.

## ٧- هۆکاری ئابووری:

زۆربەی ئەوانەی کەوا گرنگی بەکاروبارەکانی شار دەدەن، بڕوایان وایە گەشەسەندنی دانیشتوانی شار پشت بەچەندین جۆر لەو چالاکیە ئابوریانە دەبەستێ کەمرۆڤ ڕۆژانە ئەنجامی ئەدات، وە پشت بە شێوازەکانی بەرهەم هێنان

---

[117] مۆفەق میراودەلی ، پشدەر لە هەگبەی مێژوودا، چاپخانەی ڕوون، سلیمانی، ٢٠١٢، ل٦٥-٦٦.

[118] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ نوسەرو ڕۆشنبیر مامۆستا، مۆفەق حسن احمد، لە ڕێکەوتی ١٥/ ١١/ ٢٠١٢.

[119] فؤاد حمه خورشید، قضاء بشدر، دراسة فی الجغرافیة البشریة، المصدر السابق، ص١٦٨ -١٧٠.

وشێوەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیو شارستانیش دەبەستێ[120] لەشاری قەڵادزێش هۆکاری ئابووری هاوشانی هۆکارەکانی تر کاریگەری خۆی هەبووە لەگەشەکردنی دانیشتوانی شارەکەدا، هۆکارە ئابووریەکانیش بریتین لە:

**١-بازرگانی:**

چالاکی بازرگانی: لەو چالاکیە گرنگانەیە کە زۆربەی شارەکانی پێ جیادەکرێتەوە، بێگومان چالاکی بازرگانی پەیوەندی هەیە بەچەندین بنەماو هۆکاری کاریگەری وەك بەرزی و نزمی و شوێنی جوگرافی، بەجۆرێك هاندەرێکی بەهێزن بۆ گەشەکردنی سەنتەرە شارنشینەکان[121]. بەو پێیەی کە ناوچەی لێکۆڵینەوە لەناو جەرگەو دڵی دەشتێکی بە پیتی کشتوکاڵی ناوچەی شاخاوی دا هەڵکەوتووە، بە چەندین گوندی ناوچەی شاخاوی دەورەدراوە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە شاری قەڵادزێ ببێتە چەقی کۆبوونەوەی بەرهەمی دوو هەرێمی جوگرافی لە یەکتری جیاوازی شاخاوی و دەشتایەکان، لەهەمان کاتدا بازاڕێك بێت بۆ ساغ کردنەوەی بەرهەمی دوو جۆر ئابووری لە یەکتری جیاواز، ئەم دووانەش ئابووری شاخاوی بە ئاژەڵ و بەروبوومەکانی ئاژەڵ و دارو دارستان، ئابووری دەشتایی بە بەروبوومی کشتوکاڵی و کەل و پەلە دروستکراوەکانی، ئەمەش یارمەتی شارەکەی داوە کە ببێتە گرێیەك بۆ بەستنەوەی ڕێگا بازرگانیە سەرەکیەکان و لاوەکیەکانی نێوان شارەکان، هەروەها بەهۆی تێپەڕبوونی کۆمەڵێك بەروبوومی ناوچە لاوەکیەکان بۆتە هۆی دروست بوونی سەنتەرێکی بازرگانی لە شارەکەدا، ئەم حاڵەتەش پێی دەگوترێ شاری بازاڕەکان (مدن الاسواق). سەرەڕای ئەمەش ئەم ناوچەیە وەك ئەڵقەیەکی پەیوەندی کردنی ئابووری و بازرگانی و هاتووچۆکردن وابوو لەگەڵ بەشە جیاجیاکانی وەك گوندو شارو شارۆچکەکانی ناوخۆو دەرەوەی قەزای پشدەر، وە هەر لەڕێگەی ئەم شارەوە گشت خزمەتگوزاریەکانیش پێشکەش بە شارو ئەو ناوچە کشتوکاڵیە دەکرێت

---

[120] طاهر حەسۆ زێباری، ئەو هۆکارانەی کار دەکەنە سەر گەشەکردنی دانیشتوانی هەولێر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠-١١.

[121] بيان على حسين، التحليل الجغرافى لاتجاهات النمو الحضرى في محافظة السليمانية، المصدر السابق، ص١٢٢.

که دەوری شارەکەیان داوە[١٢٢]، لەهەمان کاتیشدا بەرهەم و کاڵا جۆراو جۆرەکانی پشدەرو دەشتی مەرگەو بیتوێن لە شێوەی توتن و ئاژەڵی زیندو گەنم و جۆ کە هاوسنوورن لەگەڵ قەڵادزێ دەگەیەنرێنە ناوچەکە، وەلەوێشەوە ئەگوازرێتەوە بۆ ناوچەکانی تر، بێگومان ئەمەش یارمەتی دەربووە کە شاری قەڵادزێ ببێتە بازارێك بۆ ساغ کردنەوەی بەرهەمەکانی ئەو ناوچانە وەهۆکارێك بووە کەجموجۆڵ و چالاکی بازرگانی و ئابووریەکان لە شارەکەدا گەشە بکات و پەرە بستێنێت، لەبەرئەوە هۆکاری بازرگانی هاوشانی هۆکارەکانی تر لەماوەی ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٠٩) خۆی لەخۆیدا هۆکارێك بووە بۆ ڕاکێشان و گەشەی دانیشتوان لەشارەکەدا بەڕێژەی زیاتر لە(٤٪)، ساڵانە ناوچەی لێکۆڵینەوە خاوەن خاسیەتێکی بازرگانی فراوانە لە سەر ئاستی ناوچەکەو هەرێم،ئەمەش بەهۆی ئەنجامدانی بازرگانی و ئاڵوگۆڕکردنی کاڵاکانی لەگەڵ وولاتی ئێران [١٢٣]، ئەم بازرگانی کردنە بە زۆری لەگەڵ شاری سەردەشت و ناوچەکانی دەوروبەری سەردەشت ئەنجام داوە، تەنانەت هەندێك جار درێژبۆتەوە بەرەو قوڵایی ئێران لەگەڵ شاری تاران،وە ئەم شارە توانیویەتی بەرهەمەکانی خۆی و وولاتی ئێران بگەیەنێتە هەریەك لە شارەکانی کۆیەو سلێمانی و ڕانیە و هەولێرو بگرە هەندێك جاریش بۆ ناوەڕاست و باشوری عێراقە وە بە پێچەوانەوە، بێگومان ئەم بارودۆخە لە شاری قەڵادزێ کاریگەری هەبوو لەسەر ڕێژەی گەشەی دانیشتوان، بەتایبەتی دوای ئازادکردنی هەرێمی کوردستانی عێراق لەساڵی ١٩٩١،چونکە ئارام بوونەوەی بارودۆخی سیاسی شارەکەو لەهەمانکاتدا دەوڵەمەندی ناوچەکە لە ڕووی ئابووریەوە لەگەڵ پاڵپشتی شوێنەجوگرافیەکەی یارمەتی دەربوون بۆ گەشەکردنی بازرگانی وئاڵوگۆڕکردنی زیاتر وەناساندن ودەرکەوتنی قەڵادزێ وەك شارێکی بازاری ئەمەش هاندەرێك بوو بۆ ڕاکێشان وکۆبوونەوەی دانیشتوان لە شارەکە دا وسەرقاڵبوونیان بەکاری بازرگانی کردن.

---

[١٢٢] خليل اسماعيل محمد ، اقليم كوردستان العراق، دراسات فى التكوين القومى للسكان، ط٣، مطبعة زانكو، اربيل ، ١٩٩٩، ص١٢٦.

[١٢٣] نشوان شكرى عبدالله، التباين المكانى لنمو سكان مدن اقليم كردستان العراق(١٩٤٧-٢٠٠٧)، المصدر السابق، ص٥٥-٥٦.

**ب-خزمەتگوزاری:**

چالاکیە خزمەتگوزاریەکان کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر کۆبوونەوەی دانیشتوانو گەشەکردنی شارنشینی لەشارەکاندا، بەجۆرێك کەرتی خزمەتگوزاری شوێنێکی دیاروئاشکرا داگیردەکات لەناو چالاکیە ئابوریەکانی شاردا، بێگومان کۆبوونەوەی دام و دەزگا دەوڵەتیە جۆراو جۆرەکان لە شاری قەڵادزێ و کارکردنی خەڵکانێکی زۆر لەو کەرتەدا کاریگەری کردۆتە سەر ڕاکێشانی دانیشتوان، بەتایبەتی لە گوندەکانەوە بەرەو شار بەئامانجی کارکردن لەو کەرتەدا و باشترکردنی ئاستی گوزەرانیان و دۆزینەوەی هەلی کارکردن و گۆڕانی ژیانی کۆمەڵایەتیان، هەروەها سیاسەتی دەوڵەت کاریگەری بەرچاوی هەیە لەڕاکێشانی دانیشتوان بۆ ناو شارەکان و زۆر بوونی ژمارەی دانیشتوانی سەنتەرە شارنشینیەکان، ئەمەش لە ڕێگەی دامەزراندنی ژمارەیەکی بەرچاو لە دانیشتوان وەك کارمەند لە فەرمانگەو دام و دەزگاکانی دەوڵەت، بێگومان ئەمانەش هۆکارێك بوون بۆ باشبوونی باری ئابووری و گوزەرانی دانیشتوان لە هەمان کاتدا هانی گوند نشینەکانی دا کە ڕوو بکەنە شارەکان.

وەك ئاشکرایە پلەی کۆبوونەوەی دام ودەزگا خزمەتگوزاریەکان دەگۆڕێت بەگوێرەی پلەی کارگێڕی سەنتەرە شارنشینیەکان[١٢٤]، شاری قەڵادزێ بەو پێیەی کە سەنتەری کارگێڕی قەزایە بۆتە هۆی کۆبوونەوەی ژمارەیەکی زۆر لە دەزگا جۆراو جۆرەکان تیایدا، هەرلە ساڵی(١٩١٢) کەدەبێتە سەنتەری قەزای پشدەر لەوکاتەوە بەتایبەتی لەدوای ساڵی(١٩٣٨) تا کۆتای حەفتاکان ئەم فەرمانگانەی تێدا دامەزرێت (قایمقامیەت و شارەوانی پۆستەو گەیاندن، کشتوکاڵ، ئاو، کارەبا، بەیتەری، کتێبخانە، تەندروستی، لقێکی بانکی بازرگانی میری) کەتاکە بانکی میری بووە لەعێراقد، زۆربەی زۆری ئەم فەرمانگانە لە ماوەی ساڵانی شەستەکان تا کۆتایی حەفتاکان دادەمەزرێت[١٢٥]،

---

[١٢٤] بيان على حسين، التحليل الجغرافى لاتجاهات النمو الحضرى فى محافظة السليمانية، المصدر السابق، ص١٢١.

[١٢٥] مۆفق میراودەلی، پێکهاتە هەرەمەکیەکەی شاری قەڵادزێ قەڵادزێی نوێ ، سەرچاوەی پێشوو، لا٦٦-٧.

بەم هۆیەوە ژمارەیەك لە خەڵك ڕوودەکەنە ئەم شارە بۆ کارکردن لەم دەزگا جۆراو جۆرانە، ئەمەش کاریگەری لەسەرگەشەکردنی دانیشتوانی شاری قەڵادزێ دروست کردوە،هەروەها لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١)و ئازادکردنی هەرێمی کوردستانی عێراق و کشانەوەی حکومەتی ناوەندی عێراقی لە شارەکانی هەرێم و دووبارە ئاوەدانکردنەوەی قەڵادزێ بوو بە هۆی ئەوەی کە گرنگیەکی زیاتر بدرێت بەو دام و دەزگایانەی کە لەماوەی ساڵانی پێش ڕاپەڕین دامەزرابوون هاوکات لەگەڵ ئەم گرنگی دانەش دا چەندین دام و دەزگای تری جۆراو جۆر لە شارەکەدا دامەزران وەك ( بەڕێوبەرایەتی پەروەردەو گواستنەوەو هاتووچۆکردن و تاپۆو ڕەگەزنامەو ئامارو سەرژمێری وخانەی داد و چەندین کۆلێژی جیاجیای سەر بەزانکۆی ڕاپەڕین و باج و گومرگ و ئاسایش و پاسەوانی سنوورو پاسپۆرت و پێدانی مانەوە).

هەروەها (٢٠) بنکەی تەندروستی لە شارەکەدا هەیە، کە ڕێـژە کەمترلە (١٪)ی دانیشتوانی قەڵادزێیان پێك دەهێناوە بۆ ساڵی ٢٠٠٩[١٢٦]، هەروەها زیاتر لە(٣٢) بنکەی پەروەردەی هەیە کەڕێژەی نزیکەی (٢٪)ی دانیشتوانی شارەکەیان پێك هێناوە[١٢٧]، هەروەها فەرمانبەرانی شارەوانی ڕێژەی کەمترلە (١٪)ی دانیشتوانی قەڵادزێیان پێك هێناوە بۆساڵی ٢٠٠٩[١٢٨] ئەمە جگە لەچەندین کارمەندی تر لەدەزگا جۆراو جۆرەکانی تردا. کەواتا کردنەوەی ئەم هەموو فەرمانگانە دەرگایەکی تری بەڕووی دانیشتوانی ناوچەکەدا کردەوە تاکو بێنە ناو شارو لەو دەزگایانەدا و لەکەرتی خزمەتگوزاریدا کاربکەن، بێگومان ئەمەش هاوشانی هۆکارەکانی تر ڕۆڵی خۆی هەبووە لەکاریگەری کردنە سەر

---

[١٢٦] حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕانیە، نەخۆشخانەی گشتی قەڵادزێ، بەشی کارگێڕی، لیستی ژمارەی کارمەندانی کەرتی تەندروستی لەشاری قەڵادزێ.

[١٢٧] حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی قەڵادزی، بەشی خۆیەتی، لیستی ژمارەی کارمەندانی کەرتی پەروەردە لەشاری قەڵادزێ

[١٢٨] حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی گەشت وگوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی قەڵادزێ، بەشی کارگێڕی، لیستی ژمارەی کارمەندانی شارەوانی لەشاری قەڵادزێ.

بەرزبوونەوەی ڕێژەی گەشەی دانیشتوان لەماوەی نێوان ساڵانی(٢٠٠٢–٢٠٠٩) شاری قەڵادزێ بەجۆرێك ڕێژەی گەشەی دانیشتوان گەیشتۆتە زیاتر لە(٤٪) ساڵانە.

لەکۆتای ئەم باسەدا گەیشتینە ئەو دەرئەنجامەی کە بڵێین شان بەشانی هەریەك لەزیاد بوونی سروشتی وکۆچ، چەندین فاکتەری تری وەك شوێنی جوگرافی ومێژوویی ودیمۆگرافی و کارگێڕی و سیاسی وکۆمەلایەتی وگواستنەوە و ئابووری کاریگەریان کردۆتە سەر گەشەکردنی دانیشتوانی شارەکە، چونکە ئەم شارە بەهۆی گرنگی شوێنە جوگرفیەکەی و ڕوودانی چەندین کارەسات و ڕووداوی سیاسی لەماوەی ساڵانی حەفتاو هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لەهەمان کات دا ڕوودانی گۆڕانکاری کارگێری و وەدەوڵەمەندی ئابووری ناوچەکەو وبەستنەوەی بەتۆڕێکی فراوانی گواستنەوە لەسەرئاستی ناوخۆیی ودەرەکی، هەروەها بوونی چەند داب ونەریتێکی کۆمەلایەتی جۆراوجۆر، هەموو ئەم فاکتەرانە بەدڵنیایەوە کاریگەری ورەنگ دانەوەیەکی ئاشکرایان لەسەرئاراستەی گەشەی دانیشتوانی شارەکە لەلایەك وە بەرزبوونەوە نزمبوونەوەی ئەم گەشەکردنە لەلایەکی ترەوە دروست کردووە.